کۆ وتار

# کورد و تورک

## لە ململانێی مێژووییەوە بۆ بەرژەوەندیی هاوبەش

ستیڤان شەمزینی

2013

ناوی کتێب: کورد و تورک
لە ململانێی مێژووییەوە بۆ بەرژەوەندیی هاوبەش
ناوی نوسەر: ستیڤان شەمزینی
شوێن و ساڵی چاپ: سلێمانی -2013
تیراژ:500 دانە
دیزاین: kurd 4 design
ژمارەی سپاردن (1049)ی ساڵی 2013
**لەسەر ئەرکی مەکتەبی رۆشنبیری و راگەیاندنی لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان چاپکراوە**

# ناوەڕۆک

___________


کورد و تورک

له ململانێی مێژووییەوە بۆ بەرژەوەندیی هاوبەش.... **7**

هەڵوێستە نوێیەکانی تورکیا و پێشهاتەکانی ئایندە.... **37**

کۆنفرانسی ئەبانت پلاتفۆرم

سەردەمێکی تازە لە پەیوەندیی کورد و تورک.... **57**

گرژیی نێوان تورکیا – کوردستان

بۆمبێک لە لێواری تەقینەوەدا..... **78**

تەنیا ئاشتی کێشەی کورد لە تورکیا چارەسەر دەکات.... **106**

بۆ چارەسەری کێشەی کورد

دەبێ تورکیا لەگەڵ کێ دانوستان بکات؟.... **128**

ئابووری

پردی پەیوەندیی نێوان کوردستان و تورکیا..... **135**

ئاپارتایدی کولتووریی لە باکووری کوردستان

ئاکەپە دیوی دووەمی کەمالیزمە..... **140**

پرسی تیرۆر لە نێوان پەکەکە و تورکیادا..... **144**

# پێشەکی

قسەکردن لەمەڕ پەیوەندیی کورد و تورک، کە مێژوویەکی پڕ هەڵبەز و دابەزیان پێکەوە هەیە، کارێکی ئاسان نییە، چوونکە ئەم پرسە یەکێکە لە ئاڵۆزترین پرسە سیاسییەکان کە قووڵاییەکی مێژوویی هەیە. مێژووی بەریەک کەوتنی کورد و تورک، لە چەند سەدەیەک تێپەڕیوە، ئەمەش وا دەکات بۆ تێگەیشتن لەم دۆزە، بگەڕێینەوە بۆ خوێندنەوەی مێژوو. ئاخر بێ هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی دیرۆک، هەموو قسەکردنێک لەم بارەوە، ناتوانێت هیچ بەهایەکی سیاسیی ئەوتۆی هەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دیقەتدان لەو دیمەنەی ئەمڕۆ لە پەیوەندیی نێوان ئەو دوو نەتەوەیەدا دەگوزەرێت، دیسانەوە کۆمەکێکی جیددیمان دەکات بۆ شرۆڤەکانمان کە ئاخۆ ئێستا کورد و تورک لە چ ئاستێکی پەیوەندیدان؟.

ئەم کۆ وتارە، کە گوزارشت لە قۆناغێکی دیاریکراو دەکەن بۆ خوێندنەوەی پەیوەندیی نێوان کورد و تورک، هەوڵێکی بچووک و خاکەڕایانەیە لە راستای لێتوێژینەوە لە پەیوەندیی سیاسیی و ئابووری کورد و تورک، بە تایبەت لەم پێڤاژۆیەدا کە لە ژێر

کـارتێکردنی ئـەو گۆڕانانـەی دوای جـەنگی سـارد و ئـەم چـەند ساڵەی دوایـی روویانـداوە، پەیوەنـدیی ئـەو دوو نەتەوەیـە گـۆڕانی جادوویی بەسەر هاتووە.

ئـەم نووسـینەی ئێمـە تـەنیا شـرۆڤەیەکە بـۆ خوێندنـەوەی ئـەو گۆڕانانـەی لـە پەیوەنـدیی ئـەو دوو نەتەوەیـە لـەم قۆناغـەدا گوزەریـان کـردووە و دەیکـەن. دەبێـت ئـەوەش بڵـێم میتـۆدی ئـەم نووسـینەی ئێمـە، بریتیـی نییـە لـە خوێندنـەوەی مێـژوو، بـەڵکو جۆرێکـە لـە توێژینـەوەی سیاسـیی، بـەڵام بـە دیـدێکی رۆژنامەنووسـییانە، چـوونکە تێکرای باسەکانی نـاو ئـەم کتێبـە بـۆ رۆژنامـە و گۆڤارەکـان نوسـراون و بڵاوکراونەتەوە.

لەلایـەکی تـرەوە دەمـەوێت ئـەوەش بڵـێم رەنگـە هەنـدێک پـارادۆکس و لێکـدژیی کـەم لـەنێو باسـەکانی ئـەم کتێبـەدا سـەرنجی خوێنـەر بـە لای خۆیـدا رابکێشـێت، بـەڵام لانیکـەم پێویسـتە خوێنـەر ئـەو فاکتـە بزانێـت، ئـەم کتێبـە یـەک لێکۆڵینـەوەی تـەنیا نییـە، بـەڵکو کـۆ وتارێکـە کـە هـەر یـەکێکیان زادەی خوێندنـەوەی قۆنـاغێکی سیاسـییە لـە پەیوەندیی و هەڵوێسـتی کـورد و تـورک. خـاڵی نـاوکۆیی و هاوبەشـی ئـەم کـۆ وتـارەش لـەوەدا دەبینرێتـەوە، هـەموویان پابەنـدن بـە خوێندنەوەی یـەک پـرس، ئـەو پرسـەش بـە پێـی قۆناغـە مێژووییـەکان گـۆڕانی بەسـەر هـاتووە، هەنـدێک جـار گۆڕانـەکان هێنـدە خێرابـوون،

ڕەنگــە شــــرۆڤەکارانی ڕامیاریشـــیان تووشــــی جۆرێـــک لـــە شـــۆک کردبێت.

ئـەوەی لای ئێمـە گرنگـە و دەبێـت خوێنـەران بیـزانن ئەوەیـە، هێشـتا پرسـی کـورد و تـورک، دۆزێکـی بەردەوامە. وەک وتیشـم تێـڕوانین و هەڵوێسـتی ئـەو دوو نەتەوەیـەش بەرانبـەر بـە یـەکتری گـۆڕانی خێـرا خێـرای بەسـەردا دێـت. لـەم سـۆنگەوە ئـەو نووسـراو و لێکۆڵینەوانـەی تایبەتن بەم مەسەلەوە، گرنگییەکی تایبەت بە خۆیان هەیە.

مـــن ویســـتم ئـــەم هەوڵـــە ســـادە و بچـــووکەی خـــۆم پێشکەشـــی کتێبخانـەی کـوردیی بکـەم، کـە بەداخـەوە هێشـتا کتێبخانـەی کـوردیی خاڵییـــە لـــەو کتێبانـــەی لـــە دیـــدێکی ڕۆژنامەوانییـــەوە پرســـەکە دەخوێننـەوە. ئـەوەی هەیـە تـەنیا نووسـینی مێژووییـە، هەرچـەندە لـە بـەهای نووسـراوە مێژوویـیەکان کـەم ناکەینـەوە، بـەڵام شـان بـە شـانی نووســـراوە مێژوویـیـەکان، ئـــەم جـــۆرە شـــرۆڤانە پێویســـتە، کـــە وەک هـەموو لایـەک دەزانـین، میتـۆدی شـرۆڤەی سیاسـیی و ڕۆژنامـەوانیی زۆر جیـاوازترە لـە میتـۆدی لێکۆڵینـەوەی مێـژوویی. لـە کۆتاییـدا تـەنیا دەتـوانم بڵـێم هیـوادارم ئـەم تەقەلایـەی مـن بتوانێـت جێگـەی خـۆی بگرێـت و سـوودی هـەبێت بـۆ خوێنـەرانی کـورد بـە تایبـەت ئەوانـەی گرنگیی بەم پرسە دەدەن کە ئەم کتێبە قسەی لە بارەوە دەکات.

هەواڵنامەی کتێب

# کورد و تورک

## لە ململانێی مێژووییەوە بۆ بەرژەوەندیی هاوبەش

بەم دواییانە جارێکی تر باس و خواسی دروستکردنەوەی پەیوەندیی دۆستانە لە نێوان کوردستان و تورکیا بووەتە سەردێڕ و مانشێتی زۆربەی رۆژنامەکانی تورکیا و کوردستان. ئەم پرسە بەشێکی زۆری توێژەران و پسپۆران و سیاسییەکانی سەرقاڵکردووە بەخۆیەوە، سەردانە چاوەڕوانکراوەکەی سەرۆك کۆماری تورکیا "عەبدوڵلا گویل" بۆ کوردستان "هەولێر"، خۆی لە خۆیدا مەسجێکی نوێ و جیاوازە و رەنگبێ بتوانین بێژین رووداوێکی گەورە و دانسقەیە لە مێژووی تازەی هەردوولادا.

ئەم پرسە لەلایەن ناوەندی سیاسیی و میدیایی کوردیشەوە بۆتە جێگەی مشتومڕ و لێکدانەوە، بەوەی ئاخۆ کاتی ئەوە هاتووەتە پێشەوە سەر لەنوێ کورد و تورکیا لاپەڕەیەکی نوێ لە مێژووی پەیوەندییە سیاسییەکانی خۆیان هەڵبدەنەوە؟، بە بێ شك دەمێکە کاتی هاتووە بەڵکو درەنگیشە کوردەکانی باشوور و تورکیا لەسەر پاراستنی بەرژەوەندیی باڵای هەردوولا پەیمانێکی سیاسیی و ئابووری هاوبەش ببەستن و کۆتایی بهێنن بەو مێژووە تاڵەی تەمەنێکی چەند سەدەیی بەڕێکردووە. لە ئاستی ناوخۆیش تورکەکان بانگەشەی ئەوە

دەکەن ئامادەن بەشێك لە مافە کولتوورییەکانی کورد بە فەرمیی بناسن.

لەو نێوەندەدا کردنەوەی کەناڵی "تەرەتە شەش" بە یەکێك لەو دەستپێشخەرییانە دادەنرێت دەوڵەتی تورکیا پێی هەستاوە بەئاقاری بەدیهێنانی مافی کولتووریی کوردان. بۆ خۆی کردنەوەی ئەم کەناڵە بە وەرچەرخانێکی مەزن دادەنرێت لە مێژووی هاوچەرخی ئەو دەوڵەتەدا، ئاخر ئەگەر دوور نەڕۆین هەر چەند ساڵێك پێش ئێستا "ئەحمەد کایا" لەسەر گۆرانی وتن بەزمانی کوردیی ناچاربوو رێگەی هەڵهاتن بگرێتەبەر و لە تاراوگەکەیدا سەر بنێتەوە. ئەم دۆخەی ئێستا تەنانەت لای خودی تورکەکانیش رووداوێکی دەگمەنە، بەڵام ئەمجارە تورکەکان نەك گۆرانی کوردیی بە مەترسیی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی دانانێن، بەڵکو کردنەوەی کەناڵێکی تەلەفزیۆنی کوردیی لە وڵاتەکەیاندا بە هەنگاوێك دەزانن خزمەت بە دەوڵەمەندکردنی کولتوورەکەیان دەکات.

ئەمەش لە زاری شالیاری کولتووری تورکیا "ئێرتورول گونای"یەوە گوزارشتی لێکراوە، وەختێك لە مەراسیمی کردنەوەی کەناڵی "تەرەتە کوردیی" وتی "من بیر لە ئەحمەد کایا دەکەمەوە لەسەر وتنی گۆرانییەکی کوردیی بۆ دەرەوە ئاوارەبوو، پاشان سەری نایەوە، ئەمڕۆش لە سایەی دیموکراسی و ئازادییمان بڕیاری کردنەوەی ئەم کەناڵەمان دا!، کە دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی کولتوورە جیاجیاکانمان کە هیچ مەترسییەکی نییە لەسەر وڵاتەکەمان،

هەورامان کتێب

بەپێچەوانەوە دەبێتە مایەی پێشکەوتنی ولاتەکەمان و بەهێزکردنی برایەتی نێوان تورك و کورد و هەموو پێکهاتەکانی تورکیا".

بەشێوەیەکی گشتیی جۆرێك لە ئامادەیی هەیە لەلایەن تورکەکانەوە بۆ پێشوازییکردن لە بە فەرمیی ناسینی برێك لە مافەکانی کورد، لەگەڵیدا بۆ مامەڵەکردنێکی ئاشتییانە و دۆستانە لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئەم نیازە تاچەند دەبێتە واقیع و تەرجومە دەبێت بۆ کردار، وەڵامەکەی لە هەگبەی رووداوەکانی چەند مانگی داهاتوودا چنگ دەکەوێت.

هەواڵنامەی کتێب

# کورد – تورك .. پێشینەیەکی مێژوویی تاڵ

---

هەر لەو کاتەوەی عوسمانییەکان لە سەدەی سیانزەیەمی زایینییەوە لە ناوچەکەدا باڵادەستبوون و ئیمپراتۆریایەکی مەزنیان لەسەر لاشەی هەڵاهەڵابووی خەلافەتی رووخاوی عەبباسی بنیاتنا، کێشەی کورد لەگەڵ تورکەکان دەستپێدەکات، چون لەو مێژووە بەدواوە تورکە موسڵمانەکان بە ناوی ئاینی ئیسلامەوە مافی کۆی نەتەوەکانی تری ژێر قەڵەمڕەوی دەسەڵاتیان پێشێل دەکەن، لە ناویاندا کوردیش ئەگەر بێبەشترین نەتەوە و گەل نەبووبێت، بەدڵنیاییەوە دۆخی لە باری هیچ گەلێکی دیکەی ژێر چەپۆکی خەلافەتی عوسمانیی باشتر نەبووە.

دروست هەر دوایی کۆتایی هاتنی جەنگی چاڵدێران لە ساڵی 1514، کە لە ئاکامدا جۆرە رێککەوتنێکی لە نێوان سەفەوییەکان و عوسمانییەکان هێنایە ئارا، کوردستان دوولەت کرا بەسەر هەردوو ئیمپراتۆریای سەفەویی و عوسمانییدا. لەوساوە زۆرینەی کوردەکان کەوتنە ژێر حوکمی بێڕەحمانەی تورکەوە. لە ماوەی زیاتر لە حەوت سەدەی تەمەنی ئەو ئیمپراتۆریایە کوردەکان نەیانتوانی لە هیچ مافێکی خۆیان بەهرەمەند بن، هەروا نەیانتوانیوە هیچ دەسەڵاتێکی خۆماڵی دروستبکەن لەسەر خاکی وڵاتەکەیاندا، تەنیا دروستکردنی چەند میرنشینێك نەبێت، کە هەموویان ناوچەیی بوون نەك سەرتاسەریی، خێڵەکی بوون نەك گەلیی یان نەتەوەیی، بەڵام هێشتاش

عوسمانییەکان زۆر دڵڕەقانە بەگژ ئەو میرنشینانەدا چوونەتەوە و لەناویان بردوون.

لێرەدا پێویست ناکات گوڵبژێرێك لەو حکایەتە تراژیدیی و خەمناکانەی لەناوچوونی میر و میرنیشینە کوردییەکان وەبیر بهێنینەوە، هێندە نەبێت تورکەکان تەنانەت بە چەند میرنشینێکی بچووکی دژ بەیەکی گوێڕایەڵی خۆیشیان رازی نەبوون، چوونکە نەیانویستووە کوردەکان بێدار ببنەوە یان هیچ نەبێت وەرزی هەستانەوە نەتەوەییەکی دوابخەن، لەمەشدا سەرکەوتوو بوون، چون شۆڕشەکانی کورد لە کۆتا کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمەوە هاتنە سەرهەڵدان. لەوانەیە شۆڕشی "شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینانی" یەکەم شۆڕشی نەتەوەیی کوردیی بێت کە لە ساڵی 1880 سەریهەڵدا. عوسمانییەکان توندوتیژتر لە جاران لەو چەند ساڵەی دوایی سەدەی نۆزدە و چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم کەوتنە وێزەی کورد و دامرکاندنەوەی شۆڕش و راپەڕینەکانی گەلی کورد.

بە کورتی بە درێژایی تەمەنی دەسەڵاتی خەلافەتی عوسمانیی کوردەکان لەدوای ئەرمەنەکانەوە ستەملێکراوترین نەتەوە و گەلی ژێر قەڵەمڕەوی ئەو خەلافەتە بوون. لە تورکیای نوێی عەلمانیشدا کوردەکان چانسێکی زیاتر لەوەی پێشووتری دەسەڵاتی عوسمانییەکانیان نەبوو، ئەگەرچی تورکە ناسیۆنالیست و پرۆ ئەوروپاییەکان داوای رژێمێکی عەلمانی و دیموکراتی و پارلەمانییان دەکرد، ئەگەرچی لە سەرەتاوە خودی ئەتاتورك و هاوڕێکانی زۆر

بەڵێنیان بە سەرکردە رامیارییەکانی کورد دابوو، بەڵام ئەمجارە چەوساندنەوە و سەرکوتکردنی مافەکانی کورد خەستتر و دڵڕەقانەتر لەپێشان دەستپێکرد و ئایدۆلۆژیای نوێی دەوڵەتی تورکیای کۆماریی و عەلمانی "کەمالیزم"، هاشا و نکۆڵیکردن لە کورد و چەوساندنەوەی کوردی کردە بەشێك لە خۆی و کارنامەی دەوڵەتەکەی.

لە مبارەوە سەرەتا لە دەستوورەوە دەستیانپێکرد تادەگات بە هەموو کایەکانی تر. هەر لە سەرەتای پتەوبوونی دەسەلاتی "ئەتاتورك"ەوە هەڵمەتێکی فراوان دەستیپێکرد بۆ تورکاندنی هەموو نەتەوەکانی تر، کوردەکان ئەگەرچی لە رێگەی راپەڕین لە دوای راپەڕین و شۆڕش لە دوای شۆڕش، ویستیان بەر بگرن بەم رامیارییە شۆڤێنییەی تورکیا نوێ، بەڵام تورکەکان زۆر توند سەرکوتی شۆڕشەکانی کوردیان کرد و زۆربەی سەرکردەکانیشیان لە سێدارەدا، وەك لە سەرەتاوە سزای لە سێدارەدانیان سەپاند بەسەر "شێخ سەعیدی پیران" تادەگات بە"سەید رەزای دێرسیم" کە بەهەمان چارەنووس گەیشت، دیارە ئەم کۆتاییهێنانە بە شۆڕشەکانی کورد کاری هاسان و بێزەحمەت نەبوون بەڵکو دوای کارەساتی مرۆیی و رووداوی خوێناویی بووە.

دەستەی یەکەمی بەڕێوبەری حکوومەتی نوێی "تورکیا" لە ژێر سەرکردایەتی "مستەفا کەمال" بەردی بناغەی بیرۆکەیەکیان دانا، کە بریتی بوو لە هاشاکردن لە بوونی کورد لە وڵاتەکەیاندا و ناودێرکردنیان بە تورکی چیایی. بۆ وێنە وەزیری دادی تورکیا (مەحمود عیزەت بۆزکورت) دەیووت "هەرکەس رەچەڵەکێکی خاوێنی

توركیی نەبێت، لێرە تەنیا یەك مافی هەیە: مافی كۆیلەبوون". لەم راستایەدا زمانی كوردیی یاساغ كرا و چەندین رێوشوێنی توند گیرانە بەر بە مەبەستی داماڵینی كوردەكان لە هەستی نەتەوەیی و فەرهەنگی نەتەوەیی خۆیان، ئەم رێوشوێنانەش بێگومان لە رێگەی توندوتیژیی و بەكارهێنانی هێزەوە بوو نەك رێگەیەكی تر.

ئەم رەوشە هەر بەردەوام بوو هەتا كودەتاكەی ساڵی 1960 لەلایەن سوپاوە. كە ساڵی 1961 واتە ساڵێك پاش كودەتاكە ژەنراڵ "جەمال گۆرسیل" هاتە سەرحوكم، دیسان دەورەیەكی تری توندڕەویی و شۆڤێنیزمی تورك دەستیپێكردەوە و جارێكی تر رەوشی سیاسیی كوردان بەرەو خراپیی و ئاڵۆزیی زیاتر رۆیشت. سەرۆكی كودەتاچییەكان " ژەنراڵ گۆرسیل" كەوتەوە چاپكردنەوەی دووبارەی كتێبەكانی "شەریف فرات" كە دەكرێت كتێبەكانی نێوبراو بەئینجیلی تۆرانیزم و رەگەزپەرستی تورك ناوزەد بكەین. لە بڕگەیەكی یەكێك لە كتێبەكانیدا هاتووە "هەر كەسێك پێتبڵێ تۆ كوردی، تفێك لە دەموچاوی بكە". هەروەها خودی ژەنراڵ "گۆرسیل" ئەوەی راگەیاند "هیچ نەتەوەیەك لە توركیادا نییە خاوەن ناسنامەیەكی نەتەوەیی بێت و بە خۆی بڵێت كورد. كوردەكان هەر هاووڵاتی توركی نین، بەڵكو برای رەگەزیی توركەكانیشن".

لەوە زیاتریش رژێمەكەی گۆرسیل كەوتە وێزەی رۆشنبیرانی كورد چ لەناوەوە، چ لەدەرەوەی وڵات، هەندێكیانی بە مەرگ سزادا بە بیانووی بانگەشەكردن بۆ كۆمۆنیزم و هەوڵدان بۆ دروستكردنی وڵاتێك بە ناوی

كوردستان. لەو بارەوە "دێرك كینان" دەنووووسێت "لەكانوونی یەكەمی 1961دا چل و نۆ رۆشنبیری كورد درانە دادگا، بەڵام لە پاشان بە ئاگاداركردنەوە ئازادكران، هەروەها جارێكی تر ئەو كۆمەڵە رۆشنبیرە دەستگیركرانەوەو لەئایاری 1961 دووبارە لەئەنكەرا درانە دادگا. (راستییەكانی كورد) ئۆرگانی كۆمەڵەی ئینتەرناسیۆناڵی كوردستان، بڵاویكردۆتەوە كە لە ساڵی 1962دا بیست و شەش كەس لەو تاوانباركراوانە بە مەرگ سزا دراون".

ئەم رووداوەش كۆمەڵێك خۆپیشاندانی جەماوەریی بە دواداهات لە زۆربەی شارە كوردنشینەكانی باكووری كوردستان، كە لەلایەن ئەرتەشەوە بە گوللەبارانكردن و راوەدونان و زیندانیكردن وەڵامی پێدرایەوە. ئەم رەوشە هەر بەردەوام بوو تاكو جارێكی دیكە لە ساڵی 1980 كودەتایەكی تر روویداوە، بەڵام ئەم كودەتایەش هەروەك ئەوەی پێشوو تەكانێكی تری توورەیی تورك و چەوساندنەوە بوو بۆ كورد، تائەوەی كوردەكان ناچاربوون لە رێگەی چالاكیی سەربازییەوە داكۆكیی لە خۆیان بكەن. لێرەوە ئیدی پارتی كرێكارانی كوردستان بووە نوێنەری ئەو خەباتە چەكدارییە.

"مەنال لوتفی" لەو رووەوە نوسیوویەتی "پاش كودەتاكەی كەنعان ئیڤرین، تەنیا لە مانگی ئەیلوولی ساڵی 1980 زیاتر لە4000 گوندی كوردستان راگوێزران. لەو كاتەدا مەهدی زانا كە سەرۆكی شارەوانی دیاربەكر و سەركردەیەكی كورد بوو، خرایە زیندانەوە و 15 ساڵ تیایدا مایەوە.". لە كودەتای ساڵی هەشتای رابردووەوە تا بە ئێستا

دەگات ماف کوردەکان هەر پێشێل دەکرێت و سیاسەتی تورکاندن و راگواستن و لەناوبردن و دژایەتیکردنی کورد لە ئەولەویەتی دەوڵەتی تورکیادا بووە.
بەم شێوە ترسناکە تورکەکان لەم دەورەیە بە دواوە پەلاماری کورد دەدەن و ناهێڵن لە بچووکترین دەستکەوتی نەتەوەیی نزیك بکەوێتەوە، تا ئەو ئاستەی دەنگی نارەزایی و هاواری ئەو گەلەشیان لە قورگیاندا تاساندووە و نایانەوێت دەنگی بە هیچ کوێیەکی ئەم دنیایە بگات، بۆیەکا ئەگەر کەسێکی تورکی وەك "ئیسماعیل بێشکچی" پەیدا بێت و راستییەکان وەك ئەوەی هەیە بگوازێتەوە و بیکاتە بابەتی توێژینەوەی زانستیی و ئەکادیمیی، ئەوە دەرگای زیندانەکانی تورك هەردەم بۆ ئەم مرۆڤانە لەسەر گازەرای پشت بووە.
خولاسەی کەلام ئەوەیە ئەگەرچی رەنگبێ بە بەراورد بە پێشان ستەمکاریی تورك کەم بووبێتەوە یان بەو قەبارەی جاران نەمابێتەوە، بەڵام هێشتا لە سووکایەتیکردن بەکورد و خودی هەستی نەتەوەیی کورد و رێگریکردن لە گەشەسەندنی سیاسیی و فەرهەنگی کورد رانەوەستاون، بە پێچەوانەوە ئەمجارە دەخوازن وێنەیەکی ناشرینی کورد لە زەینی جیهانی دەرەوەدا دروستبکەن جا لە رێگەی رامیارییەوە بێت یان هونەر، لە رێی رۆمانەوە بووبێت یان قسەی هەڵبەستراو و پرووپووچی هێندێك رۆژنامە و بڵاوکراوەی تورکیی.
هەروەك "مەنال لوتفی" لەکتێبەکەیدا "تورکیا لە ئەتاتورکەوە بۆ ئەردۆگان" دەڵێت "95٪ دانیشتووانی دیاربەکر کوردن و ئەوی دیکەی

عەرەبە و بە دەگمەن تورک دەبینی. کوردەکان گلەیی ئەوە دەکەن لە زنجیرە درامایییەکانی تورکیادا کورد لە شێوەی لادێییەکی دواکەوتوو پیشان دەدرێت. هەندێك تورك بە کوردەکان دەڵێن دز و تیرۆریست".

ئەمە بەڵگەیەکە لەمەڕ ئەوەی لەو چرکەساتەی تورك داوای گفتوگۆ دەکات و دەستی دۆستایەتی بۆ تەوقە و ئاشتبوونەوە درێژدەکات، هێشتا سوورە لەسەر ئەوەی کوردەکان تورکی چیاین و گەلێکی شارستانی و مودێرن نین، جیا لەوەی هەر رۆژەی شێوازێکی نوێ لە بەرتەسککردنەوەی مافەکانی کورد دادەهێنن.

هەواڵنامەی کتێب



# گۆڕان لە سیاسەتی تورکیا

------------------------------

لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا هەڵوێستە رامیارییەکانی دەوڵەتی تورکیا لەمەڕ دۆزی کورد بە گشتیی و دەسەلاتی خۆماڵی کوردیی لە باشووری کوردستاندا بە تایبەت گۆڕانکاریی بەسەر هاتووە، کە هەر گۆڕانێکیان بەرئەنجامی قۆناغێکی سیاسیی دیاریکراو بوون، بە مانایەکی تر رامیاریی تورکەکان لەگەڵ کوردەکاندا هەر قۆناغە و شەقڵێکی جیاوازی وەرگرتووە و دەمێك بەرەو گرژیی و توندیی، دەمێکی تر بەرەو خاوبوونەوە و لە یەکتر نزیکبوونەوە رۆیشتووە. ئەم هەڵبەز و دابەزەش لە رامیاریی دەوڵەتی تورکیادا بەستراوەتەوە بە بەرژەوەندیی گشتیی ئەو وڵاتە و ئەو بارودۆخە سیاسیی و ئابوورییانەی ئەو دەوڵەتەی پێدا تێپەڕیوە.

بۆ وێنە، بۆ هێنانەدی خەونی بوونە ئەندامی یەکێتی ئەورووپا، تورکیا بە ناچاریی ملیداوە بە چەند چاکسازییەك لە ناوخۆی وڵاتدا، ئەمەش کەم تازۆر پریشکی بەر کوردان کەوتووە و بووەتە هۆیەك بۆ پەرەسەندن و پێشکەوتنی زیاتری ماف و دۆزی کورد. هەنووکە دیسان دەوڵەتی تورکیا جۆرێك لە ئامادەیی خۆی دەربڕیوە بۆ چاکسازییکردن لە رەوشی مافەکانی نەتەوەی کورددا لە وڵاتەکەیدا، لەوانەیە کردنەوەی کەناڵی "TRT6" بە یەکێك لەو هەنگاوە کردەییانە

بژمێردرێت کە حکوومەتی تورکیا لە راستای مافە کولتوورییەکانی کورددا پێی هەڵدەستێت.

ئەمە لەلایەك و لەلایەکی دیکەشەوە هەندێك لە کاربەدەستانی سیاسیی تەنانەت سەربازیی و ئەمنی تورك بەو باوەڕە گەیشتوون رێگەچارەیەکی ئاشتییانە بۆ کێشەی کورد لە ناوخۆی وڵاتەکەدا بدۆزرێتەوە و کۆتایی بهێنرێت بە توندوتیژیی و لەگەڵیدا گووتاری سیاسیی و راگەیاندنی خۆیان لە موخاتەبەکردنی ئەزموونی سیاسیی کوردەکانی ئێراق بگۆڕن. لەمبارەوە "سوتمەز کۆکاڵ" سەرۆکی پێشووی دەزگای هەواڵگریی تورکیا "میت" لەمیانەی راپۆرتێکیدا کە لە"سی ئێن ئێن تورك"دا ئاماژەی بۆ کراوە، دەنووسێت "پێویستە پەیوەندیی تورکیا لەگەڵ دەسەڵاتی باکووری ئێراق لە رووی ئابووری و کولتووریی و کۆمەڵایەتی و بواری دیکەدا زیاتر پەرەی پێبدرێت، دەبێت بە خێراترین ماوە لە هەولێر قونسوڵخانەی تورکیا بکرێنەوە، ئەو زمانە زبرەی بەرامبەر بەرپرسانی دەسەڵاتی باکووری ئێراق بەکاردەهێنرا نەمێنێت".

ئەمە و چەندین دەنگی دیکە لە ناوەوە و دەرەوەی دەوڵەتی تورکیا دەبیستین کە خوازیاری هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێن لە پەیوەندیی لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان. ئەم جۆرە لێدوان و بانگەشانە کاردانەوەی لەسەر لایەنی کوردیی هەبووە و بەشێکی زۆری لایەنە سیاسییەکانی کورد لە سەروو هەموویانەوە دوو پارتە سەرەکییەکەی کوردستان پێشوازیی زۆریان لێکردووە و بە هەنگاوێکی دڵخۆشکەرانە

وەسفی دەکەن کە ئەمە دیاردەیەکی رامیاریی نوێیە لە مێژووی هاوچەرخی دەوڵەتی تورکیادا. چوونکە ئەوە یەکەمین جارە خودی تورکەکان هەم خوازیاری چارەسەرکردنی کێشەی کورد بن لە ناوخۆدا و هەم ئارەزووی ئەوە بکەن پەیوەندیی خۆیان لەگەڵ دەسەڵاتی باشووری کوردستان پتەو و چاك بکەنەوە.

ئازاد جندیانی بەرپرسی راگەیاندنی یەکێتی، لە سەرووتاری رۆژی 29-12-2008 رۆژنامەی "کوردستانی نوێ"ی زمانحاڵی حزبەکەیدا دەنووسێت "هیچ رۆژگارێك وەك ئێستا مەسەلەی کورد لە تورکیا لە چارەسەرێکی دیموکراسییانە نزیك نەبووەتەوە. ئەگەر تادوێنێ لە هەموو ناوەندە رەسمی و حزبییەکان و لە بەشێکی زۆری ناوەندە نارەسمییەکانی تورکیادا قسەوباس لەسەر ئەوە بووبێ چۆن رووبەڕووی تیرۆر ببنەوە وەك ئەوەی لە نووسینە رەسمیی و نارەسمییەکاندا ناوی دەهات، ئەوا ئەمڕۆ قسەی زۆر و لە پانتایی فراواندا لەسەر ئەوەیە چۆن مەسەلەی کورد چارە دەکرێ".

لێرەکانەدا پرسیارێکی جیددی دێتە پێشەوە: ئایا تورکیا بە شێوەیەکی کردەیی هەڵمەتی چاکسازیی دەستپێکردووە؟ ئایا کردنەوەی کەناڵێکی تەلەفزیۆنیی بە زمانی کوردیی مانای هێنانەدی هەموو مافەکانی نەتەوەی کوردە؟. ئەگەر وابێت لە باشووری کوردستان و لە سەردەمی دەسەڵاتی بەعس، تەلەفزیۆن و رۆژنامە و رادیۆ و گۆڤاری کوردیی هەبوون، لە هەمان کاتدا هیچ کاتێکیش کورد هێندەی ئەو ماوە مێژووییە لە ژێر چەپۆکی ستەمدا نەینالاندووە.

بە بڕوای خۆم هێشتا دەوڵەتی تورکیا لە ئامادەباشیی تەواودا نییە بۆ گێڕانەوەی پەیوەندییەکی دۆستانە و ئاشتییانە لەگەڵ هەرێمی باشووری کوردستان، تەنانەت تورکەکان تا هەنووکە سڵ لەوە دەکەنەوە بڵێن کوردستان، تاوەکو ئێستا دەڵێن "باکووری ئێراق"، ئیتر چۆن دەتوانن هەزمی پەیوەندییەك بکەن تیایدا بەرژەوەندییە هەرە باڵا و نەتەوەییەکانی کورد لەبەرچاو گیرابن و حیسابی تایبەتییان بۆ کرابێت؟.

نووسەری تورك "ئەحمەد توران ئاکمان" لە"تودەی زەمان"دا بە وردیی تیشك دەخاتە سەر ئەم شیزۆفرینیایەی تورك لەمەڕ ناونەهێنانی کوردستان و دەنووسێت "تورکیا بە کورتی دەسەڵاتی هەرێم لە باکووری ئێراق وەك کوردستان ناو ناهێنێت، لەبەرئەوەش هەر کاتێك ئەم چەمکە بەکاربێنێ یان دەسەڵاتی باکووری ئێراق یان ناوە تەواوەکەی: حکوومەتی هەرێمی کوردستانی ئێراق هەڵدەبژێرێت. ئەم حاڵەتە کوردەکانی ئێراق بەئاشکرا نیگەران دەکات، بەڵام ئەوان بەشێوەیەکی تێگەیشتووانە سەیری دەکەن، سەبارەت بەدەستەواژەی (باکووری ئێراق) نوکتەشیان دروستکردووە و دەڵێن ڕووداوەکە ڕاستە. کچێکی چواردە ساڵان کە هەولێر پاسپۆرتی داوەتیٚ و ویستوویەتی دەربازی تورکیا ببێت، پۆلیسی ئێمە پرسیاریان لێکردووە ناوی چییە، بۆ ئەوەی تووشی کێشە نەبێت کچەکە لە وەڵامدا دەڵێت ناوم (باکووری ئێراق)ە".

هـەتا هەنووکـەش ماسمێـدیای تـورکیی هـەردوو پـارتی سـەرەکیی کوردسـتان بـە عەشـیرەت و سـەرۆکەکانیان بـە سـەرۆك خێـڵ نـاوزەد دەکات، هەتا هەنووکە سوپای تورك نان لەسەر سەرکوتکردنی کـورد و هەڕەشـەی لەشکرکێشـیی سـەر کوردسـتان دەخـوات، هـەتا هەنووکـە تەوژمی شۆڤێنێتی و نەتەوەپەرستی تـورکیی سایەی بەسـەر رامیاریی فەرمیدا گرتووە، کە لەو رامیارییەدا شوێنی کـورد و هـیچ نەتەوەیـەکی دیکـە نابێتـەوە، ئیـدی هـەموو ئەمانـە پێکـەوە نـاتوانن خزمـەتی پەیوەندییەکی دۆستانە لە نێوان هەردوولا بکەن، بەپێچەوانەوە کاری زیاتر لە دوورخستنەوەی دیدگای هەردوولا دەکەن و دەبنە فاکتـەرێکی هـەرە بـەهێزی مانـەوەی ئـەو دڕدۆنگیـی و پەیوەندییـە دوژمنکارانـەی هەتا ئێستا هەبووە.

لێرەدا جێگەی خۆیەتی بپرسین ئەگەر تورکیا دەیـەوێت پەیوەندییـەکی دۆستانە لەگەڵ کوردەکان ببەستێت چ لە ناوخۆی وڵات چ لە دەرەوەیدا و لـە بەشـەکانی تـری کوردسـتان پێویسـتە چـی بکـات؟. وەڵامێکـی پـڕ بەپێست بۆ ئەم پرسیارە لەوە دەبینینەوە، بەر لـە هـەر کارێك پێویسـتە مافی کوردەکانی ناوخۆی تورکیا بە فەرمی بناسـێندرێت و بە دەسـتوور ددان بـەو مافانـە بنرێـت و زامـن بکرێـت. چـوونکە ئـەو دەسـتوورەی تاوەکو ئێستا تورکیا بەڕێوە دەبات لاپەڕەیەکە هزری نەژادپەرستی و تـۆرانیزم نەخشـاندوویەتی و بەخامـەی ژەنراڵـە دەسـت و مەچـك خوێناوییەکان نووسراوەتەوە، وەها دەسـتوورێك چیتر نییە جگە لـە کەتەلۆکی چەوساندنەوەی هەموو نەژادە ناتورکەکانی تورکیا.

پـاریزەر "سـەهناز تـوران" ئەنـدامی بـۆردی "EUTCC" پێیوایـە "ناکرێت بـاس لـە دیموکراسـیی بکـەین و خـاوەنی دەسـتوورێکی لـەم چەشنە بین، دەستووری تورکیا بەرهەمی کودەتای سەربازییە و تەنیا دان بە بوونی ئیتنیکی دیاریکراودا دەنێت و بوونی گروپە ئیتنییەکانی تـر رەتدەکاتـەوە، بۆئـەوەی تورکیـا ببێتـە ئەنـدامی یـەکێتی ئـەورووپا دەبێت ئـەم دەسـتوورە بگۆڕێـت، بـەڵام پێناچـێت حکوومـەتی ئێسـتای تورکیـا هـیچ ئەجینداپـەکی لـە بەردەسـتدا بـێ بـۆ هەموارکردنـەوە و گۆڕینی ئەم دەستوورە".

لە باری کردارییەوە هەروا ئاسان نییە ئەکەپە یان هەر هێزێکی دیکە بتوانێت دەستوور بگۆڕێت، چوونکە لە بنەڕەتدا کارێکی بێ زەحمەت نییـە دەسـت بـۆ لابـردن و پەراوێزخسـتنی بـیردۆزی کـەمالیزم ببرێـت، چـوونکە گـۆڕینی ئـەم دەسـتوورەی ئێسـتای تورکیـا لـە یـەکێك لـە رەهەندەکانیدا واتای وردوخاشکردنی جەستەی کەمالیزم دەگەیەنێت، وردوخاشکردنی کەمالیزمیش جۆرێکە لە نابووتکردن و لە ناوبردنی ئەو تورکیایەی ئەوڕۆکە هەیە.

ئـەوە راسـتە لـە مـاوەی چـەند سـاڵی پێشـتردا حکوومـەتی ئەکەپـە هەوڵیـداوە چـەند چاکسـازییەکی سـنووردار و لابـەلا ئـەنجام بـدات لـە راسـتای دابینکردنـی مافـەکانی مـرۆڤ و ئاسـاییکردنەوەی پەیوەندییـەکانی لەگـەڵ هەنـدێك دەوڵـەت و کرانـەوەی زیـاتر بـە رووی دنیادا، تاوەکو بتوانێت چەند فرسەخێکی تر لە یەکێتی ئەورووپا نزیك ببێتەوە، بەڵام ئەم هەوڵانە زۆر سنووردار بوون و نەیانتوانی دەست بۆ

هەندێك تـابوی سیاسـیی و فەرهـەنگیی ئـەو کۆمەڵگەیـە بـەرن، بۆیـەکا هەنووکـە هەوڵـە کیسـەڵ ئاسـاکانی پێشـووش وەسـتاوە و ئەمڕۆکـە حکوومەتی تورکیا بە ڕێگەی جیا و بە پاساوی لە یەکتر جیاواز هـەوڵی خۆدزینەوە دەدات لێیان و سەرپێچی داخوازییەکانی یەکێتی ئەورووپا دەکات، هەر بۆیە لەم چوارچێوەیەدا هەنگاوەکانیش بۆ چاکسازییکردن لە ڕەوشی سیاسیی کوردەکانی ئەو وڵاتەدا وەستاون و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەر دێنە دواوە.

"محەمـەد نـورەدین" پسـپۆر لـە کاروبـاری تورکیـا لـەم ڕووەوە لـە ڕۆژنامـەی "ئەلخـەلیج"ی ئیماراتیـدا دەنووسـێت "ئەنکـەرا کـاری نـەکردووە بـۆ پەسـەندکردنی مـەرجی ئـەورووپی بـە کردنـەوەی کـەنارە ئاوییەکانی و فڕۆکەخانەکانی لە بەرامبەر کەشتی و فڕۆکە و شـتومەکی قوبرسـی یۆنانیـدا. هـەروەها هـیچ گۆڕانکارییـەکی چـاوەڕوانکراوی نەهێناوەتە دی لەو یاسایانەی پێشنیاز کراون، لەوانە مافی کەمایەتییە ئـاینیی و مەزهـەبیی ونەژادییـەکان. بـەڵام لەلایـەکی تـرەوە گووتـار و سیمبۆڵ و دروشمە نەتەوەییەکان بەرزدەکاتەوە بەمەبەسـتی ڕاکێشـانی سەرنجی ڕای گشتیی و کپکردنـەوەی دەنگـی نـەیارەکانی، کـە خـۆی لـە دەزگا و دامەزراوە سەربازییەکاندا دەبینێتەوە".

شـان بەشـان لەگـەڵ ئەمەشـدا لـەم ماوەیـەدا پەیوەنـدیی کوردەکـانی باشـوور و تورکیا باشـبوونێکی وەهـای ب ەخۆیـەوە نەدیوە شـیاوی باسکردن بێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە لەم ماوەیـەدا چەندان جار لەشکری تـورك بۆردومـانی کوردسـتانی کـردووە و چـەند ئۆپەراسـیۆنێکی

سەربازیشی کردۆتە سەر هەرێمی باشووری کوردستان بە پاساوی قەلاچۆکردنی پەکەکە و پەکخستنی هێز و توانا سەربازییەکانی گەریلا. ئەوەتانیٚ لە کاتێکدا هەندێك ناوەندی بالآی سیاسیی فەرمیی تورکیا بانگەشەی دانوستان دەکەن لەگەڵ کورد کە وا بڕیاربوو "گول" لە سەردانیدا بۆ کوردستان ڕێگەچارەیەك بۆ هەندێك کێشەی هەڵپەسێردراو لەگەڵ سەرکردەکانی کوردستاندا بدۆزێتەوە.

یەکە سەربازییەکانی تورکیا جیا لەوەی هەموو ڕۆژێك قەوانی لەشکرکێشیی بۆ سەر باشووری کوردستان لێدەدەنەوە، لە هەمان کاتدا ڕۆژانە کەتیبەکانی ژاندرمە هەندێك ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بە چەکی قورس بۆردومان دەکات کە بووەتە هۆی چۆڵبوونی دەیان گوند و زیانلێکەوتنی هەزاران کەس. بۆیە دەکرێت بووترێت تا ئەم چرکەساتەش هیچ گۆڕانێك لە ڕامیاریی پێشووی دەوڵەتی تورك ڕووینەداوە هەم لەمەڕ کوردەکانی ناوخۆی تورکیا، هەم بەرامبەر بە دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری کورد لە باشووری کوردستان.

# بازرگانیی و بەرژەوەندیی هاوبەشی کوردستان – تورکیا

---

لە دوای رووخانی ریژێمی پێشووی ئێراقەوە، پەیوەندیی بازرگانی نێوان تورکیا و کوردستان پێی نایە قۆناغێکی گرنگ و تازەوە، چوونکە لەم ریکەوتە بە دواوە کوردستان بووە چاوگێکی بەهێزی ئابووری تورکیا، لەبەرئەوەی ئەگەر لە سالآنی پێشتردا "پێش 2003"، سوودی ئابووری تورکیا لە کوردستان تەنیا بریتی بوو بێت لە هەناردنی کالاّ و خالّە گومرگییەکان، ئەوە بەم دواییانە چەندان کۆمپانیای تورکیی لە ناوەوەی کوردستان دەستیانکردووە بە پرۆژە و وەبەرهێنان کە بە گوێرەی هەندێك ئامار زیاتر 25٪ پرۆژە بیناسازیی و خزمەتگوزارییەکان لەلایەن کۆمپانیا تورکییەکانەوە ئەنجام دەدرێن، ئەمەش داهاتێکی زۆری پەیداکردووە بۆ ئەو کۆمپانیایانە و رۆلّی ئەرێنی گێڕاوە لە پێشخستنی ئابووری تورکیادا، ئەگەرچی ئەو پێشکەوتنە بە قەبارەیەکی زۆر گەورەش نەبێت.

سایتی "ئاسیا تایمز" گرنگیی بەم پرسە داوە و لە راپۆرتێکدا لە ژێر سەردێری "بۆ تورکیا و کوردستان بزنس لە سیاسەت گرنگترە" بلاّویکردۆتەوە "بەهای بازرگانیی نێوان ئەو دوو ولاّتە زۆر بەرز بۆتەوە، ئێستا بە زیاتر لە سێ ملیار دۆلار لە سالّێکدا دەخەملّێندرێت،

ئابووریناسان پێشبینی دەکەن ئەم ژمارەیە بە ڕێژەی 25٪ لە ساڵانی داهاتوودا بەرز ببێتەوە. ئەمڕۆ هەزارەها کامیۆن کە کەلوپەلی بیناسازیی و پێویستییەکانی بەکارهێنانیان بارکردووە بە بازگەی سنووریی خابور ڕۆژانە لە تورکیاوە دەپەڕنە ناو باکووری ئێراق. نزیکەی 500 کۆمپانیای تورکیی لە کوردستانی ئێراق تۆمارکراون، کە کار و خۆشییان بۆ هەرێمەکە رەخساندووە، ئەو هەرێمەی لەلایەن سەددامەوە تەواو پشتگوێ خرابوو".

بێگومان ئەم هەموو بەرژەوەندییە زۆرەی تورك لە کوردستاندا دەبێت پێویستیی دانوستان و لێك نزیکبوونەوەی سیاسییش بهێنێتە ئارا، بەڵام ئەوەی لە واقیعدا بینیوومانە ئەم ڕاستییە نەبووە، چوونکە سەرباری ئەو هەموو بەرژەوەندییە بازگانیی و ئابوورییە زۆر و زەبەندەی تورکەکان لە کوردستاندا هەیانە هێشتا سوورن لەسەر هەڕەشەکانیان و مکوڕن لەسەر ویستی لەشکرکێشیی بۆ نێو قووڵایی ئەم هەرێمە کە وەك لە ڕاپۆرتەکەی "ئاسیا تایمز"دا دەرکەوێت ساڵانە زۆرتر لە سێ ملیار دۆلاری قازانج بۆ تورك هەیە.

لەمبارەوە هەندێك لەو کاربەدەستە کوردانەی بۆ "ئاسیا تایمز" قسەیان کردووە هێمایان بۆ ئەوە کردووە سەرباری هەموو گرژیی و ناکۆکییە سیاسییەکانی نێوان هەردوولا پڕۆژەی وەبەرهێنان و کاری کۆمپانیا تورکییەکان لە کوردستان بە ئاسایی بەڕێوە چووە و هیچ کۆسپ و تەگەرەیەکیان لە پێش نەبووە، بەڵکو لە کاتی لەشکرکێشیی و ئۆپەراسیۆنەکانی پارساڵی ئەرتەشی تورك بۆ نێو خاکی باشووری

کوردستان بە شێوەیەکی نۆرماڵ کاڵا و شتومەکە تورکییەکان دەهێنرانە ناوەوە و لەسەر سنوورەکان هیچ کۆسپێك بۆ ئەو هێنانە ناوەوەیە دروست نەبوو.

حاشا لەوە ناکرێت کوردستان دراوسێیەکی نزیکی تورکیایە و ئەو دەوڵەتە سەبارەت بە ژیانی ئابووری و بازگانی کوردستان بایەخێکی لە رادەبەدەری هەیە و دەبێت، بۆیە کوردەکان لە میانەی دەرککردن بەم فاکتە و گرنگیی هەڵکەوتەی جوگرافیی تورکیا کە رۆڵی ناوەندێك دەبینێت لە نێوان ئاسیا و ئەوروپا، خوازیاری پەیوەندییەکی دۆستانە و هاوبەشن، بۆ ئەو مەبەستەش پێشوازیی لە هەر هەنگاوێکی تورکەکان دەکەن و کردوویانە، کە ببێتە هۆی لە دایکبوونی پەیوەندییەکی هاوبەش لەسەر بنەمای پاراستنی بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی هەردوولا، بەڵام هێشتا ئەم دیدگایە لە لای بەشێکی زۆر لە رامیارانی تورك و کاربەدەستانی ئەنکەرا چەکەرەی نەکردووە، رەنگبێ تەنیا دەستەبژێرێك لە سیاسیی و رۆشنبیران و توێژەرانی تورك هەستیان بەمە کردبێت، کە بێگومان ئەم دیدگایە نەپەرپیوەتە بۆ لوتکەی دەسەڵات.

تازە بە تازە هێندێك لە پارلەمانتار و رۆشنبیرانی تورك بە راشکاویی ئەو راستییە دەدرکێنن و لە ماسمیدیاکانەوە دانی پێدا دەنێن، بۆ نموونە "سوعات کینکلی ئۆغلۆ" پارلەمانتاری پارتی داد و گەشەپێدان و سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە پارلەمانی تورکیا دەڵێت "تورکیا لایەنێکی وەبەرهێنی سەرەکییە لە باکووری ئێراقدا و شتێکی

گونجاوە رەهەندێکی سیاسییش بۆ ئەوە پەیوەندییە ئابوورییانە زیاد بکرێن کە لە ئارادان". بەڵام لەگەڵ ئەو دانپێدانان و خوازیاربوونانەی کاربەدەستانی تورکدا، تائێستا ئەو پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەی لە نێوان توکیا و کوردستاندا هەیە رەهەندێکی سیاسیی وەرنەگرتووە تاوەکوو هەردوولا لە رووی رامیارییەوە لە یەکتر نزیك بکاتەوە و کۆتایی بهێنرێت بەو بارگرژیی و دۆخە پڕ لە هەڵبەز و دابەزەی هەر ماوە نا ماوەیەك سەرهەڵدەدات و دەبێتە هۆی خوڵقاندنی قەیران و تەنگژە کە بێگومان تاکو هەنووکە زیانی گەیاندووە بە پێگەی سیاسیی و ئابووری هەردوولا.

تورکەکان لەلایەك خوازیارن پەیوەندییان لەگەڵ کوردەکان هەبێت و پرۆژە بازرگانییەکانیان لە کوردستان بەردەوام بێ، لە سەرێکی تریشەوە هەڕەشە لە سەقامگیریی ئەم هەرێمە دەکەن بە بیانووی هەبوونی گەریلاکانی پەکەکە لە سنووری قەڵەمڕەوی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا، تورکەکان دەبێت ئەم پارادۆکسە لە سیاسەتی خۆیاندا لابەرن، ئەگەرنا سەرباری هەر پەیوەندییەکی ئابووری و بازرگانیی هێشتا متمانەی سیاسیی و پەیوەندیی دۆستانە نایەتە ئاراوە.

# کۆنگرەکەی دەتەپە و چەك داماڵینی پەکەکە

-----------------------------

وا بڕیارە پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی "TDP"، بە هاوکاریی هەریەك لە"مەسعود بارزانی" سەرۆکی هەرێمی کوردستان و"جەلال تاڵەبانی" سەرۆك کۆماری ئێراق، کۆنگرەیەکی بەرفراوان لە ئەوروپا ڕێکبخات بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی نوێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە باکووری کوردستان، هەر لەم کۆنگرەیەدا داوا دەکرێت پارتی کرێکارانی کوردستان فۆرمی کارکردنی لە ڕێکخراوێکی سەربازییەوە بگۆڕێت بۆ پارتێکی سیاسیی مەدەنیی و لەو راستایەدا هەستێت بە پرۆسەی چەك دانان، هەرچەندە پەکەکە بە کۆمەڵێك مەرجەوە پێشوازیی لەم پێشنیارە کردووە، بەڵام هێشتا دیار نییە وەڵامی کاربەدەستانی ئەنکەرا لەو رووەوە چی دەبێت.

وا پێشبینی دەکرێت ئەم کۆنگرەیەش نەبێتە هۆکاری گۆڕانی رامیاریی و هەڵوێستەکانی پێشووتری دەوڵەتی تورك لەمەڕ پرسی کورد بە گشتیی و دەرهەق بە پەکەکە بە تایبەتی. هەندێك لە چاودێران وەهای بۆ دەچن هەر لە بنەماوە حکوومەتی ئەنکەرا هیچ گرنگییەك نادات بەم کۆنگرەیە، ئەگەرچیش دەنگوباسی ئەم کۆنگرەیە لە میدیای تورکیدا سەدایەکی زۆری هەبوو.

لەمبارەوە "سامی کۆهین" ڕۆژنامەنووسی ناوداری تورکیا دەڵێت "ئەگەر مەبەست لە هەڵوێستی فەرمی حکوومەتی تورکیا بێت ئەوا

تائێستا هیچ لێدوانێکی فەرمیی لەلایەن حکوومەتەوە لەسەر ئەم مەسەلەیە نەدراوە، ئەگەر باسی هەڵوێستی پارتە سیاسییەکانی دیکە بکەین ئەوا هەڵوێستی ئیجابییان نییە لە ئاست تێڕوانین و چالاکییەکانی ئەو پارتەدا. من لێرەدا باسی پارتی داد و گەشەپێدان و بەڕێز ئەردۆگان ناکەم، لەبەرئەوەی ئەردۆگان بەبەردەوامیی هێرشی کردۆتە سەر پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی، بەڵکو پارتە بەرهەڵستکارەکانیش هەڵوێستێکی ئیجابییان نییە لە ئاست پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیدا، وەك پارتی گەلی کۆماریی و پارتەکەی باخچەلی کە پارتێکی نەتەوەییە. لەبەرئەوە من پێموایە بە حەزەرەوە بگرە بە گومانەوە لەم دەسپێشخەرییەی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی دەڕوانرێت چ لەلایەن پارتی حکومڕانەوە چ لەلایەن پارتە بەرهەڵستکارەکانەوە".

بە پێچەوانەوە هاوزەمان لەگەڵ سەرقاڵیی دەتەپە بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی جیهانیی لە ناوەندی ئەورووپا بە مەبەستی چارەی دۆزی کورد، حکوومەت زیاتر کۆسپ دەخاتە بەردەم ئەو پارتە و هەندێك لە چاودێران پێشبینی دەکەن ئەکەپە و خودی ئەردۆگان لە ڕێگەی دادگاوە ئەو پارتە هەڵبوەشێننەوە و کارکردنی قەدەغە بکەن، بە تایبەت کە بڕیارە لە مانگی ئاداری داهاتوودا پرۆسەی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە سەرتاسەری تورکیادا دەستپێبکات.

بێجگە لەمەش پرسی چەك دانانی پەکەکە کە تەوەرێکی کۆنفرانسە پێشبینیکراوەکە دەبێت، قسە و باسی زۆر هەڵدەگرێت، چوونکە

دانانی چەك لەلایەن پارتێکی بەهێزی وەك پەکەکەوە رووداوێکی ئاسایی و هەنگاوێکی هاسان نییە، چون ناکرێت پەکەکە چەك دابنێت و تورکەکان یاریی بە ماف و چارەنووسی زیاتر لە بیست ملیۆن کورد بکەن لەو وڵاتەدا، لەبەرئەوەی هیچ ئاسۆیەکی روونناك دیار نییە بەڵگەی ئەوە بەدەستەوە بدات تورك هاوزەمان لەگەڵ چەك دانانی پەکەکە راستەوخۆ بەشێوەیەکی دیموکراتی و ئاشتییانە مافەکانی کورد دەهێنێتە دی.

هەروەك پارلەمانتاری لیستی دەتەپە "ئیبراهیم بێنجی" روونیدەکاتەوە "لەماوەی نێوان ساڵانی 1990-2005 چەندین جار داوا لە پەکەکە کراوە بۆ دانانی چەك، دوای ئەمە دیسان توندوتیژیی سەریهەڵداوەتەوە و دووبارە چەندین قوربانیی دراوە و تورکیا بە هیچ شێوەیەك سوودمەند نەبووە لەم ماوەیەدا، لەگەڵ ئەمەشدا چەك دانانی پەکەکە لەم کێشەیەدا تاکە چارەسەر نییە، پێویستە پێشەکیی لەلایەن حکوومەتی تورکیاوە دەستپێشخەریی دیموکراتییانە بکرێت، وەك بڵێت ئەگەر پەکەکە چەك دابنێت ئێمەش بەشێوەیەکی دیموکراتی کێشەی کورد چارەسەر دەکەین".

هەتا ئەو کاتەی تورك و بیرۆکەی کەمالیزم نکۆڵیی لەهەبوونی کورد بکات و ئازادیی مرۆڤی کورد پێشێل بکات، هەتا ئەو کاتەی تورکیا بەردەوام بێت لە سیاسەتی تورککاندن و گەمارۆدانی مافەکانی هاووڵاتیانی کورد، ئەوە خەباتی چەکداریی پەکەکە یان هەر رێکخراوێکی تری کوردیی نەك تیرۆر نییە و ناچێتە خانەی تیرۆریزمە

بەڵکو بەشێوەیەك لە شێوەکان ڕەوایی هەیە, یان بە مانایەکی تر ئەگەر تورکیا خوازیار بێت کێشەی کورد بە ئاشتیی و دیموکراتی و دایەلۆگ چارەسەر بکرێت وپەکەکە واز لە زەبروزەنگی شۆڕشگێڕانە بهێنێت، پێشکات پێویستە لەسەر ئەو دەوڵەتە چاوێك بەدۆزی کورددا بخشێنێتەوە و ڕێگەچارە گونجاو و ئاشتیخوازانەکان قەبووڵ بکات لە ڕاستای بەدیهێنانی مافە نەتەوەیی و کولتوورییەکانی گەلی کورد لەو بەشەی کوردستان.

هەروەك نووسەر و کوردناسی بەناوبانگ "مارتین ڤان برۆنسین" بۆی چووە و دەڵێت "هەر کاتێك کوردەکانی تورکیا هەستیان کرد حکوومەتی تورکیا ئامادەیە مافە کولتووریی و سیاسییەکانیان پێبدات و ئامادەبێت گفتوگۆ لەگەڵ سەرکردە کوردە هەڵبژێردراوەکاندا بکات، ئەوا خەباتی چەکداریی میسداقییەتی خۆی لە دەستدەدات لە ناو کوردەکاندا، چەند هەزار گەریلایەکی پەکەکە لە کوردستانی تورکیا بوونیان هەیە، تا ئەو کاتەی ئەم خەڵکانە هەست بکەن هیچ بەدیلێکی تریان نییە ئەوا بەردەوام دەبن لەسەر خەباتی چەکداریی".

ڕوونتر چەکداربوون و نەبوونی پەکەکە وەك هێزێکی بەرهەڵستکاری کورد لە دژی دەوڵەتی تورکیا بەستراوەتەوە بە هەڵوێست و هەنگاوەکانی ئەو دەوڵەتەوە لە هێنانەدی و زەمینە ڕەخساندن بۆ کوردەکان تاکو بتوانن مومارەسەی مافەکانیان بکەن وەك هاووڵاتییەکی یەکسان، هەتا تورکیا لەسەر ئەم ڕامیارییە توندەی ئێستای بەرامبەر بە کورد بەردەوام بێت ئەوە ئەگەر پەکەکەش چەك دابنێت خەڵکانی تر

هەن بێن چەك هەڵبگرن، بە پێچەوانەشەوە نەك پەكەكە چەك دادەنێت بەڵكو لە ریشەوە كۆتایش دێ بە كولتووری چەك هەڵگرتن لە نێو كوردانی باكووردا.

لێرەدا پێویستە تیشك بخەینە سەر ئەوەی ئایا لێك نزیكبوونەوەی حكوومەتی هەرێمی كوردستان لەگەڵ دەوڵەتی توركیا لەسەر حیسابی پەكەكە دەبێت یان نا؟، ئایا سەركردە كوردەكانی باشوور پەكەكە دەكەنە قوربانی هێنانە ئارای پەیوەندییەكی نوێ لەگەڵ توركەكان؟، ئایا پارتە كوردییەكانی باشوور هەمان ئەزموونی چەككردن و لاوازكردنی بەرهەڵستكارانی كوردی رۆژهەلات جارێكی دیكە بەسەر كوردی باكووردا دووبارە دەكەنەوە؟. راستیی ئەوەیە هەتا ئەم ساتەوەختە هیچ دیار نییە و هیچ بەڵگەیەكیش نییە نیشانی بدات سەركردە كوردەكان ئەو كارە دەكەن یان نایكەن، ئەوەندە نەبێت دوو پارتە سەرەكییەكەی باشووری كوردستان چاوەڕوان دەكەن پەكەكە هەڵوێستێكی نوێ بنووێنێت و یارمەتیان بدات لە پرۆسەی دامەزراندنەوەی پەیوەندیی هاوبەش و دۆستانە لەگەڵ توركیا. بەڵام بە پێی هەندێك هەواڵ و راگەیاندن و دەنگۆ، سەركردایەتی سیاسیی كورد لە پێناوی پەیوەندیی هاوبەش لەگەڵ توركیا و چارەسەری كێشەی كورد لەو بەشەی كوردستان، ئامادەییان دەربڕیوە یارمەتی پرۆسەی ئاشتی بدەن لە نێوان حكوومەتی تورك و پەكەكەدا.

بۆ نموونە لەو سەردانەیدا بۆ ئەنكەرا لەرۆژی 21-12-2008 "تارق هاشمی" جێگری سەرۆك كۆماری ئێراق، لەگەڵ عەبدوڵلا گویل

کۆبووەوە و لە میانەی لێدوانێکیدا کە ئاژانسی ئەنادۆڵ بڵاویکردەوە رایگەیاند "لەکۆبوونەوەکاندا ئەوەم بەسەرۆك کۆماری تورکیا راگەیاند: هەرێمی کوردستانی ئێراق ئامادەیە هاوکاریی هەوڵەکانی تورکیا بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکان بکات، لەم رووەوە کورد رۆڵ و پێگەی بەرچاو وگرنگی هەیە". پرسیاری جیددی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە: ئایا تورکیا جگە لە پەکەکە کام مەترسیی هەیە کە کوردەکانی باشوور بتوانن یارمەتی بدەن؟، ئایا بەراست لێدوانەکەی هاشمی گوزارشتی لەهەڵوێستی فەرمی کوردی باشوور دەکات یان نێوبراو لە گیرفانی خۆی دەریهێناوە؟، ئەی ئەگەر هاشمی لێدوانی ساختە و ناراست بە ناوی کوردەوە دەدات، بۆچی سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان بە درۆی ناخاتەوە؟.

لەئەنجامی نەبوونی وەڵام بۆ هەر کام لەم پرسیارانە، گومانەکان زۆرتر دەبن لەمەڕ ئەوەی رەنگبێ سەرکردە کوردەکانی باشوور لە سەفقەیەکی نوێدا لەگەڵ تورکیا، پەیمانی سنووردارکردنی توانا و چالاکییە سەربازییەکانی پەکەکەیان دابێت، کە ئەمەش لەچەندین لاوە زیان بەرەوشی کورد دەگەیەنێت لە باکووری کوردستان، بە دڵنیاییشەوە رەوشی باکووری کوردستان لەهەر بارێکدا بە ئۆتۆماتیکی کاریگەریی دەبێت لەسەر رەوشی کورد لە باشووری وڵاتدا. هەر بۆیە دەتوانین بڵێین لێدوانەکەی جەلال تالەبانی بۆ کەناڵی "سی ئێن ئێن تورك" بە خۆڕایی نییە، وەختێك وتی "مەبەستی ئێمە کاتێك دەڵێین تورکیا رێگە بۆ پەکەکە خۆش بکات لە گەڕانەوەیان ئەوە نییە کە بیانگرن و

بیانخەنە گرتووخانەکانەوە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە بگەڕێنەوە ناومالّی خۆیان".

تاڵەبانی تەنیا تامەزرۆی عافواتێکی لەوانەی پێشتری بەعسە بۆ پەکەکە، ئەگەرنا دەبوو بیووتبایە مەبەستی ئێمە لە گەڕانەوەی پەکەکە ئەوە نییە تورکەکان لێبووردنی گشتییان بۆ دەربکەن و بچنەوە ماڵی خۆیان بەڵکو مەبەست لەوەیە کێشەی کورد چارەسەر بکەن و پەکەکەش بگەڕێنەوە ناوخۆی تورکیا و وەك ڕێکخراوێکی مەدەنیی بە ڕێگەی دیموکراتی و ئاشتییانە درێژە بە چالاکیی خۆیان بدەن.

## ئەنجامگیریی

لە ئەزموونەکانی رابردووەوە فێربووین تورکەکان یان راستتر بڵێین دەوڵەتی تورکیا و رامیاریی فەرمیی ئەو وڵاتە بەرامبەر بە کورد نەگۆڕە، ئەو رامیارییە نەگۆڕەش بریتییە لە نکوڵیکردن لە هەبوونی کورد و سانسۆر و سەرکوتکردنی مافەکانی هاووڵاتییانی "تورکی چیایی"، لەگەڵیدا دژایەتیکردنی دەستکەوتەکانی کورد لەهەر بەشێکی بندەستی کوردستاندا بێت، تورکەکان وەك خۆیان لە دێرینەوە وتوویانە ئەگەر دەوڵەتێك یان کیانێکی کوردیی تەنانەت لەئەفەریکاش درووستبێت درێغی ناکەن لە دژایەتیکردنی، هەرگیز هیوای دۆخێکی باش بۆ کورد ناخوازن و لە ژێر باری ناچاریشدا نەبووبێت دەستی دۆستایەتی کاتییان بۆ ئەم گەلە درێژ نەکردووە.

رەنگبێ تاکتیکی سیاسیی و هەلومەرجی ئەم قۆناغە بۆ تورکەکان ئەوە بخوازێت پەیوەندییەکانیان ئاسایی بکەنەوە لەگەڵ کورد، بەلاّم نابێت

له بیرمان بچێت ستراتیژی راستەقینەی تورکەکان لەناوبردنی کوردە. بە کورتی ئایدۆلۆژیای کەمالیزم کە داینەمۆی دەوڵەتی تورکیایە و بە بێ ئەو ئایدۆلۆژیایە شتێك نامێنێتەوە بە ناوی ئەم تورکیایەی ئێستا، لەسەر نکۆڵیکردن لە هەبوون و مافی نەتەوەکانی دیکە لەناویشیاندا کورد دامەزراوە. وشەیەکیش لەکۆتاییدا گرنگ بێت بیدرکێنین ئەوەیە: لە نێوان کورد و تورکدا ئەوەندەی زەمینەی لەیەکتر دوورکەوتنەوە و دوژمنکاریی هەیە بە چارەگی ئەوە بەستێنێکی خەمڵیو شك نابەین بۆ دۆستایەتی و پەیوەندیی هاوبەش.

تێبینی: ئەم وتارە بە چوار بەش لە ژمارەکانی (566–567–568–569) رۆژنامەی (کوردستان راپۆرت) لە رۆژانی 12 –23 –15– 18\ 12\ 2008 بڵاوبووەتەوە.

# هەڵوێستە نوێیەکانی تورکیا و پێشهاتەکانی ئایندە

سەرۆك وەزیرانی تورکیا (رەجەب تەیب ئەردۆگان) لە میانەی سەردانەکەیدا بۆ تورکمانستان رایگەیاند ئەنکەرا ئامادەیی تیایە دان بنێت بە دەسەڵاتی خۆ بەڕێوەبەری هەرێمی کوردستان، ئەو لە میانەی لێدوانەکەیدا وتی (گرنگە کە پەیوەندیمان لەگەڵ دەسەڵاتی کوردەکانی باکووری عێراق ئاشتی و سەقامگیریی لێبکەوێتەوە، بۆیە هەر هەنگاوێك کە هەڵیدەگرین ئەگەر جێگریی بۆ ئێمە و ئەوان دەستەبەر بکات ئەوا ئێمە ئامادەین پێشوازیی لێبکەین).

ئەو لێدوانەی ئەردۆگان تەواو دژی هەموو ئەو لێدوانانەی خۆی و کاربەدەستانی تری دەوڵەتی تورکیا بوو کە تاچەند رۆژ بەر لەو لێدوانە هەڕەشە و گوڕەشەیان لە هەرێمی کوردستان دەکرد بە بیانووی داڵدەدانی گەریلاکانی PKK لەلایەن دەسەڵاتی هەرێم و دەستدرێژیکردن بۆسەر مافی تورکمانەکانی شاری کەرکووك، بە دووریش نەدەبینرا ئەم هەڕەشانە لە ئاکامدا لەشکرکێشی بۆ نێو خاکی کوردستان (باشوور) لێی بکەوێتەوە. لە بەرامبەردا سەرکردە سەربازییەکانی تورکیا لە پێشیانەوە ژەنەراڵ (یاشار بیوك ئانت)

فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی تورکیا دژی پرۆسەی دانووستانن لەگەڵ کوردەکانی باشوور.
بە گشتیی سیاسەتی فەرمیی دەوڵەتی تورکیا ئەو سیاسەتەیە کە ئەردۆگان و وەزیری دەرەوە نوێنەرایەتی دەکەن، هەرچەندە حاشا لە فشاری بەهێزی عەسکەر ناکرێ لە گۆڕینی تاکتیك و ستراتیژی سیاسیی تورکیادا، بەڵام رەنگە ئەمجارە سەرباز نەتوانێ زاڵبێت بەسەر بڕیاری سیاسییەکاندا. لەو رووەوە (عەبدوڵڵا گول)ی وەزیری دەرەوە لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا رایگەیاند: عەسکەر نابێ دەستوەرداتە سیاسەتەوە، هەندێك کار هی سیاسییەکانە هەندێکیش هی عەسکەرە و نابێ سەرباز لێدوانی سیاسیی نالێپرسراوانە بدات.
هەر دوا بە دوای ئەم لێدوانەی وەزیری دەرەوە، یاشار بیوك بە ناچاریی لێدوانەکانی خاو کردەوە و نەرمتر هاتە پەیڤین لەکاتی لێدوان و چاوپێکەوتنەکانیدا لەگەڵ کەناڵەکانی راگەیاندن. بەڵام پرسیارەکە لێرەوە سەرهەڵدەدا، ئاخۆ کام پاڵنەری بەهێز وەهای لە تورکیا کرد بەم جۆرە سیاسەتی لە بەرامبەر باشووری کوردستاندا بگۆڕێ؟ ئایا تاچەند ئەو بۆچوونە نزیکە لە راستییەوە کە دەڵێت: ئەردۆگان سیاسەت و ستراتیژی خۆی نەگۆڕیوە، بەڵکو هەڕەشەکانی ئەم دواییەی دەچێتە خانەی ریکلامی خۆپالاوتن بۆ جارێکی تری پۆستی سەرۆك وەزیران، خاوکردنەوەکەشی پەیوەستە بەدەستشتنی لە سەرکەوتن بەدەستهێنانی لەو بوارەدا، بۆیە نایەوێ هەندێ رێوشوێن بگرێتە بەر کە دژ و پێچەوانە بێت لەگەڵ ستراتیژە راستەقینەکەی؟.

یان ئەم بادانەوەیە پەیوەستە بەوەی گول نەیتوانی لە میانەی گەشتەکەیدا بۆ ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پشتیوانی ئەمەریکییەکان بەدەست بهێنێت تاکو لەشکرکێشی بکات بۆ نێو خاکی کوردستان؟ ئایا ئەو بنبەستانەی وەزیری دەرەوەی تورکیا تاچەند رۆڵیان هەبووە لە گۆڕینی هەڵوێستی تورکەکان لە هەمبەر کورد؟ لەوە زیارتیش بەفەرمیی دەسەلاتی کورد بناسن و ئامادەی مامەڵەکردن بن لەگەڵیدا و لاپەڕەیەکی سپی و نوێ هەڵبدەنەوە لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان!.

فاکتۆرەکان هەرچییەك بن گرنگییەکی ئەوتۆی نابێ، گرنگییەکە ئەوەیە ئایا ئەم سیاسەتە تەنێ تاکتیکێکی کاتی دەبێت یان ستراتیژێکی درێژخایەن؟. ئایا ئەم هەڵوێستەی سیاسییەکان بێ پاڵپشتی و هەماهەنگی سەربازەکان لەگەڵیدا هیوایەکی لێ سەوز دەبێت؟. بەدەر لەمانەش لە هەر بارێکدا، دەکرێت ئەم لێدوانەی ئەردۆگان سەرەتایەکی ئەرێنی بێت لە زیندووکردنەوەی پەیوەندییەکی هاوبەش و دۆستانە لە نێوان تورك و کورداندا، هاوکات بە دەنگەوەچوونی کوردانیش لە جێی خۆیدا بوو.

# هەڵوێستی کورد

----------------------

بە دەنگەوە هاتنی لایەنی کوردیی و نیشاندانی نیازپاکی و هاریکاریکردن لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا وەك دراوسێ لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە گرنگییەکی پڕ بایەخی هەیە بۆ دامەزراندنی پەیوەندییەکی سیاسیی و ستراتیژیی نوێ لە نێوان هەردوولادا. لەو بارەوە سەرۆکی هەرێم (مەسعود بارزانی) بە ڕۆژنامەی (لۆمۆند)ی فەڕەنسی ڕاگەیاند (دەمانەوێ و پێمان باشە لە ڕێگەی پارتی داد و گەشەپێدانەوە پەیوەندیی لەگەڵ حکوومەتی تورکیا ببەستین). بۆ کورد گرنگە تورکیا کە لە هەموو لایەکەوە ڕۆڵ و کارتێکردنی هەیە چ لە ناوچەکەدا چ لە عێراق و کوردستاندا، دۆستی بێت و پەیوەندییەکانی بە شێوەیەکی هێمنانە و ئاشتیانە لەگەڵیدا ڕێکبخات.

پێشوازیکردنی باشووری کوردستان لە دەستپێشخەریی ئەردۆگان بۆ دروستکردنی پەیوەندیی لەسەر بنەمای پاراستنی بەرژەوەندیی هەردوولا سیاسەتێکی ریالیتە و دروستە، دەتوانێت لە خزمەتی ئێستا و پاشەڕۆژی کوردستاندا بێ، بە تایبەت ئەگەر تورکیا وەك دراوسێیەکی خۆسەپێن مامەڵە نەکات و دەست لە کاروباری ناوخۆی کوردستان وەرنەدات، ئاسۆیەکی گەش لە بەردەم پێشهاتەکانی ئایندەدا دەکاتەوە لە قازانجی نەتەوەیی کورد چ لەباشووری کوردستان چ لەپارچەکانی تر. لەسەر لایەنی کوردیی پێویستە دووراودوور

نەوەستێ و ئەم دەرفەتە بقۆزێتەوە، چوونکە تورکیا لە زۆر لاوە جێگەی بایەخ پێدانە، چ لە رووی سیاسیی و ئابووری، چ لە رووی جوگرافی کە سنووری ئەو دەوڵەتە بە ئەورووپاوەیە.

خانم (سەبلا ئۆلۆداغ) لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی (USAK) دەڵێت (ئەمەریکا ئەمڕۆ لێرەیە دەشێ سبەینێ لێرە نەمێنێ، بەلاّم لە هەموو حاڵەتێکدا دەبێ بزانین تورکیا بۆ کورد خاڵی پەڕینەوەیە بەرەو رۆژئاوا) ئەمە یەکێکە لە گرنگییەکانی پێگە و هەڵکەوتی جوگرافی تورکیا کە پردێکە کوردستان دەبەستێتەوە بە ئەورووپاوە، ئەمەش زۆرترین کارتێکردنی هەیە لەسەر پاشەڕۆژی کوردستان. لەلایەکی ترەوە بەرژەوەندیی درێژخانەیەن و ستراتیژیی تورکیا لەوەدایە پشتگیریی لە سەقامگیریی ئەمێستای بارودۆخی کوردستان بکات، نەك هەوڵبدات بۆ تێکدان و دەستێوەردانی، ئاکامەکانی دەستێوەردان هەمیشە ئاکامگەلێکی خراپ دەبن، بەلاّم دەشێ دەرەنجامەکانی بەرژەوەندیی و پەیوەندیی هاوبەش لە خزمەتی هەردوولادا بن بۆ ماوەیەکی درێژخایەن و دوور و درێژ.

بارودۆخی عێراق بە ئاقارێکدا دەڕوا پلانەکانی ئەمەریکا یەك لە دوای یەك تیایدا شکست دەهێنن یان بە زمانێکی تر ئەمەریکا لەعێراق گەیشتۆتە بنبەست، تاکە ئیختیارێك لەبەردەم ئەمەریکادا مابێ دابەشکردنی عێراقە بۆ هەر سێ هەرێمی کورد و شیعە و سووننە، لەم کاتەدا رۆڵی کورد لە ناوچەکەدا زیاد دەکات و ئەزموونەکەشی تەکان دەدات بۆ پێشەوە، لەم بارودۆخە تازەیەدا کوردستان گرنگی بەرچاوی

دەبێ بۆ تورکیا، بۆ تورکیا وا چاکترە و واقیعیترە بە فۆرمێکی دۆستانە مامەڵەی لەگەڵدا بکات و دەسەلاتە لۆکاڵییەکەی بەفەرمی بناسێ و گیروگرفت نەخاتە بەردەمی. پرۆفسیۆر (تۆماس بۆسۆیل) لە زانکۆی کۆلۆمبیا لە دیمانەیەکی تایبەتدا بە گۆڤاری گولان دەڵێت: دابەشبوونی عێراق حەتمییە بۆیە چاکتر وایە تورکیا یارمەتی پرۆسەی سیاسیی بدات لە کوردستان و هاوکاریی کوردەکان بکات لە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆدا.

لە ڕەهەندێکی ترەوە هەنووکە کۆمپانیا تورکییەکان لە کوردستان بەشێوەیەکی بەرچاو هەن، ئەمە بۆ تورکیا دەستکەوتێکی بازرگانی بەکەڵکە و ڕۆڵی ئەکتیڤی هەیە لە بوژاندنەوەی ئابووری تورکیادا، تەنانەت کورد لەم پارچەیەدا خەریکە لەسەر دەستی کۆمپانیا تورکەکان پێشدەکەوێت و ولاتەکەی ئاوەدان دەبێتەوە. ریچارد هۆلبرووک (باڵیۆزی پێشووی ئەمەریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان) لەمبارەوە نوسیوویەتی (تورکیا دەرفەتێکی گەورەی ئابووری لە باکووری عێراقدا هەیە، کە هەمیشە زیاتر لە 300 کۆمپانیا و بەرهەمهێنی مەزنی تورکی بوونەتە بزوێنەری بنەڕەتی گەشەسەندنی کورد). ڕۆڵی کۆمپانیا تورکەکان لە کوردستاندا حاشای لێناکرێت، بەلام ئەم بەرژەوەندییە تاك لایەنە نییە بەڵکو دەرفەتێکی بەهێزە بۆ کۆمەك کردن بە ئابووری داتەپیوی تورکیاش.

لەلایەکی ترەوە تورکیا دەبێ لەوە بگات کورد لە ناوچەکەدا ڤایرۆسێکی مەترسیدار نییە و بەرژەوەندییەکانی هیچ ولاتێك لە

نێوانیانیشدا "تورکیا" ناخاتە ژێر هەڕەشە و مەترسییەوە، هەروەك (بارین کایۆغلۆ) دەڵێت (ئەوەی تورکیا پێویستە تێی بگات ئەوەیە کوردەکانی باکووری عێراق کێشەی سەرەکی نین بۆ تورکیا). ڕەواندنەوەی ئەو وەهمە لای تورکەکان و قەناعەت پێکردنیان کە دەسەڵاتی کورد لە سەر بناغەی زیانگەیاندن بە کەسانی تر ڕانەوەستاوە، کاری هەرە ئەولەویی سیاسەتمەداری کوردە و دیبلۆماتییەتی کورد نابێ شانی خاڵی بکاتەوە لە ئەنجامدانی ئەم کارە هەستیار و لێپرسراوێتییە بە بەها و مێژووییەدا.

گرنگترین هەنگاوی لایەنی کوردیی پاککردنەوەی عەقڵییەت و فکریی سیاسیی کوردە لەو دەمارگرژیی و وشك هەڵاتوویە خەیاڵییەی بە ئاستەمی دەزانێت دوای ئەو هەموو یادەوەرییە تاڵ و تفتانە و مێژوویەك لە خوێن و کوشت و کوشتار لەنێوان هەردوولادا بە بڕیارێکی سیاسیی ئاڵۆزییەکان هێور ببنەوە و کوردان و تورك بتوانن پەیوەندیی سیاسیی و دیبلۆماتی پێکەوە گرێبدەن، پێویستە ورد و درشتی ئەم تێڕوانینە بگۆڕدرێت بە بیرکردنەوەیەك بەرگەی ئەوە بگرێت ئاشتی و پەیوەندیی هاوبەش لەگەڵ تورکەکان قبوڵ بکات، چوونکە دەبێ عەقڵی سیاسیی کوردیی ئەو پرسیارە لە خۆی بکات ئایا کورد درێژە بە دڕدۆنگی و شەڕ بدات چاکە یان پەیمان ببەستێ؟ ئایا ئەم خوێنە زیاتر لەو دوو جەستە زامدارە بڕوات یان لە ئێستاوە (هەرچەند درەنگیشە) زامەکانیان سارێژ بکرێن؟.

ئەمەش پەیوەندیی دیبلۆماتی و سیاسییە و لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی راوەستاوە، مەکرەمە و سەخاوەت نییە، هەرکات تورك سنووری بەزاند ئەمە پەیوەندییەکی هاوبەشە کوردیش پێوەی پەیوەست نابێت و هەریەك بە پێی بەرژەوەندیی نیشتمانی خۆی رەفتار دەکات لەگەڵ واقیعە تازەکەدا، ئیدی سیاسەتیش هونەرێکە پێی لەسەر بەرژەوەندیی چەقاندووە نەك لەسەر مۆراڵ و ئاکار. هەروەك (کارڵ شمیت) دەڵێت (لە نێو سیاسەتدا خێر و شەڕ و جوانی و ناشیرینی نییە، بەڵکو لە نێو سیاسەتدا دۆست و دوژمن هەیە، بۆ دۆست هەموو شتێك هەیە، لە ئاست دوژمنیشدا رەوایە هەموو شتێك بەکاربهێنین بەبێ ئەوەی رەچاوی هیچ بنەمایەکی رەوشتی بکەین، لەبەرئەوەی لە نێو سیاسەتدا رەوشت بوونی نییە).

# رۆلی ئەمەریکا

--------------------

جەنگیز چاندار دەربارەی لێدوانەکەی ئەردۆگان دەنووسێت (پێدەچێت ماوەیەك ئامادەکاریی بۆ ئەم لێدوانە کرابێت و لە نێوان ئەنکەرا و کوردەکانی ئێراقدا زەمینەسازیی بۆ ئەمە کرابێت. پێدەچێت وەزیری دەرەوە عەبدوڵڵا گول رابسپێردرێت ئەم پەیوەندییانە دەست پێبکات. لایەنی کوردیش ئاگای لەمە هەیە و ناچێتە ئەقڵەوە ئەم رووداوە لە ژێر کاریگەریی ئامۆژگارییەکانی ئەمەریکادا نەبێت). لە رووی لۆژیکییەوە ناچێت بە هۆشدا ئەم بادانەوەیەی تورکیا لەسەر پێشنیار و داواکاریی ئەمەریکا نەبێت، لانیکەم ئەمەریکا بۆ ئەم قۆناغە تورکەکانی ناچارکردووە بەشێوەیەکی ئاشتیانە مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بکات، چوونکە کوردەکانی باشوور تاکە دۆستی (رۆمانسی) ئەمەریکان لە ناوچەکەدا بە تایبەت لەم دۆخە هەژاو و ئاڵۆزەی ئەمەریکا تێی کەوتووە، ناوچەکانی باشووری کوردستانیش تاکە پەناگەی ئارامن لە سەرتاپای عێراقدا، بۆیە ئاسان نییە ئەمەریکا رێگە بدات بەهۆی لەشکرکێشیی تورکەوە شیرزەیی رووی تێبکات و ئارامییەکەی تێکبچێت و بشێوێت.

ئەمەریکا بە دوای رێگەچارەی دووەمدا گەڕاوە کە پەیوەندییەکی هاوبەش و دۆستانە لەنێوان دوو هاوپەیمان و دۆستی خۆی لە رۆژهەڵاتی ناڤینددا دروست بکات. کاتێکیش ئەمەریکا ژەنەراڵی

خانەنشین (جۆزیف رالستۆن) فەرماندەی پێشووی هێزەکانی ناتۆی راسپارد بە رێکخەری دەوڵەت بۆ کاروباری PKK و دانوستانکەری نێوان تورکەکان و گەریلا، ئەو راستییەی سەلماند ئەمەریکا خوازیاری ئەوەیە کێشەی PKK کە بەشی زۆریان لەخاکی باشووری کوردستاندان بە رێگەچارەی سەربازیی چارەسەر نەکرێت بەڵکو کەناڵێکی تر بدۆزرێتەوە بۆ چارەی ئەم دۆزە.

ریچارد هۆلبرووك لە بارەی رۆڵی راڵستۆن لەو بوارەدا دەنووسێت (ناوبژیوانییەکانی راڵستۆن هۆکار بوو بۆ دوورخستنەوەی تورکیا لە هێرشکردن بۆ ناو عێراق لە هاوینی رابردوودا، هەر ئەویش لەهەوڵی بە پەلەدایە بۆ رازیکردنی هەولێر بۆ زاڵبوون بەسەر PKK). لێ مەبەست لە زاڵبوونی هەولێر بەسەر PKK سەیر دێتە بەرچاو نازانرێ چۆن زاڵبوونێ؟ بە کام رێگە و شێواز؟ بەڵام ئەو پەرەگرافە نیشانی دەدات ئەوە ئەمەریکا بوو پێشگیریی لە تورکان کرد لە نەبەزاندنی سنوور نەك توانای سیاسیی و سەربازیی و دیلۆماتی کورد گەمارۆی دابن، بۆیە لەم پەیمان و سەردەمە تازەیەی تورکیا لە پەیوەندیی گرتن بە کوردەوە ناکرێ نکۆڵی لە رۆڵی ئەمەریکا لەو بوارەدا بکرێ و فەرامۆش بکرێ، بەڵکو تابلۆکە وا دێتە پێش چاو ئەم هەڵوێستە نوێیەی تورکیا لەسەر پێشنیاری ئەمەریکا بووە و لەوانەشە بەشێك بێت لەو ستراتیژە نوێیەی ئەمەریکا کە لە عێراقی بەهەشتی تیرۆریستاندا پیادەی دەکات.

# دۆزی شاری کەرکووک

---

وەك چۆن ئێران لە ڕێگەی هەندێ ڕەوتی شیعە مەزهەبی توندئاژۆوە دەست لە کاروباری عێراق وەردەدات، سعودیەش لە دوای رووخانی بەعسەوە بە بەردەوامیی بە هۆی هاوسۆزیی مەزهەبییەوە یارمەتی سووننەکانی داوە، ئاوهاش تورکیا مەسەلەی تورکمانی عێراقی کردۆتە بنێشتە خۆشەی ژێر زمانی و کردوویەتییە میکانیزمێك بۆ دەستتێوەردان لە کاروباری عێراق، لێ بە درێژایی هەشتا ساڵی رابردوو لە تورکیا باسێك لە گۆڕێ نەبووە بە ناوی دۆزی تورکمان، بەلاّم لە دوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراقەوە تورکیا هەردەم شینی هەریسەکە دەکات و تورکمانی کردۆتە بەهانەی دەستی بۆ خۆ هەڵقورتاندن لە کاروبارەکانی وڵاتی عێراق، لە کاتێکدا ئەو ئازادییەی تورکمان لەم ماوەیەدا دەستی کەوتووە بە درێژایی هەشتا ساڵی رابردوو نەك هەر لێی مەحروم بووە، بەڵکو رۆژانە لە ژێر هەرەشەی ستەم و تواندنەوەشدا بوو، بێ ئەوەی تورکیای دۆست و بڕبڕە پشتی تورکمان فزەی لێوە هاتبێ!.

تورکیا و میدیاکانی تورك بە ئاشکرا دژایەتی ماددەی 140 دەستووری هەمیشەیی عێراق و بە دیاریکراویی پرۆسەی راپرسی لە شاری کەرکووك دەکەن، لە وەختێکدا ئەوان مافیان پێنەدراوە لە مبارەیەوە بۆچوون و قسەیان هەبێ، لە رێگەی تۆرێکی سەر بەو دەوڵەتەوە

(بەرەی تورکمانی) لە ناوجەرگەی شارەکەدا گرێ و کۆسپ و تەگەرە بۆ ئەو ماددەیە دروست دەکات، رۆژانەش لە رێی هۆیەکانی راگەیاندنەوە لێدوانی بەرپرسانی سیاسیی و سەربازیی تورك دەبیستین لەمەڕ ئەم بەندە و چارەنووسی شاری کەرکووك.

بۆ وێنە رۆژنامەی (The Times) لە راپۆرتە هەواڵێکدا ئاماژەیکردووە بۆ هەوڵەکانی تورکیا بۆ سڕینەوەی ماددەی 140، رۆژنامەکە هێمای کردووە بۆ لێدوانەکانی (ئایگێت ئەلباگۆن) سکرتێری ئەنجوومەنی ئاسایشی تورکیا لە گەشتەکەیدا بۆ ئەمەریکا کە لە سیمینارێکدا بە توندیی هێرشی کردۆتە سەر کوردستانێتی شاری کەرکووك و داوای کردووە راپرسی بۆ چوار ساڵی تر دوا بخرێت. ئەو وتوویەتی: بەهەموو شێوەیەك بەرپەرچی هەر هەوڵێکی کوردەکان دەدەنەوە ئەگەر بیانەوێت پێکهاتەی دانیشتوانی شاری کەرکووك بگۆڕن. دیارە پاساوەکانی کاربەدەستانی ئەنکەرا بۆ دواخستنی راپرسی و دژایەتی جێبەجێکردنی مادەی 140 پاراستنی سەلامەتیی تورکمانەکانە کە بەحیسابی ئەوان لە ژێر هەڕەشەی ئاپارتاید و لە ناوچووندان و ئەو بەندەش ئەوەندەی تر مافەکانیان دەسڕێتەوە و شارەکەیان لێ زەوت دەکا!!.

ریچارد هۆلبرووك، دەربارەی ئەوە نوسیوویەتی (تورکەکان ئەوانەی چەندین جار ئاماژە و دووپاتیان کردۆتەوە لەمەڕ مەترسییەکانی سەر تورکمانی ئامۆزایان کە لە کەرکووك دەژین، دەڵێن ئەوان بەو جۆرە ریفراندۆمە رازی نین)، هۆلبرووك لەو رووەوە ناوبژیوانیی ئەمەریکا بە

پێویست دەزانێت، لەوەش نیگەرانە دانوستانەکانی ژەنەراڵ راڵستۆن دۆزی کەرکووکی نەگرتۆتە خۆی. یەکێکی تر لەمەترسییەکانی تورکیا ئەوەیە دەزانن جێبەجێکردنی راپرسی لە کەرکووکدا چارەنووسی شارەکە دەگێڕێتەوە بۆ سەر دەسەڵاتداریێتی کوردستان، ئەوان لەم فراوانبوونەی جوگرافیای دەسەڵاتی کورد دەترسن، بەو هۆکارەی دەبینن کورد دەکاتە خاوەنی دەوڵەت، بە بۆچوونی ئەنکەرا گەڕانەوەی کەرکووک بۆ سەر کوردستان هاوکاتە لەگەڵ راگەیاندنی یەکەم دەوڵەتی کوردیی.

سەرکردە سەربازییەکانی تورکیا زۆر لەوە نیگەرانن و بەردەوام هۆشداریی دەدەن بە سیاسییەکان کە کەرکووک کلیلی دەوڵەتی کوردستانە و بەهەر نرخێکە دەبێ پێشگیریی لێبکرێت. یاشار بیوک، سەرۆکی هێزە چەکدارەکانی تورک لە واشنتۆن بە شەفافی و بێ پەردە وتی: کەرکووک عێراقێکی بچکۆلەیە و پێویستە رێگە نەدرێت کوردەکان دەستی بەسەردا بگرن. هەندێکیش لە نووسەران و توێژەرانی ستراتیژی زیاتر لە PKK گرنگی بە پرسی کەرکووک دەدەن و پێیانوایە دەبێت حکوومەتی تورکیا لە بری ئەو گرنگییەی بە پرسی PKK دەدات پێویستە بە کەرکوکی بدات، نموونەی ئەو کەسانەشی ئەم رایەیان هەیە (فیکرەت بیلا)یە، ئەو لە رۆژنامەی (میللیەت) ئەو سەرنجەی خۆی خستۆتە روو کاتێک نووسیویەتی "ئایا تورکیا بە ئەندازەی مەسەلەی PKK گرنگی بە کێشەی کەرکووک دەدات؟".

تورکیا هەمیشە لەوە ترساوە کەرکووک بگەڕێتەوە بۆ سەر کوردستان، چوونکە بە پلەی یەکەم بە پێش مەرجی دەوڵەتی کوردیی دەزانێ، ترسی تورکیش بە بەرینی مێژوو ترس بووە لە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردیی. ڕیچارد هۆلبرووك، دەنووسێت "هەمیشە تورکیا و ئێران دژی سەربەخۆیی کوردەکانی عێراق بوونە، ئەمەش لەبەر ئەوەی هەردوولایان لە کوردستانێکی سەربەخۆ لەسەر سنوورەکانیان دەترسن کە ڕەنگە هانی جووڵانەوە جوداخوازەکانی نێو کوردە بێ شومارەکانی ناو ئەم دوو دەوڵەتەش بدات".

هەرچەند ئەو مەترسیانەی تورکیا لە جێگەی خۆیدا نییە، بەڵام ڕۆژانە لە ڕێی ڕاگەیاندن و سیاسەتی دەوڵەتەوە لە تورکیا بەرهەم دەهێنرێنەوە و لە پاکەتی نوێدا پێشکەش دەکرێن، تورکەکان تووشی فۆبیایەکی کوشندە بوون لە بارەی کوردەوە کە دەکرێت ناویبنێین کوردۆفۆبیا، هەموو هەنگاو و پلانێکی کورد بە مەترسی لەسەر خۆیان لێکدەدەنەوە و لێی دەترسن. هەندێجار ئەم ترسە چوّتە خانەی گاڵتەجاڕییەوە، بۆ نموونە (ئەحمەد داود ئۆغلۆ)ی ڕاوێژکاری سەرۆك وەزیرانی تورکیا لەم چەند ڕۆژەدا لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ تۆڕی تەلەفزیۆنی TRTی تورکی وتی "نیشتەجێکردنی هێزەکانی ناتۆ لە باکووری عێراق، پێگەی کوردەکان بەهێز دەکات و ئەمەش هەڕەشەیە بۆ سەر یەکپارچەیی تورکیا".

ئەم لێدوانە دوای ئەوە هات کە بڕیارە 1500 سەربازی سەر بە هێزەکانی ناتۆ لە باشووری کوردستان نیشتەجێ بکرێن. سەیرەکە

لەوێدایە ئاخۆ ڕەوانەکردنی سەربازی ناتۆ چ پیلانێکی لە پشتەوەیە دژ بە تورکیا و لە بەرژەوەندیی کورد؟ ئاخۆ بۆ دەبێت هەموو سەکەوتنێکی کورد یەکسان بکرێت لەگەڵ شکستی تورك؟ بۆچی دەوڵەتی کوردیی تەنیا و تەنیا مایەی سەر ئێشەی تورکە؟. مەسەلەی کەرکووك لە ڕوانگەی تورکیاوە مەسەلەیەکی هەستیارە، هەروەك وتیشم دەوڵی کوردیی پێوە گرێ دەدرێت، بۆیە دەیانەوێ ڕۆڵیان هەبێ لە وەرچەرخانەکانی داهاتووی ئەم شارە کە کەرکووك وەك شارێکی عێراقی بەو دیمۆگرافیا شێواوەوە بمێنێتەوە، تاکو کوردان نەتوانن زاڵبن و بینای حکوومەتەکەیانی لەسەر هەڵبچنن.

ئەگەر تورکیا خوازیاری هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێیە لە پەیوەندیی سیاسیی و بازرگانی لەگەڵ کوردستان پێویستە بە پلەی یەکەم دەست لە کاروباری کەرکووك وەرنەدات و ئاڵۆزیی نەخاتە بەردەم پرۆسەی ئاسایکردنەوە و ڕاپرسی و گێڕانەوەی عەرەب دەهەزارییەکان لە شارەکەدا. ئەو هەنگاوەی زامنی پەیوەندییەکی سەرکەوتوو دەکات لە نێوان هەردوولادا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تورکیا واز بهێنێت لە قورمیشکردنی هەندێ تورکمان و بەرەی تورکمانی تا ئەگەر ئاڵۆزییەك هەبێت بۆ ئاشتی و پێکەوە ژیانی برایانە بگۆڕدرێت.

ناکرێت حکوومەتی تورکیا بە گوێرەی تێڕوانینی ئەدیب باشەر (ڕێکخەری حکوومەتی تورکیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی PKK) ڕوانگەکانی لە قاڵب بدات. چوونکە (باشەر) هەتا کاتی لێدوانەکەی ئەردۆگان لایەنگری دانوستان بوو لەگەڵ گەریلا و پەکەکە، کەچی هەر

دوای لێدوانەکە بە پێچەوانە رایەکانی گۆڕی و دژی پەیوەندیی گرتن وەستا لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا و لە میانەی پرێس کۆنفرانسێکدا وتی: هەرگیز نابێ تورکیا ئەوە قبوڵ بکات وەك سەرۆك دەوڵەتێك دانوستان لەگەڵ مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەنجام بدات.

ئەم هەڵوێستە و ئەو دەمارە پڕ خوێنەی توندئاژۆیی هیچ خزمەتێك بە پرسی ئاشتی و سەقامگیریی ناکات، چوونکە تورکیا لە کۆمەڵێك قەیرانی کوشندەدایە چ لە رووی سیاسییەوە کە دۆزی ئەرمەن دەنگدانەوەی زیاتری پەیدا کردووە، تەنانەت ئەم وارە چۆتە ناوباس و تەوەری کۆنگرێس و دەوڵەتی ئەمەریکاوە. لەلایەکی دی پرسی مافی کوردان و مافی مرۆڤ و ئازادیی بیروڕای سیاسیی لە حاڵی خراپدان. چ لە رووی ئابوورییەوە کە ژێرخانی ئابووری تورکیا داتەپیوە و لە ژێر قەرزێکی بێشوماری کەڵەکەبوودا دەناڵێنێ، جگە لەوەش چاوی لەوە بڕیوە لە یەکێتی ئەورووپا بە ئەندام وەربگیرێ، بۆیە ئەو بارەی ئەمڕۆ تورکیا تیایدا دەژی یارمەتیدەری ئەوە نییە پەیوەندیی خۆی لەگەڵ کوردستاندا ئاڵۆز بکات، بەڵکو پێویستە رێزی دەستکەوت و دۆخە دیفاکتۆکەی باشوور بگرێ و پەیوەندیی هێمنانەی پێوەبکات و دەست لە کاروباری کەرکووك وەرنەدات و لێبگەڕێ خودی کەرکوکییەکان چارەنووسی شارەکەیان یەکلا بکەنەوە.

# پرسی PKK

-------------

پاش لێدوانەکەی ئەردۆگان پرسی PKK لە کوێی هاوکێشەکەدا لەنگەر دەگرێت؟ ئایا ڕێککەوتنی کوردانی باشوور و تورکان دەبێتە هۆی هاڕینی چارەنووسی ئەو بزاڤە لە بەرداشەکەدا؟ یان ئەم ڕێکەوتنە ئاسۆیەکیش بە ڕووی پارتی کرێکارانی کوردستاندا دەکاتەوە؟. ئیلنوور چەڤێك نووسەر و ڕۆژنامەوانی تورك پێیوایە (کلیلی چارەسەری کێشەی PKK لە دەستی کوردی عێراقدایە) ئەمەش تایتڵی یەکێك لەو ستونانەیەتی کە بەردەوام لە گۆڤاری هەفتانەی گولاندا دەینووسێت، ئەو وا بیر دەکاتەوە سەرکردایەتی سیاسیی باشوور دوای ڕازیکردنی گەریلاکانی PKK بۆ ئاگربەست لەگەڵ تورکیا و ڕاگرتنی جەنگ (بە یەکلایەنە) ئەرکێکی تر لە ئەستۆیانە، ئەویش ڕووبەڕووبوونەوەی پەکەکەیە، لە بەرامبەریشدا پێیوایە دەبێت تورکیا بوار بدات بە PKK تا ببێتە ڕێکخراوێکی ئاشتیخواز نەك چەکدار.

ڕاستییەکەشی هەر ئەوەیە ناکرێ لە چارەسەرکردنی کێشەی پەکەکەدا ڕەچاوی ڕۆڵی سەرکردایەتی سیاسیی کوردانی باشوور نەکرێت، چوونکە بەشی شێری گەریلاکان لە نێو ئەم بەشەی کوردستاندان، قەندیل پایتەختی گەریلایە، لە هەمان کاتدا چەندان کەمپی ئاوارەکانی باکوور کە بەشی زۆریان لایەنگری PKKن هەر لە خاکی باشووردان.

بێگومان لە پەیوەندیی گرتنی نوێی نێوان توکیا و کورداندا پرسی پەککە یەکێك دەبێت لە پرسە هەرە گرنگەکانی لەسەر وەستان و مشتومڕ، هەندێك لە چاودێران و سیاسەتمەداری کورد و تورك لەو بڕوایەدان ئەم ڕێککەوتنە تازەیە سەفەقەکەیە بۆ سنووردارکردنی چالاکی یان بۆ روو بەڕووبوونەوەی PKK.

بۆ وێنە (دوگان ئەرباش) سەرۆکی لقی ئەستەنبۆڵی پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات (DTP) لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامەی (ئاسۆ) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات تورکەکان لەم پەیوەندییە نوێیەدا نیازپاك نین، بەڵکو تورکیا دەیەوێ لەو ڕێگەیەوە یەکڕیزیی و تەبایی نێوان کوردان تێکبدات، چوونکە PKK تەنیا لە قەندیل بوونیان نییە، بەڵکو لە دیاربەکر و دەرسیم و شاخەکانی باکووریشدا هەن، بەڵام ورووژاندنی بوونی گەریلاکان لە چیای قەندیل پلانێکی تورکە بۆ تێکبەردانی کورد و هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆ. نیوبراو لە هەمان لێدواندا پێداگریی لە سەر ئەوە دەکات ئامانجی تورکیا لە گفتوگۆکردن بۆ دۆزینەوەی میکانیزمێکی نوێیە بۆ لە ناوبردنی PKK پێش کۆتایی هاتنی دەرفەت لەبەردەم ئەردۆگان تا کاتی هەڵبژاردن.

خۆ ئەگەر پرسی PKK لەدانوستانی ئۆردوگاندا هاتە پێشەوە (بێگومان دێتە پێشەوە) سەرکردایەتی کورد دەکەوێتە بەر دووڕیانێکی قورسەوە.

یەکەم: ئەگەر لایەنی کوردیی لەسەر حیسابی PKK رێکەوتن لەگەڵ ئەنکەرا سازبدات لە رووی نەتەوەییەوە خیانەتێکە و دەچێتە پاڵ خیانەتەکانی تر لە مێژووی بزووتنەوەکانی گەلی کورددا.

دووەم: ئەگەر لایەنی کوردیی تەنازول لە بەدەستەوەدانی PKK نەکات و سووربێ لەسەر ئەو سیاسەتە رەنگبێ کوردستان بەر زیانگەلێکی زۆر بکەوێت:

أ-بەوەی تورکەکان کێشە بۆ ئاسایشی کوردستان دروست بکەن لە رێگەی وروژاندنی ناوخۆی کوردستانەوە.

ب-رەنگە تورکیا زیاتر لەوە دەست لە کاروباری کەرکووك وەربدات کە کاریگەریی نەرێنی دەبێت بۆ سەر دۆزی ماددەی 140 کە چارەنووسی ئەو شارەی پێوەگرێدراوە.

ج-لە رووی ئابووری و بازرگانییەوە زیانی دەبێت ئەویش بە کشانەوەی کۆمپانیا و بەرهەمهێنە تورکەکان و داخستنی سنوورەکانی خۆی لەگەڵ هەرێم.

هەروەها گرتنەوەی خزمەتگوزارییەکانی لە کوردستان، بۆ وێنە بڕینی تەزووی کارەبا لە شاری دهۆك. تورکیا بە حوکمی هەڵکەوتە جوگرافییەکەی دەتوانێت زۆرترین کارتێکردنی بەسەر رەوشی ژیانی ئابووری و سیاسییەوە هەبێ لە باشووری کوردستاندا، لەگەڵ ئەوەی بەدەستەوەدانی PKK خیانەتە بەڵام پەیوەندیی دابڕین و بەهاناوە نەچوونی لێدوانەکەی ئەردۆگان خیانەتێکی لەوە گەورەترە دەرهەق بە

جەماوەر، چوونکە سیاسەت رۆمانسییەت نییە، ئەوپەڕی ریالیزمە دەبێ زۆر ریالیانە مامەڵەی لە تەکدا بکرێت نەك شاعیرانە.

بە بۆچوونی من ریگەی سێیەم هەیە، ئەویش رێگەی گفتوگۆیەکی دوولایەنەیە کە هەم PKK خاکی کوردستان (باشوور) بۆ چالاکی و کردەوە سەربازییەکانی بەکارنەهێنێت، هەم تورکیا بارودۆخی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان بە رەسمی بناسێ و خۆی بە دووربگرێ لە هەر دەستێوەردانێکی ئاشکرا و نهێنی لە کاروبارەکانی هەرێمەکە، ئەرکی سیاسەتمەداری کوردە و قورسایی دیبلۆماتی کوردیی لێرەکانەوە دەردەکەوێت کە چلۆن دەتوانێت هەنگاوەکان بەم رێگەیەدا دەست پێبکات، تاکو کورد چ وەك دەسەڵاتی خۆ بەڕێوەبەری باشوور چ وەك جووڵانەوەیەکی چەکداریی ئازایخواز (PKK) بێ زەرەر و زیان دەربچێت، ئەم ئەرکە ئاسان نییە بەڵام ئەوەش هەر ئاسان نییە هەر کام لەو دوو ئیختیارەی پێشتر هەڵبژێرین.

هەر ئەوەندە ماوە بپرسین ئاخۆ سەرکردایەتی سیاسیی کورد لە باشوور کامە رێگە دەگرێتە بەر؟. ئایا هەنگاوەکانی ئایندەی بۆ پاراستنی کوردە لە هەر هەڕەشەیەك یان تەنیا پارێزگاریکردنە لە بەرژەوەندیی خۆ؟ PKK جوڵانەوەیەکی نیشتمانی و رزگاریخوازە، ئەم وڵاتەش وڵاتی ئەوانە، ئەگەر لەم خاکە دەربکرێن، ناتوانن نیشتمانێکی تر بدۆزنەوە، ئێرە نیشتمانی ئەوانە، ناتوانن بۆ ئاسمان بار بکەن، خاك داگیرکراو ئاسمانیشی نییە. دواجار بە تێڕامانەوە لە خۆم دەپرسم لەم کەین و بەینەدا ئایا چارەنووسی پەککە رووی لە دژوارییە یان نا؟

پرسیارێکی ئاسانە بەڵام وەڵامدانەوەی گەلێك زەحمەت و قورسە، بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێ چاوەڕوانی سیناریۆکانی داهاتوو بین.

تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارەکانی (157- 158) ڕۆژنامەی (کوردستان راپۆرت) لە رۆژەکانی 26-2\27\2007 بلاوبووەتەوە.



# کۆنفرانسی ئەبانت پلاتفۆرم

# سەردەمێکی تازە لە پەیوەندیی کورد و تورك

هەر دوو رۆژی 14–15 ئەم مانگە لە هەولێری پایتەختی باشووری کوردستان، کۆنفرانسی هاوبەشی "ئەبانت پلاتفۆرم" و دەزگای بلاوکردنەوەی موکریانی و زانکۆی سەلاحەدین لە ژێر سەردێڕی "با بەیەکەوە بە دوای ئایندەدا بگەڕێین" بە ئامادەبوونی زیاتر لە سەد و شەست رۆشنبیر و ئەکادیمی و سیاسیی کورد و تورك بەڕێوەچوو. لە ماوەی ئەو دوو رۆژەدا زۆر بابەتی گرێدراو بە پەیوەندیی سیاسیی و فەرهەنگیی و بازگانیی لە نێوان هەردوولادا تاوتوێکران. لە ئەنجامیشدا کاری کۆنفرانسەکە بەدەرەنجامێکی چواردە خاڵیی کۆتایی پێهات.

گرنگترین ئەو ئامانجانەی لە میانەی ئەو چواردە خاڵەشدا جەختیان لێکراوەتەوە بەشێوەیەکی گشتیی لە چوارچێوەی دروستکردنی پەیوەندییەکی نوێی سیاسیی و فەرهەنگیی لە نێوان باشووری کوردستان و دەوڵەتی تورکیادا خۆی دەبینێتەوە. هەرچەندە وا بڕیاربوو ئەم کۆنگرەیە لە شاری ئامەد "دیاربەکر" بەڕێوە بچێت، بەلام دواجار هەولێر دەستنیشانکرا وەك ئەو جێگەیەی کۆنفرانسەکەی تێدا ببەسترێت.

ئەم کۆنگرەیە لەهەموو لایەکەوە و لەسەر ئاستی باڵا لێدوان و قسە و بیروڕای لە یەکتر جودای بە دوای خۆیدا هێنا، بە تایبەت پێشبینی ئەوە دەکرێ گۆڕان لە ناوخۆی دەوڵەتی تورکیا رووبدات بە راستای کرانەوەی سیاسەتی فەرمیی دەوڵەت لەمەڕ مافە کولتووریی و سیاسییەکانی گەلی کورد لە باکووری کوردستان. بەڵام بە داخەوە هاوکات لەگەڵ گرێدانی ئەو کۆنگرەیە، یەکە تایبەتەکانی سەر بەئەرتەشی تورکیا بۆردومانی چەندین ناوچەی باشووری کوردستانیان دەکرد. بەم هۆیەوە جۆرێك لە نائومێدیی بەدی دەکرێت بەوەی بڕوا ناکرێت هیچکام لەو خاڵانەی لە کۆتایی کۆنفرانسدا بڕیاریان لەسەر درا لەلایەن تورکیاوە جێبەجێ بکرێن.

# ئامانجەكانی كۆنفرانس و ویستی سیاسیی كورد

---

بە دڵنیاییەوە بەستنی كۆنگرەی دایەلۆگی كوردیی– توركیی یەكێك دەبێت لە هەوڵ و رێگاچارە دیپلۆماسیی و ئاشتیخوازانەكان لە راستای نزیكخستنەوەی بیروڕای فەرمیی و رامیاریی هەردوولا بەمەبەستی بەرچاو روونی و دۆزینەوەی چارەسەرێكی كاریگەر و گونجاو بۆ كێشەكانی نێوان كورد و توركەكان. ئەگەر كەمێك بگەڕێینەوە بۆ رابردوو، لە چەند ساڵی پێشوودا چەندین كۆنگرەی دایەلۆگ و ئاشتی و لێكتێگەیشتن لە نێوان كورد وعەرەبدا چ لە كوردستان چ لە پایتەختی وڵاتانی عەرەبیی بەڕێوەچووە، كەچی هیچكام لەو كۆنگرانە بچووكترین گۆڕانیان لە رامیاریی رەتكردنەوەی كورد لەلایەن دەوڵەتە عەرەبییەكانەوە دروستنەكردووە، بە پێچەوانەوە كۆنگرەكان زیاتر موجامەلە و تاكتیكی قۆناغ بوون ئەگینا هیچ لایەك بەو ئامانجە بەشدار نەبوون كێشەكان لە رەگوریشەوە چارەسەر بكەن.

لێ ئەمە یەكەمجارە كۆنفرانسێكی كوردیی– توركیی بەو فراوانییە ساز بكرێت، بەڵام زۆرینەی ئاماژەكان پیشانیدەدەن رەنگە چەندان كۆنگرەی دیكەش پێویست بێت بۆ ئەوەی توركەكان لە نزیكەوە بە كێشەی كورد ئاشنا بكرێن، چوونكە زۆرینەیان وێنەیەكی تەواو شێواوی دۆزی نەتەوەیی كوردیان لەلا بەرجەستەتەوە. راستكردنەوەی ئەو بەدحاڵیبوون و وێنە شێوێنراوە كاری زۆر و هەنگاوی پتر و

جیـددیتر دەخوازێـت، نەخاسمـە چارەسـەرکردنی ریشـەیی کێشـە مێژوویـیەکانی نێـوان ئـەو دوو نەتەوەیـە. ئـەم کۆنفرانسـە و چـەندان کۆنفرانسـی تـر لـە ئاینـدەدا پێویسـتن لـە نێـوان کوردسـتان و تورکیـا تـاوەکوو ئـەوەی ببنـە بناغەیـەك بـۆ دەسـتپێکی قۆنـاغێکی تـازە لـە پەیوەندیی دۆستانە لە نێوان هەردوولادا.

رۆژنامەنووسی ناوداری تورك "چەنگیز چاندار" کە ساڵانی رابردوو زۆر نووسـینی دژی کـورد و کوردسـتانێتی کـەرکووك لـە رۆژنامـەکانی تورکیـادا نوسـیووە، یـەکێك بـوو لـە بەشـداربووانی کۆنفرانسـەکە و دەربارەی هاتنیان بۆ هەولێر و بەشدارییکردنی لەو کۆنفرانسە دەڵێت "ئەمرۆ ئێمە وەك کۆمپانیا و وەفدی ئابووری نەهاتووین، بەڵکو ئێمە وەك 100 کـەس لـە رۆژنامـەنووس و رۆشـنبیر و کەسـایەتی تـورك سەردانی کوردستانمان کرد، دڵنیاشین ئەگەر بێت و هەردوو میللەتی کـورد و تـورك وەك یـەکتر لەیـەك تێبگـەن ئـەوە چارەسـەرکردنی پرسـی کورد ئاسان دەبێت".

لای خۆیەوە "حوسێن عەونی" کونسوڵی دەوڵەتی تورکیا لە موسڵ لە وتارەکەی خۆیدا لە میانەی کۆنفرانسەکەدا هەمان بۆچوون دووپات دەکاتەوە و دەڵێت "ئێوە لەو هەرێمە بەڕێزەدا برای ئێمەن، چۆن لە رۆژانی ناخۆشدا بەیەکەوە بووین، ئەمڕۆش لە خزمەتداین. بێگومان کاتێك ماڵە دراوسێیەك ئاگری تێبەربێت، دراوسێکانی فریای دەکەون، ئێمەش ئەو پەیوەندییە دۆستانە و مرۆڤانەیە کۆمان دەکاتەوە".

ئەگەرچی ئەمجۆرە لێدوان و دانپێدانانە پێشکەوتن و گۆڕانن ل ەسیاسەتی تورکیادا بە بەراوورد بە پێشان کە تەنانەت نکۆڵی لە بوونی کورد دەکرا لەو بەشە داگیرکراوەی کوردستان، بەڵام لێدوانی رۆژنامەگەریی و ئاخاوتنی نێو کۆڕ و کۆنفرانسەکان بە تەنیا، بەس نین بۆ هێنانە ئارای گۆڕانی جیددی لە بارودۆخی رامیاریی کوردەکاندا، چوونکە چارەسەری دۆزی کورد هەروەك نووسەری کوردی بەشداربووی کۆنفرانسەکە "ئاڵتان تان" دەڵێ "بە دیموکراسی و پێدانی مافە نەتەوەییەکان دەستەبەر دەکرێت". کەواتە مافی ئەوەمان هەیە بپرسین ئایا تورکیا گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی مافە نەتەوەییەکان بە کورد بدات و دیموکراسییەکی راستەقینە لەسەرتاسەری وڵاتدا بێ جیاوازیی پەیڕەو بکات؟ بە بێ ئەو کارە ئامانج و مشتومڕی سەدان کۆنگرەی تر بەتاڵ و دەپوکێتەوە و لە زۆربێژیی بەولاوە هیچ واتایەکی تریان نابێت.

# دەرئەنجامەکانی کۆنفرانس

---------------------------

زیاتر لە شەش ساڵە دۆخی سیاسیی باشووری کوردستان و تورکیا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گرژیی زۆرتر بەخۆیەوە دەبینێت، ئەویش بەهۆی پێشکەوتنی دەستکەوتەکانی کوردی باشوور و پێداگرییکردن لەسەر کوردستانێتی کەرکووك و هەبوونی گەریلا ئازادیخوازەکانی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە. وەزعەکە گەیشتبووە سەر لێواری تەقینەوە و پێکداهەڵپرژان، بۆ هێور و ئاساییکردنەوەی ئەو بارگرژییانە کۆنفرانسی دایەلۆگ و لێکتێگەیشتن لە پێش هەر کارێکی ترەوە بوو. ئامانجی بەستنی ئەو کۆنفرانسە دوو ڕۆژییەش هەر لەو ڕاستایەدا بوو.

سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین "د.محەمەد سدیق خۆشناو" کە زانکۆکەی یەکێك بوو لە لایەنەکانی ڕێکخەری کۆنفرانسەکە رایدەگەیەنێت "گرژیی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان وایکرد ئەم کۆنفرانسە ببەسترێت، ئێستا تورکیا بەرەو ریفۆرم دەڕوات و ئەوان داوایان کرد کۆنفرانس لەسەر پەیوەندیی و کولتوور و رۆشنبیریی و ئەکادیمیی لە هەولێر سازبکرێت". لە کۆتایی کۆنفرانسەکەشدا بەلاغێکی هاوبەش بۆ رای گشتیی وەك پوختەی دەرئەنجامەکان لەچوارده خاڵدا بلاّوکرایەوە کە خۆیان لەم خاڵانەدا دەبیننەوە.

1–پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق جگە لەوەی خزمەت بە هەردوولا دەکات، هەروەها ئاشتی و سەقامگیریی بۆ هەموو ناوچەکە دابین دەکات و بۆ کورد و عەرەب و تورکمان و ئاشووری و سریان و کلدان و ئەرمەن و هەموو خەڵکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سوودبەخش دەبێت.

2–مێژوو، جوگرافیا و کولتوور. تورك و کوردیان کردۆتە برا، ئەرکی سەرشانمانە رایەڵی ئەم برایەتییە بەهێزتر بکەین.

3–هەموو سیاسەتێك لەسەر بنەمای ئیتنۆ ناسیۆنالیزم دامەزرابێت، رەتی دەکەینەوە.

4–سنووری تورکیا لەگەڵ عێراق، دەرگای ئەورووپایە بە رووی عێراقدا، سنووری عێراقیش لەگەڵ تورکیا ئەو دەرگایەیە بە رووی دیرۆك و مەدەنییەتدا کراوەتەوە، پێویستە ئەم دەرگایانە تاهەتایە بە والأیی بمێننەوە.

5–شانبەشانی سیاسەت پێویستە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق لە بوارەکانی کولتوور و ئابووری و بازرگانی و پەروەردە و تەندروستی پەرەیان پێبدرێت و هاوکاریی زیاتر لە نێوانیاندا بەرجەستە بکرێت.

6– پێویستە کاری بە پەلە بکرێت بۆ ئاسانکاریی هاموشۆ لە سنوورەکان.

7– بەشداربووان رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ کە یاسا زامنیان بیٚ، وەك پڕ بەهاترین خاڵی هاوبەش دابنێن.

8– پێویستە هەموو لایەك بۆ هێنانە كایە و فراوانكردنی زەمینەی لێبوردەیی و دیالۆگ سوود لە هەموو دەرفەت و ئامرازێك وەربگرن.

9–هەموو لایەك سوورن لەسەر ئەوەی پێویستە مافە دیموكراتیی و ئازادییەكان زامن بكرێن، دامەزراوە دیموكراتییەكان بەهێز بكرێن و لە پەیوەندییەكاندا كارەكتەرە دیموكراتییەكان بخرێنەگەڕ.

10–بەشداربووان بەستنی كۆنفرانسێك لە هەولێر بۆ گفتوگۆكردن لە نێوانی پارتە سیاسییە كوردییەكان بۆ چارەسەرێكی ئاشتییانەی دیموكراتی بە كارێكی ئەرێنی لە قەڵەم دەدەن.

11–هەوڵ دەدرێت زمانێك لە میدیادا باڵادەست بێت كە ئاشتیخوازانە و بەڕێز و بیناكەر بێت.

12– بەشداربووان بەكارهێنانی توندوتیژیی لە هەموو چارەسەرێكدا رەتدەكەنەوە.

13–بەباشی دەزانین هەل و پێویستییەك بڕەخسێنرێن بۆ بەستن و فراوانكردنی ئەم جۆرە كۆبوونەوە و دیدارانە و بەردەوامبوونیان.

14–كردنەوەی كونسوڵخانەی توركیا لە هەولێر و نووسینگەی حكوومەتی هەرێمی كوردستانی عێراق لە ئەنكەرە ئومێدی بەشداربووانە.

هەر یەك لەم خاڵانە رەهەندی جۆرا و جۆریان هەیە و پیادەكردنیان لەلایەن هەردوولاوە نەك دەبێتە زامنی بەرژەوەندیی باڵای ئابووری و سیاسیی، دەشبێتە سەرەتایەكی پرشنگدار بە ئاقاری چەسپاندن و جێكەوتنی ئارامی و ئاشتییەكی بێوێنە لە تەواوی ناوچەكەدا. چون

کۆتاییهێنان بە تەنگژە و کێشەیەکی لە مێژینە، خۆی لە خۆیدا مانای دەستپێکردنی قۆناغێکی ترە لە مێژوو کە پێچەوانەوەی پێشانە.
نایشارمەوە هەرگیز چاوەڕوان نەبووم کۆنگرەکە بگاتە وەها ئاکامێك، بگرە پێشبینیم دەکرد هەر هیچ نەبێت ژمارەیەك لە میوانە تورکەکان بە ئاڕاستەیەکی پێچەوانەی ئەم دەرئەنجامانەوە بیربکەنەوە، بەڵام ئەم ئاکامە موژدەبەخش و ئیجابییە هیچ نەبێت دەیسەلمێنێت ئەگەر دەوڵەتیش نەگەیشتبێتە قەناعەتێکی تەواو لەگەڵ کورددا، ئەوا ژمارەیەکی باشی ڕۆشنبیرو ئەکادیمی و ڕۆژنامەنووسی تورک ڕوانینی کەمالیزمیان ئاوەژوو کردۆتەوە و ئامادەن گوێ شل بکەن بۆ ئەو دۆستە نوێیانەی سەد ساڵ زیاترە، رامیاریی لە وڵاتەکەیاندا وەك دێو و درنج و نەیارێکی کێویی وێنای نەخشاندوون.

# ئیسلامیزم و ئەبانت پلاتفۆرم

-----------------------------

بەشێك لە چاودێران و تەنانەت رامیارانی کورد رەشبینی خۆیان نیشاندا لەمەڕ ئەو کۆنفرانسە بەهۆی ئەوەی خودی ئەبانت پلاتفۆرم و هەڵسوڕێنەرانی کۆنفرانسەکە لە روانگەیەکی ئیسلامیی و بەباکگراوەندێکی ئاینییانەوە تەماشای وارەکە دەکەن. "عەبدوڵلا دەمیرباش" ئەندامی ئەنجوومەنی پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات "دەتەپە" لەو روانگەوە رایگەیاند "بەستنی ئەو کۆنفرانسەمان لە چاپەمەنییەوە بیست، بەڵام ئێمە باوەڕمان وایە کۆنفرانسێك گرووپی فەتحوڵلا گولەن یان پلاتفۆرمی ئەبانت سازیبدات سەرکەوتوو نابێت، چوونکە تێڕوانینی ئەوان لە روانگەی ئاینەوەیە نەك نەتەوە".

هەر لەسەر هەمان پرس "ئاریێز عەبدوڵلا" سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانی پارلەمانی کوردستان دەڵێت "دەبینم ئەوانەی لەپشتی پلاتفۆرمن ئەوەندەی مەسەلەی نەتەوایەتی کورد لە بۆتەی ئیسلامیدا دەتوێننەوە ئەوەندە مەبەستیان نییە مەسەلەی نەتەوەیی کورد چ لە تورکیا و چ لە شوێنەکانی تریش بە رێگای دیموکراتی و سەردەمیانە چارەسەر بکەن". ئەگەرچی پرۆفیسۆر "مومتاز ئەرتورك ئۆنە" کە یەکێك بوو لەرێکخەرانی کۆنفرانسەکە رەتیدەکاتەوە ئەبانت پلاتفۆرم دەزگایەکی ئیسلامی بێت و خەڵکانی ئیسلامی بەڕێوەی بەرن تا ئەوەی دەڵێت سەرپەرشتیاری پلاتفۆرمەکە کەسێکی عەلمانی و بێ ئاینە،

بەڵام ناتوانێت ئەوە بسەلمێنێت خودی پلاتفۆرم و ئەو کەسانەی لە دەستەی هەڵسوڕێنەری کۆنفرانسەکە بوون لە ژێر کاریگەریی تێزەکانی "محەمەد فەتحووڵلا گولەن" نین کە یەکێکە لە تیۆریسیۆنە موسڵمانە میانڕەوەکانی تورکیا و خوێندکار و شوێنکەوتووی ڕێبازی عارف و زانای ئیسلامی ناسراوی بە ڕەگەز کورد "سەعیدی نەورەسی".

لەوسەریشەوە پێویستە بە بیری بهێنینەوە خوێندنەوەی وتاری "گولەن" لە کۆنفرانسەکەدا دەیسەلمێنێت نێوبراو پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەو کۆنفرانسەوە هەیە، وەختە بڵێین ئەو لەپشتی ئەو هەنگاوەوە ڕاوەستاوە. بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە پرسیاری لەبارەوە بکەین: ئایا کۆنفرانسێك تەوژمێکی ئیسلامی پێشنیاری کردبێت دەتوانێت چارەسەری کێشەیەکی لەمێژینەی نەتەوەیەك بکات؟ بەبڕوای من خاسیەتی کێشەی کورد بە فۆرمێکە هێز و گرۆ ئیسلامیی و ئاینییەکان دەرەقەتی چارەکردنی نایەن، چوونکە ئەو چارەکردنە بەپلەی یەکەم بەستراوەتەوە بە دیموکراسییەوە.

"مومتاز ئەرتوك" کە خۆی یەکێك بوو لەبەشدارانی کۆنفرانسەکە لەسەر ئەو قەناعەتەیە ئیسلامییەکان و هێزە مەزهەبییەکان ناتوانن کێشەیەکی ئاڵۆزی وەك کێشەی کورد لە تورکیا چارەسەر بکەن بەتایبەت کە بینیوومانە لە ماوەی نەوەد ساڵی ڕابردوو میدیا و ڕامیاریی و پەروەردە لەو وڵاتەدا کار لەسەر داتاشینی وێنەیەکی دزێو و دوژمنکارانەی نەتەوەی کورد دەکات. سڕینەوەی ئەم وێنەیە بەکاری لاوەکی و چارەسەری لاوەکی نابێت بەڵکو ئەوە پێویستیی بە

گـۆڕانێکی ریشـەیی هەیـە کـە لاموانییـە ئـەو ئیرادەیـە لـە لای هێـزە ئیسلامییەکان لە ئارادا بێت. ئەم فاکتە زۆر ئاشکرایە پەرلەمانتارێکی کوردستانی هێناوەتە سەر ئەو بڕوایەی بڵێت "ئەو رێبازە سیاسییەی لەلایـەن فـەتحوڵڵا گولـەن رێبـەری گـەورەی ئیسـلامییە میانڕەوەکـانی تورکیا و پلاتفـۆرم ئەبانتـەوە گیراوەتـە بـەر جگـە لـە کـات بـە فـیڕۆدان هیچی تر نییـە، چوونکە مەسـەلەی نەتـەوەیی مەسـەلەیەکە و مەسـەلەی ئیسلامبوونیش مەسەلەیەکی ترە".

لە واقعیشدا پارتـە ئیسـلامییەکان لـە سەرتاسـەری جیهـانی ئیسـلامیدا کێشـــەی کـــورد بـــە دۆزێکـــی ســـاختە و دروســـتکراوی دەســـتی رۆژئاواییەکان و"زایۆنیزم" دەزانن و ئـەرکی دژایـەتیکردنی بە هـەموو شێوەیەك دەگرنە ئەستۆ. ئەگەرچی داد و گەشـەپێدان مـۆدیلێکی تـەواو جیاوازترە لە تێکڕای پارتە ئیسلامییەکانی تـری دنیا، بـەڵام ئـەم پارتـە هێندەی خوازیارە کورد بخاتە نێو چوارچێوەیەکی ئاینییەوە نیو هێندە ئامادە نییە وەك نەتەوەیەك دان بەمافە دەسـتووریی و قانوونییەکانیـدا بنێت. ئەوەش راستە ئەردۆگان لەم دواییانەدا بە کـوردیی قسـەی کـرد، بەڵام دیسان ئەم دیماگۆگییەتە بە مەبەستی دەرهێنانی بەرەکەیە لە ژێر دەتەپـە بـە تایبـەتی لـە ئامـەد کـە بـەدڵی بـاکووری کوردسـتان دێتـە ژماردن. هەرواش هەڵوێستە توندەکانی ئەردۆگان بەرانبەر ئیسرائیل و نەڕاندن بەسـەر شـیمۆن پێریزدا تـەنیا و تـەنیا راکێشـانی ئیحساساتی موسڵمانانە بە گشتیی، لە نێویاندا راکێشانی سۆزی کوردانی باکوورە کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ بە ئیسلام کاریگەرن.

# ئایا تورکیا بەرەو ریفۆرم و کرانەوە دەڕوات؟

-----------------------------------

دەستەواژەی تورکیا بەرەو ریفۆرم و گۆڕان دەڕوات، یەکێکە لەو چەمکانەی لێرەو لەوێ لە ناوەندی رامیاریی و راگەیاندنی کوردییدا برەوی هەیە. ئەوانەی بڕوایان هێناوە بەوەی داد و گەشەپێدان تورکیا بەرەو گۆڕانی بناغەیی و ریشەیی دەبات و کۆتایی بە بیرۆکەی کەمالیزم دێنێت، هەندێ کرانەوەی لاوەکیی و لێدوانی نەرم و نیانی گول و ئەردۆگان وەك بەڵگە دەهێننەوە. بە بێ ئەوەی ئاوڕ لە دۆخی گشتیی ناوخۆی تورکیا بدەنەوە، بەوەی ئاخۆ لەوەتی ئیسلامییەکانی داد و گەشەپێدان لەسەر تەختی دەسەڵاتن کام گۆڕان روویداوە کە دابڕان لە نێوان دوو تورکیا دروست بکات، بەوەی تورکیا ئەمڕۆ بکاتە تورکیای جیاوازتر و کراوەتر لەوەی دوێنێ؟.

بە پێچەوانەوە ئەگەر لەلایەکەوە هەندێك گەشە و گۆڕان هەبووبێت، لە چەندین لای ترەوە دواکەوتن و داخران و چەقبەستن روویداوە. "سونەر چاگاپتەی" لە "واشنتۆن ئینستیوت"دا دەنووسێت "دوای شەش ساڵ لە دەسەڵاتی داد و گەشەپێدان، تورکەکان ئازادیی و یەکسانییەکی کەمتر لە جارانیان هەیە، بەو جۆرەی زۆر لە هەواڵ و راپۆرتەکان سەبارەت بە ئازادیی میدیا و هاوسەنگیی ژن و پیاو گوزارشتی لێدەکەن. لە نیسانی 2007دا حزبی فەرمانڕەوا یاسایەکی سەبارەت بە ئینتەرنێت دەرکرد کە بووە هۆی داخستنی سایتی YOU TUBE و

بەو شێوەیەش تورکیا تەنیا دەوڵەتێکی ئەوروپییە ئەو سایتە جەماوەرییە دابخات".

ئەگەر گۆڕان لە هەندێ ماف و دەستکەوتی کورددا روویدابێت، ئیتر ئەو واتایە نابەخشێت دەستپێکی گۆڕان لە تورکیا دەستیپێکردووە، چون هاوکات لەگەڵ ئەم پێشڕەوییە وردانەدا پاشەکشەی گەورە گەورەش روویانداوە. بۆ راستیی ئەم قسەیەشمان راپۆرتی رێکخراوە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ و مافی ئازادیی رادەربڕین دەکەینە بەڵگە کە بەردەوام راپۆرتی جۆراوجۆر لەسەر پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادیی رادەربڕین لەو وڵاتە بڵاو دەکەنەوە. لەلایەکی ترەوە لە وەختێکدا بەرپرسانی دەوڵەتی تورکیا باسی گۆڕان و ریفۆرم دەکەن لە مافەکانی کورددا، ویستی ئەرتەش هەر زاڵە و رۆژانە هێزە ئاسمانییەکانی تورکیا ئاسمانی باشووری کوردستان دەبەزێنن و بۆردومانی ناوچە ئازادکراوەکان دەکەن کە تێیدا چەندان هاووڵاتی سیڤیل کوژراون. ئەوەش لە ساتێکدا روو دەدات تورکیا و سەرۆکەکەی بە شپرزەیی و تووڕەییەوە رەخنەیان لە سیاسەتی سەربازیی ئیسرائیلییەکان دەگرت لە سەروەختی بۆردومانەکانی ئەم دواییەی سەر کەرتی غەززە.

پاشان دەوڵەتی تورک ئامادەنییە هێشتا دان بنێت بە تاوانی گەلکوژیی ئەرمەنەکان و جینۆسایدی کوردەکان، هاوکات ئامادە نییە رەوشی زیندانەکان چاك بکات، ئامادە نییە کۆتایی بهێنێت بە بوونی زیندانی سیاسیی لە وڵاتەکەیدا، ئامادە نییە رەوشی ژیانی زیاتر لە بیست

ملیۆن کورد بەرەو چاکتر ببات لە شارە کوردییەکاندا، ئامادە نییە بە پێی بڕگەکانی جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ ئۆجەلان بکات، ئیدی بانگەشەی گۆڕان لە دروشمێکی سواو بەولاوە چیترە؟، ئەدی دەبێت چی بەوانەی لای خۆمان بڵێین بێ ئەوەی هیچ ئاگاییەکیان لە وردەکارییەکانی بارودۆخەکە بێت دەهۆڵی تورکیا بەرەو ریفۆرم و کرانەوە دەکوتن؟.



# لێك نزیكبوونەوەی باشوور- توركیا و پرسی پەكەكە!

---

گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی لە دوایین راپۆرتی بڵاوكراوەی خۆیاندا هێما دەكەن بە"سیاسەتی ئەنكەرا بەرەو عێراق لەسەر دوو بەرژەوەندیی نەتەوەیی دامەزراوە: پاراستنی مانەوەی خاكی وڵاتەكە بە یەكگرتوویی و جەنگان دژی پەكەكە". لە راستیشدا تا بە ئێستا دەگات توركیا بە وردیی تێبینی هەر پێشكەوتنێكی لە دۆزی كوردی باشووردا كردووە كە لەوانەیە بۆ لەمەولا زەمینە ئامادە بكات بۆ دروستبوونی یەكەمین دەوڵەتی كوردیی. لە پاڵیدا سەرنجدان لە جموجووڵەكانی پارتی كرێكارانی كوردستان بە پلەیەكی تر جێی سەرنجی كاربەدەستانی ئەنكەرا بووە. ناشبێت نكۆڵیی لەو راستییە بەرچاوە بكەین هێدی هێدی توركەكان خەریكە ئەو دیدگا باوە بەجێدەهێڵن كە پێیوایە كیانی باشووری كوردستان كاریگەریی نێگەتیڤ دەكاتە سەر ئاسایشی نەتەوەیی توركیا.

هاتنی وەفدە باڵاكانی حكومەتی توركیا و دانیشتنیان لەگەڵ سەركردایەتی سیاسیی كوردستان لە یەكێك لە ماناكانیدا ئەو گۆڕانە دەسەلمێنێت ئێمە باسی لێوە دەكەین. توركەكان ئەمێستا بەو دەرەنجامە گەیشتوون واقیعی ئێستای باشووری كوردستان واقیعێكی

دیفاکتۆیە و پێویستە ڕێزی لێگرن و پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵیدا پەرە پێبدەن. ئەم گۆڕانە لە هەڵوێستی تورکەکان ڕێگاخۆشکەرە بۆ کرانەوەی پەیوەندیی دۆستانە و نێزیك لەگەڵ کوردی باشووردا. بەلاّم لێرەدا واقیعێك بە ناڕۆشنیی ماوەتەوە: ئایا ئەم بە خۆداچوونەوە و کرانەوەیەی تورك لە هەمبەر هەرێمی کوردستان و پێشوازییکردنی سەرکردەکانی کوردی باشوور لێی زەنگێکی مەترسیدار بۆ پەکەکە لێدەدات یان نا؟. چوونکە لەگەڵ هەموو ئەو کرانەوە و ریفۆرمانەی لە ناوخۆی تورکیا ڕوو دەدەن هێشتاش دەوڵەت ڕازی نییە ڕێگاچارەی گونجاو بگرێتە بەر بەمەبەستی دانوستان لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان، تا ئەو مەرزەی دان بەلێبووردنی گشتیشدا نانێت.

پاشان ئەی پەکەکە چۆن موراعاتی دۆخی باشووری کوردستان دەکات؟ ئایا بەبڕیاری سەرپێی و ساکار کێشەی بۆ دروستدەکات یان سیاسەتێکی مامناوەند بۆ بەرژەوەندیی هەردوولا دەگرێتە بەر؟، جاریَ دیار نییە سەرکردەکانی پەکەکە بڕیار بەم ئاڕاستەدا دەدەن یان نا؟. بەلاّم بڕیاری هەرە دروست هەم موراعاتکردنی دۆخی باشوور و هەم بەردەوامیدان بە خەباتە لە باکووری کوردستان. "ئەحمەد دەنیز" بەرپرسی کۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەکەکە رایدەگەیەنێت "ئێمە لە نیگەرانییەکانی بەرپرسانی هەرێمی کوردستان تێدەگەین، بەلاّم تورکەکان هەرگیز بە چەکدانانی پەکەکە ڕازی نابن و نابێت ئێمە خەباتی کورد لە تورکیا بکەینە قوربانی پەیوەندییەکانی هەرێم و تورکیا، دڵنیام بەرپرسانی کورد لە باشوور هەر ئەمەیان دەوێت".

بە داخەوە تورکەکان لە ماوەی 30 ساڵدا نەیانتوانیوە هەزمی پەکەکە بکەن و ئامادەی گفتوگۆبن تا ئەو پارتە لە بزووتنەوەیەکی چەکدارییەوە بگۆڕێت بۆ پارتێکی سیاسیی مۆڵەتپێدراوی کوردیی لە تورکیا و بە ڕێگەی ئاشتیی و دانوستان و میکانیزمی دیموکراتیانە مافە سیاسییەکانی کوردی باکوور پەرە پێبدات. ئەم دووفاقییەی سیاسەتی تورکیا پتر لەوێدا چڕدەبێتەوە، بزووتنەوەیەکی فێندەمینتالیستی و تیرۆریستیی وەك بزووتنەوەی حەماسی فەلەستینی بە ڕێکخراوێکی ئازادیخواز دادەنێت کە شیاوی ڕێزگرتنە، لە بەرامبەریشدا جگە لە دەستەواژەی "تیرۆریست و یاخیگەر" هیچ دەستەواژە و سیفەتێکی تری بۆ پەکەکە بەکارنەهێناوە.

تورکەکان ئەگەر خوازیارن لە بۆتەی کەمالیزم بێنە دەرەوە و مامەڵەیەکی دۆستانە لەگەڵ نەتەوە و کەمە نەتەوەکانی پاڵ دەستیان دروستبکەن، لە سەرەتای ڕێگادا پێویستە دان بە بوون و خەباتیاندا بنێن و دوور لە هەر حەساسیەتێکی ئیتنۆ ناسیۆنالیستیانە مامەڵەیان لەتەکدا بکەن. هەر لەو راستایەدا تورکەکان ئەگەر بیانەوێت کوردەکانی باشوور بکەنە دۆستی خۆیان و دڵنیابن لەوەی نابنە مایەی نائارامیی بۆ سەر ئاسایشیان، ناکرێت ڕۆژانە بە بیانووی پەکەکە لەشکرکێشی بکەنە سەر خاکەکەیان، چوونکە ئەو ڕەفتارانەی تائێستای تورک زۆرێك لە پارتە سیاسیی و کوردییەکانی لە بڕوایەکدا هێشتۆتەوە: پەکەکە بیانوویەکە بۆ ئەوەی تورکەکان دوژمنایەتی باشووری پێبکەن.

هەروەك "فەلەماز باشبوغا" ئەندامی کۆنسەی بەڕێوەبەریی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بۆی چووە "فەلسەفەی تورکیا هەر لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ وایە دان بەبوونی گەلی کورددا نانێت، دەتوانم بە راشکاویی بڵێم تورکیا لە پێناوی پەکەکە هەڕەشە لە باشوور ناکات بەڵکو لەبەر ئەو دەستکەوتانەیە لە باشووردا بەدەستهاتوون". پوختەی قسە ئەوەیە: تورکەکان ئەگەر نیەتیان باشکردنی پەیوەندییەکانیانە لەگەڵ باشووری کوردستان، کارەکە هەر بەوە ناکرێت چەند کۆمپانیایەك لە باشووردا وەبەرهێنان و سەرمایەگوزاریی یان پرۆژەی خزمەتگوزاریی بکەن، یان هەر بەوە نابێت مامەڵەیەکی دوژمنکارانە لەگەڵ دۆخی باشوور نەکەن، بەڵکو رێگای هەرە کاریگەر و ریشەیی چارەسەرکردنی کێشەی کوردە لە باکوور کە ئەو کاتە پەکەکە هیچ شەرعیەتێکی نامێنێت تا ببێتە مایەی سەرئێشە و نائارامیی بۆ دەوڵەتی تورکیا. بەبێ ئەوە، هەموو رێگاکان خولانەوەن لە بازنە بۆشەکەدا.

## دوا وشە

ئینکاریی ناکرێت تورکیای ئەمڕۆ هەمان تورکیای دە ساڵ تەنانەت چوار ساڵ پێش ئێستا نییە، بارودۆخی جیهانیی و ناوخۆییش هەروەك پێشان نییە. کارتێکەرە دەرەکییەکان بە تایبەتی چاوی وڵاتانی ئەندامی یەکێتی ئەوروپا لەسەر تورکیا بەشێك لەدەرگا کلۆمدراوەکانی لەو وڵاتەدا خستۆتە سەر گازەرای پشت. ئەم پەرەسەندنانە کەم تا زۆر رەوشی کوردیشی چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوە خستۆتە بارێکی نوێوە کە رەنگە هەست بە جادوویەك بکەین بەرانبەر بەو هەنگاوە زۆر خێرا و کتوپڕانەی ئەنکەرا بە مەبەستی ریفۆرم لە وەزعیەتی کورد لە وڵاتەکەیدا. هەر کارتێکەرەکانی ئەم سەردەمە تازەیە تورکەکانی ناچار بەدانوستان لەگەڵ کوردەکانی باشوور کردووە.

لەگەڵ داننان بەم راستییانەدا، راستیی تریش ماوە بیانڵێین، چوونکە دۆزی کورد بە ریفۆرمی لابەلا و هەنگاوی کیسەڵ ئاسا ناگاتە دوا چارەسەر، هەروەك لە چەندین بۆنە و نووسینی تردا ئاماژەمان بۆ کردووە، کێشەی کورد لەگەڵ تورك بە گۆڕانێکی بناغەیی لە دیدگای تورکەکان بە پلەی یەکەم دێتە پێشەوە. هەڵتەکاندن و گۆڕ بە گۆڕکردنی کەمالیزم، ئەو ئیدۆلۆژییەی سەدساڵە سایەی کردووە بەسەر خەیاڵدانی تاکی تورکدا پێشمەرجێکی گرنگ و دڵخۆشکەرە. ئاخر وەك چۆن ئاو ناتوانێت ئاگر لە باوەش بگرێت، کەمالیزم لە توانایدا نییە بەرگەی بچووکترین پێشکەوتنی مافی کورد بگرێت.

تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارەکانی (590–591–592) رۆژنامەی (کوردستان راپۆرت) لەرۆژەکانی 23–24–26\2\2009 بڵاوبووەتەوە.

# گرژیی نێوان توركیا – كوردستان

# بۆمبێك له لێواری تەقینەوەدا

مانگی رابردوو پەرلەمانی توركیا بەزۆرینەی دەنگ (507) دەنگی بەڵێ له بەرامبەر (19) دەنگی نەخێر بڕیاری لەشكركێشی بۆ سەر باشووری كوردستان پەسەند كرد بەمەبەستی راوەدونانی گەریلاكانی پارتی كرێكارانی كوردستان، ئەم هەنگاوەی دەوڵەت و سوپای تورك له ئاستی نێودەوڵەتیدا دەنگدانەوەیەكی له رادەبەدەری دایەوە و لەهەمان وەختدا لێكدانەوە و دیتنی جیاجیا هاتنه ئاراوە لەمەڕ مەبەستە راستەقینەكانی لەشكركێشی سوپای تورك، زۆربەی لێكدانەوەكان جەخت لەسەر ئەوە دەكەنەوە ئامانجی توركیا پارتی كرێكارانی كوردستان نییە، ئامانج ئەزموونی باشووری كوردستانه ك هبووەتە مایەی نیگەرانی بۆ توركیا.

هەن پێیانوایە هەر كاتێك پێشكەوتنێك دروست بووبێت له راستای جێبەجێكردنی ماددەی 140 دەستووری هەمیشەیی عێراقی، توركیا هەڕەشەی له هەرێم كردووە، خاوەنانی ئەم بۆچوونه وا سەیری هەڕەشەكانی سوپای تورك دەكەن هەوڵێكه بۆ دواخستنی بڕگەكانی ماددەی 140. د. مەحمود عوسمان ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق له لێدوانێكیدا بۆ رۆژنامەی ئاوێنه گومانی زیاتر دەوروژێنێ و

پێیوایــە (یــەکێك لــە ئامانجــەکانی لەشکرکێشــی تورکیــا مەســعود بارزانی)یە. بە هەمان شێوە (سیادەت لاچنەر) پێیوایە ئامانجی ئەو ئابلۆقەیەی تورکیا دەیەوێت بیخاتە سەر کوردستان پەکەکە نییە بەڵکو مەسعود بارزانییە، بە کورتییەکەی ئامانجی یەکەم پیرمامە نەك قەندیل.



# ئەگەرەکانی لەشکرکێشی

-----------------------

بۆچوونی سیاسەتمەدارانی کورد و ناکورد کۆك نییە لەمەڕ ئەگەری لەشکرکێشی، بەشی هەرە زۆریان لەو بڕوایەدان تورکیا لەشکرکێشی ناکات یان سنووردارانە هەڵمەتێك دەکاتە سەر هەندێك بنکەی گەریلا، چوونکە بەدەر لەوەی ئەمەریکا ڕەزامەندیی نیشان نادات، لە هەمان کاتدا سوپای تورك ڕووبەڕووی بەرەنگارییەکی قورس دەبێتەوە لە ناو خاکی باشووردا، لەبەرئەوەی لە کاتی بەزاندنی سنووردا پارتەکانی باشوور بەتایبەتی پارتی و یەکێتی ڕێگریی دروست دەکەن بۆ ئەو سوپایە، ئەمەش لەسەر زاری (جەبار یاوەر)ی وتەبێژی هێزەکانی پاراستنی هەرێمەوە روون کراوەتەوە (قابیلە دەستەوەستان بوەستین، ئێمە ڕێگە بۆ سوپای تورکیا چۆڵ ناکەین و بەرگریی دەکەین).

ئەم لێدوانەش بە دوای ئەو لێدوانەی (مەسعود بارزانی)دا هات کە لەمیانەی چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی (ئەلجەزیرە) وتی (ئەگەر ئەوان لەگەڵ پەکەکە شەڕ بکەن لەسەر سنووری خۆیان و لە ناو خاکی خۆیان ئەمە پەیوەندیی بە ئێمەوە نییە، بەڵام ئەگەر بەبیانووی لێدانی پەکەکەوە تورکیا کوردستان داگیربکات و ئەزموونەکەی تێکبشکێنێت بێگومان ئەوە داگیرکاریی و دوژمندارییەکی سەرسەختە). لی هەڵوێستەکانی سەرکردایەتی کورد یەك نەبوو و جیاوازیی زۆر

بەدیدەكرا لە لێدوانەكانیاندا، بەڵام لە سەرەتاوە لێدوانەكانی سەرۆكی هەرێم بەوجۆرە بوو قبوڵی لەشكركێشی ناكەن.

لایەنگرانی ئەو بۆچوونەی ئەگەری لەشكركێشی ئەگەرێكی لاوازە، بەردەوام جەختیان لەسەر ئەوە دەكەنەوە ئەمەریكا پێشگیریی لە هەر ئۆپەراسیۆنێك دەكات، چوونكە دۆخی عێراق زیاتر دەئاڵۆزكێنێت و بەرژەوەندییەكانی ئەمەریكا بە رادەیەكی زیاتر دەخاتە ژێر مەترسییەوە، لەو رووەوە رۆژنامەی (فایناشنال تایمز) دەنووسێت (هێرشی سوپای توركیا بۆ سەر عێراق بۆ ئەمەریكا دەبێتە كابووس).
هەمان ئەم بۆچوونەش لە ناوخۆی توركیادا لە ئارادایە، بۆ وێنە (ئەشرەف ئەردەم) جێگری سەرۆكی پارتی CHP (پارتەكەی بایكاڵ) و پەرلەمانتاری ئەنقەرە دەنگی نەخێری دا بە لەشكركێشی و رایگەیاند (لەوە دەترسم توركیا بكەوێتە هەمان ئەو زەلكاوەی ئەمەریكا بەهۆی شەڕەوە تیایدا گیری خواردووە)، لەسەر هەمان دۆز ( نیزامەدین جیندۆ) سەرۆكی پێشووی پەرلەمانی توركیاش وتی (ئێستا وەك جاران ئاسان نییە توركیا بچێتە هەرێمی كوردستانەوە، لەبەرئەوەی دەوڵەتێكی فیدراڵی كوردیی لە عێراقدا هەیە).

لە بەرامبەردا دەستەیەكی تر هەن لەو قەناعەتەدان هەڕەشەكانی ئەم دواییەی توركیا بۆ ئۆپەراسیۆنی سەربازیی جیددییە و سوپای تورك لە خولەكی سفردا هێرش دەكاتە سەر باشووری كوردستان. فەرید ئەسەسەردی بەڕێوەبەری سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی كوردستان یەكێك لەلایەنگرانی ئەم بۆچوونەیە و پێیوایە هەڕەشەكانی ئەم

دواییەی تورکیا زۆر جیددین و ئەگەری ئۆپەراسیۆنی سەربازیی بۆ سەر باشووری کوردستان ئەگەرێکی زۆر بەهێزە.

هێشتاش دوای تێپەڕینی نزیکەی مانگ و نیوێك بەسەر بڕیارەکەی پەرلەماندا دیار نییە تورکیا ئۆپەراسیۆن دەکات یان نا؟ هەندێك ئاماژە هەن دەریدەخەن تورکیا خوازیارە لە ڕێی ئاشتییەوە تەنگژەکە چارەسەر بکات، وەلێ تا هەنووکە مەترسییەکانی لەشکرکێشی نەڕەوینەتەوە، ڕۆژانی داهاتوو ڕۆژگەلێکی هەستیار دەبن لە رووی هەڵبەز و دابەزی تەنگژەکە و کەوتنی بارەکە بە لایەکدا.

# پارتی داد و گەشەپێدان و سوپای کەمالیستی

---

هەردوو کودەتای ساڵی 1972 و کودەتـای 12 ئەیلوولی ساڵی 1980 یارمەتیدەرێکی باش بوون بۆ زیندووبوونەوە و کارابوونەوەی رەوتە ئیسلامییەکان لە تورکیادا، ئەم دەرفەتە بواری بەخشی بە لایەنگرانی ئیسلامی سیاسیی چالاکانەتر لەسەر شانۆی سیاسیی دەربکەون و رۆڵ بگێڕن، بە رادەیەك لەگەڵ ئەوەی چەپەکانیش لە بەهێزبووندا بوون، بەڵام مەترسییە راستەقینەکە ئیسلامییەکان بوون نەك چەپەکان، رووداوەکانی دوایش ئەم راستییەی بۆ سەلماندین.

دادوگەشەپێدان هەرچەندە پارتێکی نوێیە و لە 2001\8\12 دامەزراوە، بەڵام رەگوریشەیەکی دێرینی هەیە بە حکومی ئەوەی دامەزرێنەرانی ئەم پارتە ئەندامە جیاوەبووەکانی پارتی فەزیلەی ئیسلامیی بوون کە لە 22 حوزەیرانی هەمان ساڵدا بە بڕیاری دادگای دەستووری هەڵوەشێنرایەوە. (ئەردۆگان)ی سەرۆکی پارتەکەش کە ساڵی 1954 لە ئیستانبوڵ لە دایکبووە، پاشخانێکی زۆری کاری ئیسلامی هەیە و ئەندامی حزبی سەلامەی ئەربەکان و سەرۆکی پارتی رەفاهی هەڵوەشاوە بووە، کە دوو پارتی ئیسلامی سیاسی بوون، داد و گەشەپێدان ساڵی 2002 دوای یەك ساڵ لە تەمەنی کاری سیاسیی توانی لە کۆی 550 کورسی پەرلەمان بە تەنیا 342 کورسی مسۆگەر بکات بۆ پارتەکەی و حکوومەت دابمەزرێنێت، لە هەڵبژاردنەکانی

ئەمساڵیشدا بە جیاوازییەکی زۆری دەنگ بۆ ماوەی پێنج ساڵی تر جڵەوی حکومی تورکیای بەدەستهێنا، تەنانەت توانیان پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار بۆ پارتەکەیان بە دەست بێنن.

لەگەڵ ئەوەی پارتی داد و گەشەپێدان رایگەیاندووە (ئێمە لە پرەنسیپەکانی کەمالیزم دەرناچین) لە واقیعدا وا دێتە بەرچاو ئەم پارتە بیەوێت کۆتایی بە کەمالیزم بهێنێت، هەرئەم خاڵەش ناکۆکی داد و گەشەپێدانە لەگەڵ سوپای تورکیا وەك پارێزەری بیرۆکەی تۆرانیزم و کەمالیزم. تێبینی دەکرێت داد و گەشەپێدان AKP لە بەرامبەر دۆزی کورد لە تەواوی رەوتەکانی تری ناو تورکیا نەرمترە و هەوڵدەدات دەرفەت برەخسێنێ بۆ چارەسەرکردنێکی سنوورداری کێشەی کورد لەو بەشەی کوردستاندا. چاودێرانی سیاسیی پێیانوایە بریاری حکوومەتی AKP بۆ ئۆپەراسیۆنی سەربازیی فێڵێکی سیاسییە تا بەدامەزراوەی سەربازیی بڵێن چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا لە رێی ئۆپەراسیۆنەوە ناکرێت، دواتریش هەمان مەسج بگەیەننە شەقامی تورکی کە زیاتر شەقامێکی توڕەو دەمارگیرە تا بتوانن رێگە چارەیەکی ئاشتیانە بەدەستەوە بگرن لە مامەڵەکردن لەگەڵ دۆزی کورددا.

قادر عەزیز سکرتێری حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان پێیوایە داد و گەشەپێدان پارتێکی ئەهوەنترە و رایدەگەیەنێ (بە بەراورد لەگەڵ سوپا و هێزە شۆڤێنی و ناسیۆنالیستە توندڕەوەکانی تر پارتی داد و گەشەپێدان و هەڵوێستەکانی لە هەموو روویەکەوە هەتا لە بەرامبەر کێشەی کورد باشتر و کراوەترە). بەڵام دامەزراوەی سەربازیی تورکیا

قورسایی زۆری هەیە لەسەر سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتەکە و بەردەوام فشار لەسەر دەوڵەت دادەنێت بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن و پەلاماردانی باشووری کوردستان.

پرۆفیسۆر (ستیڤان زۆنس) ئەندامی لیژنەی راوێژکاریی و بەرپرسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە گۆڤاری (فورین پۆلیسی ئینفۆکس) پێیوایە (حکوومەتی تورکیا خۆی دوو دڵە لەوەی دەستتێوەردانێکی سەربازیی بکات، بەڵام دامەزراوەی سەربازیی ئەو وڵاتە کە هێزێکی دەستڕۆیشتووی ژیانی سیاسییە لە تورکیا گوشاریان دروستکردووە بۆ ئەنجامدانی کارێکی لەم چەشنە). هێشتاش روون نییە لە گێرمە و کێشەی تورکیا لەگەڵ باشووری کوردستان، سوپا و حکوومەتی تورکیا رێکدەکەون بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن یان بەپێچەوانەوە؟ ئایا رێگەکانی دانوستان بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکە دەتوانێ خواستی عەسکەر پاشەکشێ پێبکات؟ وەڵامی ئەم دوو پرسیارە تەمومژ و لێڵی زۆری لەسەرە و پێشهاتەکانی داهاتوو وەڵامی پڕاوپڕی پێدەدەنەوە.

# مەبەستەکانی ئۆپەراسیۆنی سوپای تورك

-----------------------------

لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا لە وڵاتەکەی (رەجەب تەیب ئەردۆگان) سەرۆك وەزیرانی تورکیا وتی (تورکیا نیازی شەڕی نییە، بەڵکو تەنیا مەبەستمان پەکەکەیە و هیواشمان وایە ئەو لەشکرکێشییە نەکەینە سەر باکووری عێراق) درێژەی دایە و وتی (ئێمە ئەگەر لەشکرکێشی بکەینە سەر باکووری عێراق هیچ مەبەستێکی لە پشتەوە نییە جگە لە لەناوبردنی پەکەکە). بەرووکەش وا دەردەکەوێت ئامانجی سوپای تورك لێدان بێت لە پێگەکانی پەکەکە لە چیای قەندیل، کەچی لەواقیعدا ئامانجە ستراتیژییەکانی تورکیا لێدانە لەو دۆخە کوردییەی لە باشووردا بوونی هەیە، چوونکە وەك مەترسییەك لەسەر خۆی دەیبینێتەوە، وێڕای نیشاندانی نیازپاکی کوردی باشوور لەلایەن رێبەرانی ئەم بەشەوە هێشتا تورك نیگەرانە بەو دۆخە هەڵکشاوەی کورد لە کوردستان و عێراقدا و ترسی دروستبوونی یەکەم دەوڵەتی کوردیی لێ نیشتووە.

بە بۆچوونی خۆم و بەدیقەتدان لەو بارودۆخەی هەیە بە پێی ریزبەندیی، پەکەکە دووەم ئامانجی لەشکرکێشی تورکیایە، ئامانجی یەکەم شێواندنی رەوشی ئەمرۆی باشوورە بەلانی کەمەوە ئامانج پەکخستنی جێبەجێکردنی ماددەی سەد و چلە. جیم میوەر لە سایتی BBC دەنووسێت (ئەوەی سرکی – حساسیە – تورکیای زێدەتر کرد

نزیکبوونـەوەی وادەی دیـاریکراوی ریفرانـدۆم بـوو لەسـەر کـەرکووك) پاشان دەنووسـێ (زۆر کـەس هـەن پێیانوایـە هـەردوو پـەلاماری یەکەکـە بـۆ سـەر سـوپای تورکیـا و کوشـتنی 25 سـەرباز لـەو پەلامارانـەدا سیناریۆیەکە لەلایەن خودی تورکیاوە ڕێکخراوە تا بکرێت بە بیانووی لەشکرکێشی).

دروست لە ماوەی 16 ساڵی رابردوودا کاربەدەستانی دەوڵەتی تورك بە ئاشکرا نیگەرانی خۆیان نیشانداوە لەمەڕ باشووری کوردستان و بە هـیچ شـێوەیەك دوژمنایـەتی خۆیـان لەگـەڵی نەشـاردۆتەوە، بـەڵکو بـێ پچڕان و پشوو لە ڕێی هۆیەکانی راگەیاندنەوە دژایەتی دەوڵەتەکەیان بـۆ باشـوور راگەیانـدووە، هـەر کاتێـك دۆخـی کـورد هـەنگاوێکی تـری بۆپێشەوە نابێت، تورکیا بەهەر نرخێك بووە ویستوویەتی پاشەکشەی پێبکات و لە نرخی کەم بکاتەوە و بە هەموو رەنگێك جەنگاوە لە دژی جا جەنگ لە بەرگی هێرشی ئیعلامی بووبێت یان ئابڵوقەی ئابووری یاخۆ ئۆپەراسیۆنی سەربازیی.

ڕۆژنامەنووسی تورك (محەمەد عەلی بیراند) لە ڕۆژنامەی (حوررییەت)ی تورکیـدا دەنووسـێت (تورکیـا دەیـەوێ تەگـەرە بـۆ سـەربەخۆبوونی بـاکووری عێـراق بخوڵقێنێـت، یەکەکـە بـەهێزترین بیـانووە بـۆ ئـەم مەبەسـتە). لـە درێـژەی نووسـینەکەیدا ئاماژە دەدات بـەوەی (لەگـەڵ بـاکووری عێراقـدا شـەڕی کـەرکووك دەکـەین). بەشـێکی زۆریـش لـە سەرکردە سیاسیی و سەربازییەکانی کورد پێیانوایە تورکیا بەپاساوی یەکەکە شەڕ لەگەڵ دەستکەوتەکانی کوردی باشوور دەکات. مەحمود

عوسمان یەكێك لەو سیاسەتمەدارانەیە پێداگریی لەسەر ئەوە دەكات ئامانجی دوور ماوە و سەرەكی ئۆپەراسیۆن بۆ سەر ئەزموونەكەی باشوورە ئەوجا بۆسەر پەكەكە.

جەبار یاوەر، قسەكەری فەرمی هێزی پێشمەرگە هەمان رای هەیە و لە چاوپێكەوتنێكدا لەگەڵ ماڵپەڕی سبەی دەڵێت (جگە لە كێشەی توركیا لەگەڵ پەكەكە، ئەو وڵاتە كێشەی سیاسیشی هەیە لەگەڵ هەرێمی كوردستاندا، هێشتا ئەو حكوومەتەی لە توركیادا هەیە ئەم هەرێمەیان پێ قبوڵ ناكرێت). عوسمان ئۆجەلان (فەرهاد) سكرتێری پلاتفۆرمی نەتەوەیی كوردستان و ئەندامی پێشووی كۆنسەی سەرۆكایەتی پەكەكە پێیوایە رژێمی توركیا مەبەستییەتی لە رێگەی لەشكركێشییەوە بە پلەی یەكەم گورز لە دەستكەوتەكانی حكوومەتی هەرێم بوەشێنێت، پاشان پەلاماری بنكەو بارەگاكانی گەریلا بدات.

سەركردەكانی پەكەكەش لەهەمان بڕوادان كە مەبەستی سەرەكی ئەرتەشی توركیا دواخستنی ماددەی 140 و لەباربردنی حكوومەتی هەرێم ئەو زەمینە كوردییەیە ئەمڕۆ لە باشووردا رەخساوە بۆ كورد. موراد قەرەیلان بۆ گۆڤاری (دێرشپیگڵ) ئەڵمانی ئاشكرای دەكات پەكەكە لە باكووردا هەیە، دوای هێماكردن بۆ ئەوەی پەكەكە قەندیل چۆڵ ناكات، دەڵێت (توركیا هەر تەنیا هەوڵی لەناوبردنی هێزەكانی ئێمە لە كوردستانی توركیا نادات بەڵكو هەوڵی لە ناوبردنی هەموو دەستكەوتەكانی كورد دەدات لە هەموو جێگایەك). عەبدولڕەحمان چادرچی، بەرپرسی پەیوەندییەكانی دەرەوەی پەكەكە ل ەلێدوانێكدا

بۆ رادیۆ سەوا پێداگریی لەسەر ئەوە دەكات توركیا بیانوو دەگرێت و سەرنج رادەكێشێت بۆ ئەوەی هیچ پەیوەندییەكیان بە حكوومەتی هەرێمەوە نییە و زۆربەی گەریلاكانیان لە خاكی باكووری كوردستاندان. لە میانەی لێدوانەكەیدا وتیشی (دەتوانم بڵێم هێزەكانمان لە كوردستانی عێراقدا نین، بەڵام توركیا لە بیانوویەك دەگەڕێت بۆ ئەوەی ئامانجەكانی لەكوردستان بپێكێت).

هیچ گومانێكی لەسەر نییە ئامانجی یەكەم لە ئەجیندەی دەوڵەتی توركیادا لە كاتی ئۆپەراسیۆندا حكوومەتی هەرێمە دواتر پەكەكە، رەنگبێ بە هەڵەدا نەچووبین بڵێین مەسعود بارزانی سەرۆكی هەرێم یەكێك لە گرنگترین ئامانجەكانە ڤۆكەسی لەسەركراوە، بەڵام چۆن؟ نازانین.

روانگەیەكی تر هەیە جیا لە هۆكاری چوونی دۆزی جینۆسایدی ئەرمەنەكان بۆ نێو كۆنگرێسی ئەمەریكی باس لەوە دەكات ئامانجەكانی لەشكركێشی بەدەر لە دەستكەوتەكانی لە تێكدانی رەوشی باشووری كوردستاندا، دەرفەتێكی تر دەبەخشێت بە مانەوەی بیرۆكەی تۆرانیزم–كەمالیزم. یان بە دەربڕینێكی تر خوێنی نوێ دەخاتەوە جەستەی تۆرانیزم و ناهێڵێت وەك پەیكەرێكی بێ گیان بە دیار سەیركردنی رووداوەكانەوە بحەپەسێت. د.دلێر ئەحمەد، راگری كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكانی زانكۆی سلێمانی لایەنگری ئەم دیتنەیە و دەڵێت (پەلاماردانی كورد ئاخر كارتە دامەزراوەی سەربازیی

**تورکیا بەکاریدەهێنێت بۆ هێشتنەوە و مانەوەی فکری تۆررانیزم لە تورکیا).**

**پرسیارێك بەردەوام قووت دەبێتەوە مەبەستی ئۆپەراسیۆنی سوپای تورك پەکەکەیە یان ئەزموونی باشوور؟ راستترین وەڵام بۆ ئەم پرسیارە ئەوەیە تورکیا لە ناوبردنی هەردووکیانی خستووەتە رۆژەڤەوە، سەختییەکە لەوێدایە فاکتۆرەکانی سیاسەت و جەنگ و بارودۆخ یارمەتیدەری تورکیا نییە بۆ ئەنجامدانی کارێکی لەو بابەتە، هیچ ئاماژەیەك بەدی ناکرێت تورکیا بتوانێت ئۆپەراسیۆنێکی فراوان بۆ ئەو مەبەستە ئەنجام بدات، هیچ شانسێك نییە بۆ تورکیا تا ئەو خەونەی لە بواری واقیعدا تاقی بکاتەوە، بەپێچەوانەوە رەنگبێ جەستەی کەمالیزم بە دیار ئەو خەونەوە دابڕزێت و هەرگیز نەیەتەدی.**

# لیستی داواكراوان

مایەی سەرسوڕمانی زۆر بوو توركیا لە ڕێی ماسمێدیاكانەوە چەند ناوێكی داواكراوی ئاشكرا كرد تا حكوومەتی هەرێم ڕادەستی توركیایان بكاتەوە، لە نێو ناوەكاندا جگە لە هەبوونی ناوی چەند سەركردەیەكی پەكەكە ناوی هەندێ سەركردە و بەرپرسی بالاّ و كەسایەتی سیاسی تری باشوور و دەرەوەی پەكەكە لە لیستەكەدا هاتبوو لەوانە ( د.مەحمود عوسمان، مەسرور بارزانی، قادر عەزیز، د.فایەق گولّپی، عوسمان ئۆجەلان). ئەو لیستەی لە ڕۆژنامەی (حوررییەت)ی توركیدا بلاّوكراوتەوە ناوی 12 لە سەركردەكانی پەكەكەی لە خۆگرتووە كەئەمانەن : 1 –موراد قەرەیلاّن (جەمال)، 2– جەمیل بایق (جومعە)، 3– ڕەزا ئالّتوون، 4–دۆران كالّكان (عەباس)، 5–مستەفا قەرەسوو (حوسێن عەلی)، 6–عوسمان ئۆجەلان (فەرهاد) ، 7–نیزامەدین تاش (بۆتان)، 8 –زوبێر ئایدار، 9–عەلی حەیدەر قەیتان (فوئاد)، 10–خەلیل ئاتاچ (ئەبوبەكر)، 11–نومان ئوچار (ماهیر)، 12– فەهمان حوسێن (د.باهۆز ئەردالّ).

حكوومەتی هەرێمی كوردستان بە هیچ شێوەیەك وەلاّمی ئەم داواكارییەی توركیای نەدایەوە چوونكە داواكراوان یان لە ژێر دەسەلاّتی حكوومەتدا نین یاخۆ بەشێكن لە حكوومەتی هەرێم، بێجگە لەوەش حكوومەتی هەرێم پۆلیسی توركیا نییە كەسانی تری بۆ دەستگیر بكات، بەپێچەوانەوەی خواستی توركیاوە، جەلال تالّەبانی ڕایدەگەیەنێ ئامادەنین مریشكێك ڕادەست بكەنەوە. جەبار یاوەری

وتەبێژی فەرماندەیی گشتیی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ ئاژانسی دیجلە ڕایگەیاند: ئێمە نابینە چەکداری تورکیا و ئێران تا شەڕی پەکەکە و پژاك بکەین. داواکارییەکەی تورکیا بۆ دەستگیرکردنی ژمارەیەك لە سەرکردەکانی پەکەکە نەك نەیتوانی لە واقیعدا بێتەدی بەڵکو بووە مایەی گاڵتەجاڕییەکی فراوان و زۆر بە زوویش بێدەنگەی لێکرا.



# کاردانەوەکان لە ئاستە جۆراوجۆرەکاندا

---

دوابە دوای پەسەندکردنی بڕیاری ئۆپەراسیۆنی سەربازیی بۆ سەر باشووری کوردستان لەلایەن پەرلەمانی تورکیاوە لە ئاستی لۆکاڵی و نێودەوڵەتیدا کاردانەوەی جۆراوجۆر دروستبوو، بەشی زۆری کاردانەوەکان لایەنگری چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەکە بوون و رایانگەیاند رێگەچارەی سەربازیی تەنگژەکە قوڵتر دەکاتەوە و ناوچەکە بەئاقارێکی ترسناکدا دەبات کە رەنگە لە مێژوودا بوونی نەبووبێت، وێڕای ئەوەی بەشێك لە وڵاتان پەکەکەیان بە (تیرۆیست) لە قەڵەمدا، بەڵام رایانگەیاند کێشەکە بە ئاشتی چارەسەر بکرێت چاکترە بۆ هەموو لایەك، (شیمۆن پێرس) سەرۆکی ئیسرائیل یەکێکە لەلایەنگرانی ئەم تەرحە و هۆشداریی دایە تورکیا دەست نەبات بۆ ئۆپەراسیۆنی سەربازیی. بەشێوەیەکی گشتیی کاردانەوە و نارەزایەتی جۆراوجۆر لە ئاستی جیاجیادا هاتنە ئاراوە، بۆ وێنە:

دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان: وێڕای یەکنەبوونی هەڵوێستەکانی سەرکردایەتی کورد بەڵام کۆدەنگی هەبوو لەدژی ئۆپەراسیۆن، مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم بۆ کەناڵی (ئەلجەزیرە) وتی: لە ناوبردنی پارتی کرێکارانی کوردستان کاری ئەمەریکا و هەرێمی کوردستان نییە، چوونکە ئەو کێشەیە پەیوەندیی بە تورکیاوە هەیە. ئەم لێدوانەی سەرۆکی هەرێم ئەو مانایە لە خۆ دەگرێت هەرێمی

باشووری کوردستان خوازیار نییە لەسەر خاکی وی جەنگی لە ناوبردنی پەکەکە بەرپا بکرێت، چوونکە هەرێمەکە بە هیچ جۆرێك لەو کێشەیەدا تەرەف نییە و نابێت.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکی تریدا بۆ کەناڵی CNN وتی: ئێمە دەزانین لە بیست ساڵی رابردوودا رێگەچارەی سەربازیی هیچ ئەنجامێکی ئیجابی لێنەکەوتووەتەوە. پاشان بارزانی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات شەڕی پەکەکە پەیوەندیی بە باشووری کوردستانەوە نییە و تورکیا بە ناڕەوا هەرێمی باشووری تێوە دەگلێنێت. لەو رووەوە لە لێدوانێکدا بۆکەناڵەکانی راگەیاندن بارزانی وتی (ئێمە بەشێك نین لەو کێشەیەی لە نێوان تورکیا و پارتی کرێکاراندا هەیە و رێگەش نادەین پەلکێشی شەڕێك بکرێین کە شەڕی ئێمە نییە). کۆی لێدوانەکانی سەرۆکی هەرێم ئەنجامێك دەدەن بەدەستەوە: هەرێمی کوردستان بەشێك نییە لە ململانێ و جەنگی نێوان تورك و پەکەکە و رازیش نییە باشووری کوردستان لە جەنگێکی لەو بابەتەوە بئاڵێنرێت، بەڵکو خوازیاری ئاشتی و چارەسەرکردنی کێشەکەیە بە رێگەی دانوستان و گفتوگۆ.

*دەوڵەتی عێراق: جێگەی سەرسوڕمان بوو حکوومەتی عێراق هەڵوێستێکی نارۆشن و ناجێگیری هەبوو، تەنیا ئەوە لە سیاسەتی عێراق بەدیدەکرا رازی بوون بە هاتنی ئەرتەشی تورکیا بۆ نێو کوردستان. بێدەنگی و لێدوانە نەرمەکانی کاربەدەستانی عێراقی بە جەلال تاڵەبانی سەرۆك کۆماریشەوە مایەی نیگەرانی بوو، چوونکە

هەڵوێستەکانیان تەمومژاوییی و ناڕۆشن بوون. د.مەحمود عوسمان لە لێدوانێکیدا رایگەیاند مالیکی هاوکارە لەگەڵ تورکیا بۆ لێدانی پەکەکە و ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی بۆ نێو قووڵایی باشووری کوردستان. وا دەردەکەوێت جەلال تاڵەبانی رەزامەندیی نیشان دابێت بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن و دەنگۆی ئەوەش هەیە چوونی وەزیری ناوخۆی عێراق بۆ تورکیا و رێکەوتنی بۆ لێدانی پەکەکە، بە ئاگاداریی تاڵەبانی بووبێت. تەنانەت رێگەگرتن لە خۆپیشاندان دژی ئەرتەشی تورکیا لە ناوچەکانی ژێر دەستەلاتی یەکێتی پاڵپشتێکە بۆ راستی و دروستی ئەو دەنگۆیە.

هەرچی (د.بەرهەم سالح) جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراقیشە لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی (الشرق الاوسط) دەڵێت (هەر لەشکرکێشییەکی تورکیا بۆ ناو هەرێمی کوردستان کاریگەریی خراپی دەبێت لەسەر رەوشی عێراق و هەرێمی کوردستان، بەلاَم کاریگەرییەکی خراپتری دەبێت لەسەر تورکیا و تەواوی ناوچەکە). بەلاَم بەرهەم سالح لەم لێدوانەیدا گوزارشت لە سیاسەتی دەوڵەتی عێراق ناکات لەمەڕ ئۆپەراسیۆن، بەڵکو زادەی هەستە نەتەوەییەکەیەتی وەك کورد نەك وەك هەڵوێستێکی فەرمی دەوڵەتی عێراق.

*نەتەوە یەکگرتووەکان: بانکی مۆن سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان هۆشداریی دا بە حکوومەتی تورکیا لەشکرکێشی نەکاتە سەر باشووری کوردستان و بە رێگەی ئاشتییانە قەیرانەکە کۆتایی

پێبهێنێت، چوونکە جەنگ کاریگەریی خراپی دەبێت لەسەر هەموو ناوچەکە.

*روسیا: پەرلەمانی روسیا (دۆما) رەخنەی لە پەرلەمانی تورکی گرت لەسەر پەسەندکردنی بڕیاری ئۆپەراسیۆنی سەربازیی و لە هەمان کاتدا داوای لە حکوومەتی تورکیا کرد چاوێك بە بڕیارەکەدا بخشێنێتەوە و لە ویستی لەشکرکێشی پاشگەز ببنەوە. تەنانەت (یەڤگینی پریماکۆف) وەزیری دەرەوە و سەرۆك وەزیرانی پێشووی روسیا نووسی (رەنگە زیادەڕۆیمان نەکردبێ ئاسەواری ئەم کارە هەموو جیهانی خستۆتە دڵەڕاوکێوە، لەبەرئەوەی لەشکرکێشییە چاوەڕوانکراوەکە دەبێتە هۆی هەژاندنی هەرێمێك کە بەلانی کەمەوە 10 ملیۆن کوردی تێدا دەژی).

*یەکێتی ئەورووپا: خافیر سۆلانا بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی ئەورووپا داوایکرد بە دوای رێگەچارەی ئاشتیانەدا بگەڕێن لە جیاتی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی، بە شێوەیەکی گشتیی یەکێتی ئەورووپا خوازیاری ئاشتییانەی چارەسەرکردنی قەیرانی نوێی نێوان تورکیا – کوردستانە.

*ناتۆ: سکرتێری ناتۆ داوایکرد تورکیا سنوور نەبەزێنێت، چوونکە لە بەرژەوەندیی ناوچەکە و تورکیا نییە و لەبەرامبەردا رێگە چارەسەری دوور لە توندوتیژیی بۆ تورکیا پێشنیار کرد.

*ئەمەریکا: کۆندا لیزا رایسی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا نیگەرانی وڵاتەکەی نیشاندا لەمەڕ بڕیارەکەی پەرلەمانی تورکیا بۆ ئەنجامدانی

ئۆپەراسیۆنی سەربازیی، هەرچەندە ئەمەریکا پەکەکەی خستۆتە لیستی رەشی رێکخراوە تیرۆریستییەکانەوە، بەڵام خوازیار نییە تورکیا لەشکرکێشی بکاتە سەر باشووری کوردستان. لەگەڵ ئەمەشدا ئەو هەڵوێستە مانای ئەوەنییە ئەمەریکا پشتگیریی لە پەکەکە دەکات، بەڵکو رایس لە کۆبوونەوەی وڵاتانی دراوسێی عێراق لە ئەنقەرە وتی (بنبڕکردنی تیرۆر زۆر قورس و گرانە و پێویستی بە هاوکاریی و هەماهەنگییەکی پتەو هەیە) وتیشی (ئەمەریکا ئەرکی بەشداریی لە بنبڕکردنی پەکەکەی لەسەر شانە و پێویستە تورکیا و عێراق لەو بوارەدا هاوکاربن).

هەندێك لە شارەزایان پێیانوایە ئەمەریکا لە رێی گوشار خستنە سەر حکوومەتی عێراق و هەرێمەوە هەوڵدەدات فشار بخاتە سەر پەکەکە. پرۆفیسۆر (ستیڤان زۆنس) پێیوایە (سەرۆك بوش هەوڵدەدات فشار بخاتە سەر سەرکردەکانی کورد بۆ ئەوەی رێگە لە چالاکییەکانی پەکەکە بگرن). لەلایەکی ترەوە هەواڵی وا لە ئارادان پنتاگۆن زانیاریی تێروتەسەلی دابێت بە تورکیا سەبارەت بە جموجوڵەکانی پەکەکە، سایتی CNN لە زاری (جیف موریل) وتەبێژی وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکییەوە بڵاویکردەوە سوپا و دەزگا هەواڵگرییەکانی ئەمەریکا هاوکاریی تورکیا دەکەن و زانیاریی سوودبەخشیان لە بارەی حەشارگەکانی پەکەکە داوە بە تورکیا، ئەم لێدوانە دوای ئەوە دێت چەندان جار فڕۆکە سیخوڕییەکانی جۆری U-2 ئەمەریکی لە ناوچە

سنوورییەکانی نێوان عێراق– تورکیا سوڕاونەتەوە بە مەبەستی چاودێرییکردنی جموجوڵە سەربازییەکانی پەکەکە.

*یۆنان: سەرۆك وەزیرانی یۆنان (کۆستاس کرامنلیس) لە کۆبوونەوەیەکی ئاسایی پەرلەمانی وڵاتەکەیدا رایگەیاند: یۆنان دژی لەشکرکێشییە بۆ سەر باشووری کوردستان و هۆشداریی دایە تورکیا مامەڵەیەکی واقیعبینانە بکات و ڕێگەچارەیەکی گونجاو و دوور لەجەنگ بگرێتە بەر.

*سوریا – ئێران: لە سەرەتادا بەشار ئەلئەسەد پاڵپشتی وڵاتەکەی راگەیاند بۆ ئۆپەراسیۆنی سەربازیی، بەڵام دواتر کاربەدەستانی حکوومەتی سوری ئەدای لێدوانەکانیان گۆڕی و رایانگەیاند لایەنگری ڕێگە چارەسەری ئاشتییانەن. هەرچی کۆماری ئیسلامیشە بێدەنگی هەڵبژاردووە و وا دەردەکەوێت پاڵپشتیی لە ئۆپەراسیۆنی سەربازیی نەکات، بەڵام کەمتر خۆیان لە قەرەی باس و خواسێکی لەم بابەتە دەدەن.

*تورکمانەکانی کوردستان: تەواوی حزب و لایەنەکانی دەرەوەی بەرەی تورکمانی پرۆتستۆی لەشکرکێشی سوپای تورکیایان کرد و رایانگەیاند داکۆکی لە دەستکەوتەکانی باشووری کوردستان دەکەن. (شێخ قەمبەر بەیاتی) سەرۆکی عەشایەری تورکمانەکانی عێراق رایدەگەیەنێ ڕووبەڕووی هێزی سەربازیی تورکیا دەبنەوە ئامادەن لە پێناوی پاراستنی خاکی هەرێمی کوردستان چەك هەڵبگرن و شەڕ دژی تورکیا بکەن. (زوهێر تۆپاڵ ئۆغلۆ) سکرتێری پارتی گردبوونەوەی

تورکمانی لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە وتی (ئەم دەستتێوەردان و هێرشانەی تورکیا نەك دەبێتە هۆی دواخستنی جێبەجێکردنی ماددەی 140، بەڵکو دەبێتە هۆی ئاڵۆزیی لە هەموو ناوچەکەدا).

*جەماوەری کوردستان: جەماوەری کوردستان لە زۆربەی شار و شارۆچکەکاندا بە رێپێوانی هێمنانە پرۆتستۆی لەشکرکێشی تورکیایان کرد، لە هەولێر و دهۆك دوو گەورەترین رێپێوان سازدرا، بەڵام جێگەی تێبینی بوو لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی تەنیا لەشاری سلێمانی رێپێوانێکی سنووردار سازدرا کە لەلایەن کۆمەڵێك گەنجی سەربەخۆوە رێکخرابوو، لایەنگران و ئەندامی یەکێتی نەك هەر بەشدارییان لەم رێپێوانەدا نەکرد بگرە کاربەدەستانی شارەکە رێگرییان لە رێکخستنی رێپێوانەکە کرد.

لە دەرەوەی وڵاتیش رەوەندی کورد لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا و ئەمەریکا تەنانەت لەبەردەم کۆشکی سپی خۆپیشاندانیان سازکرد، لە بەلجیکا و ئەڵمانیا پێکدادان لە نێوان تورك و کورداندا روویدا، لەلایەکی ترەوە لە ناوخۆی کوردستان مامۆستایانی ئایینی لە وتارەکانی رۆژی هەینیدا پرۆتستۆی لەشکرکێشیان کرد و رایانگەیاند داکۆکیکردن لە وڵات ئەرکێکی ئایینی و ئەخلاقییە. د.ئەحمەد مستەفا سلێمان، راگری کۆلێژی زانستە ئاینییەکانی زانکۆی سەلاحەدین پێیوایە (دەوڵەتی تورکیا دەوڵەتێکی مولحید و پۆلیسی و مورتەدە) پاشان وتی (هەر پێشمەرگەیەك لە دژی تورکیا بکوژرێت شەهیدە و دەچێتە بەهەشتەوە).

*یەکەکە: گەریلاکانی یەکەکە لە ئامادەباشیدان بۆ بەرپەچدانەوەی ئەرتەشی تورك لە کاتی بەزاندنی سنووری باشووری کوردستاندا، هەروەك موراد قەرەیلان رایگەیاند ئەگەر پارتی و یەکێتی هاوکاریی ئەرتەشی تورك نەکەن کوردستانیان لێدەکەنە ڤێتنام، لەلایەکی ترەوە (عەبدولڕەحمان چادرچی) ئەندامی کۆما چڤاکین بە متمانە بە خۆبوونەوە رایگەیاند (ئێمە هەموو ئامادەکارییەکی سیاسیی و رێکخستنی و سەربازیمان کردووە بۆ هەر ئۆپەراسیۆنێك کە تورکیا بیکاتە سەر کوردستان، ئێمە خاکی خۆمان دەپارێزین، پێویستە هەموو کوردان بەو شێوەیە بیر بکەنەوە، تورکیا تا ئێستا 24 ئۆپەراسیۆنی کردووە لە هیچیاندا سەرکەوتوو نەبووە، بێگومان لەمەشیاندا سەرکەوتوو نابێت).

مایەی دڵخۆشییە دنیا لەشکرکێشیی تورك رەتدەکاتەوە تا ئەو ئەندازەیەی دیمەنی لەشکرکێشی تورك (ئەگەر رووبدات) لە هەمان دیمەنی داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراقەوە لەساڵی 1990 دەچێت کە تەواوی دنیا دژی عێراق هەڵوێستیان وەرگرت، رەنگبێ بۆ تورکیا ئەنجامەکە جیاواز بێت و بەچەشنی ئاکامی بەعس نەبێت بە حکومی هاوپەیمانێتییە لە مێژینەکەی لەگەڵ ئەمەریکا، بەڵام لەهەموو بارێکدا هاتنە ناوەوەی تورك بۆ نێو خاکی باشوور باجی قورسی لە دوایە، لەوانەیە ببێتە هۆی دوا تێکشکانی سوپای تورك کە جارێکی دی نەتوانێت تەنانەت بیر لە پەلاماردانی باشووری کوردستان بکاتەوە.

# لاوازیی و لێكدژیی

---------------

ڕوونترین شتێك لەم تەنگژەیەدا نایەكگرتوویی هەڵوێستی سیاسیی سەركردایەتی سیاسی كورد بوو لەهەمان كاتدا لاوازیی و لێكدژییەكی بەرچاو لە لێدوانەكانی بەرپرسانی سیاسی باشووردا بەدیدەكرا بە ڕادەیەك هەڵوێستی فەرمی و ڕاستەقینە لە گێژاوی چەندین هەڵوێستی دژبەیەكدا ون بووە و ناسینەوەی بووەتە كارێكی ئاستەم و نارەحەت، (د.دلێر ئەحمەد) مامۆستای زانكۆی سلێمانی پێیوایە (سیاسەتی سەركردایەتی سیاسیی كورد وەك یەك نییە، لە قسەكانیاندا هەندێكیان دەڵێن شەڕ دەكەین و هەندێكیان خۆیان بێدەنگ دەكەن، تائێستا هەڵوێستێكی یەكگرتوو لە نێو سەركردایەتی كوردیی نابینم، تەنیا دژی هاتنی سوپای توركیا یەك دەنگن).

جەلال تاڵەبانی لەلایەك ڕایدەگەیەنێ مریشكێك ڕادەستی توركیا ناكەن، لەلایەكی تر هێزەكانی ئاسایش بارەگاكانی پارتی چارەسەری دادەخەن، ئەو هەنگاوە جگە لەوەی لاوازیی سەركردایەتی كورد دووپات دەكاتەوە لەهەمان كاتدا بە ڕوونی لێكدژیی هەڵوێست و دووفاقیی ئەو سەركردایەتییە دەسەلمێنێت. بەڵام مەسعود بارزانی بانگەشەی ئەوە دەكات كە كوردستان دەكەنە گۆڕستانێكی گەورەی ئەرتەشی تورك، هەرچەندە ئەو خوازیاری پەیوەندیی دۆستانەیە لەگەڵ توركیا بەڵام دژی لەشكركێشیشە بۆ سەر كوردستان، بارزانی ئەمجارە

بۆ رۆژنامەی (میللیەت)ی تورکی وەها دێتە دوان (ناهەقییەك بەرامبەر بە ئێمە دەکرێت، ئێمە لە رابردوودا دۆستایەتی تورکیامان ویستووە، ئەو هەستەی خۆمان بە ئاشکرا دەربڕیوە).




# شكستی گفتوگۆ

---------------

هەندێك كەس وەهای بۆدەچن دیبلۆماسیی كوردیی لەم قەیرانەدا لاواز و شكستخواردوو بووە، (بەكارهێنانی دیبلۆماسی هەڵەیە چون دیبلۆماسی تایبەتە بە دەوڵەتان) كورد دەوڵەت نییە تا لە ڕێگە دیبلۆماسییەكانەوە كێشەكانی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەیی یەكلا بكاتەوە، ئەوەی هەیە تەنیا ڕێی گفتوگۆی دوو لایەنە یان چەند لایەنەیە.

مەسعود بارزانی لە لێدوانێكیدا دەڵێت (توركیا گفتوگۆ لەگەڵ هەرێمی كوردستاندا ڕەت دەكاتەوە كەواتە دەبێت لە بەرامبەردا چی لە هەرێمی كوردستان چاوەڕوان بكات؟). لە چەندین بۆنە و جێگەی تریشدا سەرۆكی هەرێم دووپاتی كردووەتەوە هەرێمی كوردستان خوازیاری پەیوەندییەكی باش و دۆستانەیە لەگەڵ توركیای دراوسێ و ئامادەیی هەرێمی نیشانداوە بۆ هاریكاریكردنی توركیا لە پێناو چارەسەركردنی دۆزی پەكەكە بە ڕێگەی ئاشتی وگفتوگۆ.

نێچیرڤان بارزانی سەرۆكی حكوومەتی باشووری كوردستان بۆ ئاژانسی دۆغانی توركی ڕوون دەكاتەوە وەك حكوومەتی كوردستان پاڵپشتی ڕێگە چارەسەری سەربازیی ناكەن بەڵكو ئامادەن یارمەتی دەوڵەتی توركیا بدەن بۆ ئاساییكردنەوەی ڕەوشەكە بۆ دۆخی جارانی.

هەرچی لایەنی توركییە ئامادەیی تێدا نییە بۆ گفتوگۆ، تەنانەت دەوڵەتی تورك و ژەنەراڵەكان زۆر لەوە خۆیان بەمەزنتر دەبینن لەسەر

مێژی گفتوگۆ لەگەڵ سەرکردایەتی کورد دابنیشن، هەربۆیە سەردانی ئەم دواییەی دانوستانکارانی کورد کە لەنوێنەرانی شەش پارتی سەرەکی و رەسەنی کوردستانی پێکهاتبوو نەیتوانی هیچ ئەنجامێکی پۆزەتیڤ بەدەست بهێنێت و بە دەست بەتاڵی و نائومێدییەوە گەڕانەوە بۆ وڵاتەکەیان.

ژەنەراڵەکان و حکوومەتی تورکی تائێستا دانیان بە قەوارەی باشووردا نەناوە بەڵکو وەك باندی مافیایی سەیری ئەزموونەکەی دەکەن، لەو رووەوە (ئیسماعیل بێشکچی) دەنووسێت (چاپەمەنی تورك تاڵەبانی و بارزانی وەك سەرۆك عەشیرەتی گوندەکان ناودەبەن و خۆیان لەوان بە گەورەتر دەزانن و پێیانوایە چێکردنی پەیوەندیی سیاسیی و دیبلۆماسی لەگەڵ ئەواندا لە شان و شکۆی تورك کەم دەکاتەوە).

دواتریش بەپێچەوانەی خواستی (دەنیس بایکاڵ) سەرۆکی پارتی گەلی کۆماریخوازی تورکیاوە کە پێشنیاری باشکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ باشووری کوردستان کردبوو، حکوومەتی AKP جگە لە توندکردنەوەی هەڕەشەکانی لە دژی باشوور، هاوزەمان پەلاماری دەستتکەوتەکانی کوردی باکوور دەدات و ئەو هەنگاوەشی لە پەلامااردان بۆ سەر پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتەوە DTP دەستپێکردووە کە ئەو پارتە ساڵی 2005 دامەزراوە و بە 20 نوێنەر بەشدارە لە پەرلەمانی تورکیادا.

هەوڵی قەدەغەکردنی DTP دوای ئەو وتارە هات (ئەردۆگان) لە چیك پێشکەشی کرد و تیشکی خستە سەر رووداوەکانی ئەم دواییەی

تورکیا و هێمای کورد بۆ ئەوەی دژی هەموو ئەوانە رادەوەستن پشتگیریی لە پەکەکە دەکەن، پێشتریش لە رۆژی 2007\10\1 (یەشار بۆیۆ کانیت) سوپاسالاری تورکیا لە ئەکادیمیای سەربازیی لە وتارێکدا داوای کرد رێوشوێنی قانوونی دژی نوێنەرانی DTP لە پەرلەماندا بگیرێتە بەر مادام پەکەکە بە تیرۆریست نازانن.

بە کورتی ئاسۆی گفتوگۆ و رێگەچارەی دایەلۆگ لێڵ و تاریکە و بارودۆخەکە بە تاریکە شەودا رێ دەکات، تا ئەم ساتەوەختەش قەیرانەکە وەك خۆی ماوەتەوە بێ ئەوەی بکەوێت بە لایەکدا، ئەمە ناچاری کردووین چاو ببڕینە رۆژانی داهاتوو تا بزانیین لەکوێدا ئەم سیناریۆیە کۆتایی دێ؟.

تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە (45) گۆڤاری (نێوەند) لە مانگی نۆڤەمبەری ساڵی 2007 بڵاوبووەتەوە.

# تەنیا ئاشتی کێشەی کورد لە تورکیا چارەسەر دەکات

کێشەی کورد لە تورکیا هەتا ئەم چرکەساتەش بە سیاسەتی ئاگر و ئاسن خامۆش کراوەتەوە و هەمیشە ویستی سەرباز و ژەنەراڵەکان بەسەر هەموو خواستەکانی دیکەدا سەرکەوتووە و زمانی موخاتەبەی تورکیا لەگەڵ نزیک لە بیست ملیۆن کوردی ئەو وڵاتە تەنیا زمانی چەك و مەیدانی جەنگێکی نەخوازراوی خوێناویی درێژخایەن بووە. پێدەچێ بەم دواییانە حکوومەتی ئەکەپە بیەوێت زمان و میکانیزمێکی تر جیاواز لە زمان و میکانیزمی پێشووتر سەبارەت بە دۆزی کورد لە تورکیادا بدۆزێتەوە و پیادە بکات. ئەگەرچی تا بەئێستاش دەگات پارتییە پان ناسیۆنالیستەکانی چەشنی مەهەپە و جەهەپە و بەشێکی بەرچاو لە ژەنەراڵەکان لە دژی ئەو ڕێگا نوێیەن پارتی داد و گەشەپێدان گرتوویە بەر، بەڵام ڕەنگبێ لەلای زۆرینەی سیاسییەکانی تورکیا دەرکی ئەوە بە ڕوونی کرابێت، تاکە ڕێگاچارەی کێشەی کورد لە تورکیا دانوستان و ئاشتیی و کرانەوەی دەوڵەتە بە ڕووی مافە نەتەوەیی و سیاسییەکانی گەلی کورددا.

هەر بۆیە ئەمە بۆ چەندەهەمین جارە لە ئاستێکی باڵای دەوڵەت و لەلایەن ئەکەپەوە دەنگی بەڵێ بۆ ئاشتی و دۆزینەوەی چارەسەرییەکی

دیموکراتییانە بۆ کۆتاییهێنان بەو قەیرانە خنکێنەری چەند دەیەیەکە تورکیا پێوەی دەناڵێنێت، بەرز دەبێتەوە. لە دوا هەوڵیشدا پێش چەند رۆژێك سەرۆك وەزیرانی تورکیا "رەجەب تەیب ئەردۆگان"، پرۆژەیەکی نوێی بۆ چارەسەری دۆزی کورد راگەیاند و بانگهێشتی هەموو لایەکی کرد بۆ چارەکردنی ئەو کێشە لە مێژینەیەی چیرۆکێکی تراژیدیی لە مێژووی وڵاتەکەدا نوسیووەتەوە.



# پرۆژەکەی ئەردۆگان

سەرۆك وەزیرانی دەوڵەتی تورکیا لە روونکردنەوەی پتری پرۆژەکەیدا بۆ ئاشتی و چارەی کێشەی کورد، بەرچاو روونی دەدات بەرای گشتیی تورکیا و جیهان، کە پرۆژەکەی تەنیا بۆ مەبەستی بەرقەرارکردنی ئاشتیی و نووسینەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لە مێژووی تورکیادا فۆرمۆڵە کراوە و نووسراوەتەوە. ئەردۆگان دەڵێت "ئەو پرۆژەیەی ئێستا حکوومەتی تورکیا کاری لەسەر دەکات، بریتییە لە هەوڵێك بۆ بەهێزکردنی هەستی نەتەوایەتی و یەکگرتوویی خاکی تورکیا. نابێت هیچ پارتییێك یان تەنانەت کەسێك ئامادەیی تێدا نەبێت، پێویستە هەمووومان پێکەوە یارمەتیدەر بین بۆئەوەی ئەم پرۆسەیە بەرەو پێشەوە بەرین و کێشەی کورد لە تورکیا چارەسەر بکەین". ئەردۆگان لە جێگەیەکی دیکەدا وتی "میللەت ئەم پرسیارە دەکات و دەپرسێت تاکەی خوێن بڕێژرێت؟، دەڵێن چیتر نامانەوێت خوێن بڕژێت و دایکێك فرمێسك بڕژێت و لە چاوەڕوانی کورەکەیدا بێت".

بە کورتییەکەی لە وتەکانی ئەردۆگاندا دەردەکەوێت، تورکیا ماندوو بووە لە درێژەدان بەو رامیارییەی پێشوو، کە بەرەنگاربوونەوەی خەباتی نەتەوەیی گەلی کورد بووە بە رێگەی سەربازیی، چوونکە زیانەکانی چەند ساڵی تورکیا لە ئەنجامی جەنگ لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان ژێرخانی ئابووری تورکیا هەڵتەکاندووە و زۆر دووری خستۆتەوە لە رێڕەوی گەشەکردن، بە پێچەوانەوە حکوومەتی هێناوەتە ژێر باری قەرزێکی زۆرەوە، ئەگەر کار وا بڕوات تورکیا لە ژێر

باری قەرزدا نغرۆ دەبێت و رۆڵی سیاسیی لە ناوچەکەدا بەرەو لاوازیی و پووکانەوە دەڕوات.

ئەمە لەلایەك و لەلایەکی ترەوە بارودۆخی ناوخۆیی وڵاتەکە بە جێگەیەك گەیشتووە نەك هەر ناتوانێت مافی کورد بەرەو دواوە بگێڕێتەوە، بەڵکو لەبەرچاو نەگرتنی ئەو واقیعە و داخرانی زیاتر بەرووی دۆزی نەتەوەیی گەلی کورددا، تەنیا ئاکامێك دەدات بەدەستەوە کە گەورەکردنی قەبارەی کێشەکەیە، ئەوەش لەبەرژەوەندیی سیاسیی و ئابووری ئەو نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەگەر هەیە تورکیا بباتە بەردەم بارودۆخێکی ناوخۆیی پڕ کێشە و ئاژاوەی وەها فراوانەوە، کۆنترۆڵکردنی ببێتە کارێکی ئەستەم. لە ئەنجامی خوێندنەوەی ئەم دۆخە و بینینی واقیعەکە بوو، عەبدوڵڵا گویلی سەرۆك کۆماری تورکیا لە سەردانەکەیدا بۆ بتلیس بە رۆژنامەنووسانی وت "با سەری خۆمان نقوومی لم نەکەین و راستییەکان وەك ئەوەی هەیە ببینین".

دەربارەی دوا پرۆژەکەی سەرۆك وەزیرانی تورکیاش، رۆژنامەی "ئیکۆنۆمیست" نووسیوویەتی، "دەستپێشخەرییەکەی ئەردۆگان تەنیا وەڵامی گووشارەکانی یەکێتی ئەورووپا نییە، بەڵکو کێشەیەکی گەشەکردووی ناوخۆی ئەو وڵاتەیە". ناتوانین بڵێین گووشارەکانی یەکێتی ئەورووپا بێ کاریگەریین لە هەر پرۆژەیەکی ئاشتی بۆ چارەی کێشەی کورد لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا، بەڵام ئەگەر هەموو جارەکانی پێشوو، هەموو پرۆژە پێشنیارکراوەکانی پێشوو لە ژێر

کاریگـەریی و گووشـاری کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتیـدا بووبێـت، ئـەوە بێگومان ئەمجارە، درێژکردنی دەستی ئاشتی لەلایەن تورکیاوە لەژێر کاریگەریی بارودۆخی ناوخۆیی و بە بنبەست گەیشتنی ڕێگەی جەنگ بووە، چوونکە لەلای ئەکەپە و کاربەدەستانی دەوڵەتیی تێگەیشتنێك هاتۆتە ئارا کە کاتی هاتووە، بگرە درەنگیشە تورکیا لەو قەیرانە زۆر گەورەیە ڕزگار بکرێت و ژێرخانی ئابووری لەو داتەپینە جادووییە قووتار بکرێت و وڵاتەکە بەرەو ئاقارێکی باشتر لە سایەی ئاشتیدا هەنگاو هەڵبگرێت.

ڕاستییەکیش هەیە نابێت لە یادی بکەین، وەنەبێت سەرکردە سیاسییەکان و کاربەدەستانی بالأی تورکیا لە دەیەکانی ڕابردوودا دەرکی ئەوەیان نەکردبێت، یەك تاکە ڕێگا هەیە بۆ چارەسەری کێشەی کورد، ئەو ڕێگایەش ئاشتیی و کرانەوەی دەوڵەتە لە حاست کورد و بە فەرمیی ناسینی نەتەوەیەك بە هەموو تایبەتمەندییەکانییەوە بە ناوی گەلی کورد. ڕۆژنامەوانی ناوداری تورك "محەمەد عەلی بیراند" لە یەکێك لەوتارە نوێکانیدا بە وردیی تیشك دەخاتە سەر ئەم پرسە و ئەو پرۆژەیەی ئەردۆگان و گوڵ بە دەسپێکی سەردەمێکی نوێ بۆ تورکیا لە قەڵەم دەدات، هەروەك چۆن پێیوایە هەڵوێستەکەیان ڕووداوێکی دانسقەیە و ئازایەتییەکی بێوێنەشی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، چوون لە ماوەی چەند دەیەیەی ڕابردوودا جگە لە "ئۆزال" هیچ سەرۆك وەزیرێکی تورکیا نەبووە هێندەی ئەردۆگان متمانەی بە خۆی هەبووبێت لە دەستپێشخەریی ئاشتی بۆ چارەی دۆزی کورد.

بیراند لە وتارەکەیدا دەنووسێت "لە هەمووان گرنگتر ئەوەیە کەوا: زۆرێك لە سەرۆك وەزیرانمان لە رابردوودا شێرپەنجەکەیان دیاری کردووە، بەڵام هیچ کامێکیان زاتی ئەوەیان نەکرد جگە لە ئۆزاڵ ئازایەتی خۆی پیشان بدا بۆ خستنەکاری جێبەجێکردنەوە. رەجەب تەیب ئۆردوگان، جا خۆشیت لێی بێت، یاخۆ نا، زاتی ئەوەی کرد بە هاوبەشی لەگەڵ سەرۆك گوڵ، کەشوهەوایەکی وایان خوڵقاند کە لە شتێکی ئەستەم دەچوو".

لە ژێر ئەم رۆشنایییەدا زۆرێك لەچاودێرانی سیاسیی و کارناسان بەو بڕوایە گەیشتوون، لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە نیەتێکی باش هەیە بۆ کۆتایی پێهێنان بە کێشەکە، هەروەك "ئیگمین باگیش" گەورە دانوستانکاری تورکیا لە یەکێتی ئەورووپا جەختی لەسەر دەکاتەوە "ئێمە بە هەموو شێوەیەك هەوڵدەدەین رێگە لەو خوێنڕێژییە بگرین لە وڵاتدا هەیە، هیوامان وایە ئەو توندوتیژییە لە وڵاتدا نەمێنێت و دووبەرەکیش لە ناو خەڵکیدا کۆتایی پێبێت".

ئەم نیەتە و ئەو جۆرە لێدوانانە دەتوانن خزمەتێکی باشی دۆزەکە بکەن بە ئاقاری چارەسەرکردندا، چوونکە هیچ ئاشتییەك ناتوانێت لە ئارادا بێت، ئەگەر لە پێشدا کۆتایی بەهەموو جۆرە خوێنڕێژییەك نەیەت، هیچ پرۆژەیەك ناتوانێت رۆڵ بگێڕێت بە بێ دۆزینەوەی سەرەداوی کێشەکان و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنیان، لە وتاری سیاسیی و فەرمی تورکیادا بە روونی ئەو خواستە هەستی پێدەکرێت، ئەگەر کار وا بڕواتە پێشەوە، مافمان هەیە بڵێین دەسپێکی قۆناغێکی

نـوێی چارەسـەریی و دۆزینـەوەی ڕێگاکـانی ئاشـتییەکی یـەکجاریی و سەرتاسەریی دەستپێکردووە.



# پێشوازیی لە پرۆژەکەی ئەردۆگان

بە پێی زۆرینەی ئەو راپرسییانەی دەزگاکانی راپرسیی لە ناوخۆی تورکیا ئەنجامیانداون، ئاکام دەرکەوتووە بەشی هەرە زۆری هاووڵاتیانی ئاسایی خوازیاری کۆتاییهێنانن بە کێشەی کورد و تورکیا بە رێگەی ئاشتیی. ئەوەش پێشکەوتنێکە لە مەسەلەکەدا، چوونکە لەوانەیە چەند ساڵێك لەمەوبەر دۆزی کورد لە دیدی زۆرینەی هاووڵاتیانی ئاسایی تورکدا تیرۆر و وەحشیگەرییەکی رووت و قووت بووبێت، ئێستاکە ئەم گۆڕانە لە دنیابینی تاکی تورکیدا، گۆڕانێکی کەم نییە، بەڵکو یەکێکە لەو رووداوە دڵخۆشکەرانەی رێگاکانی ئاشتی هەرچی زیاتر کورت دەکاتەوە.

هاووڵاتیان و پارتییە سیاسییەکانی کوردیش هەر لەدەتەپەوە تادەگاتە پەکەکە سەرەڕای تێبینی و سەرنجیان لەسەر ناوەڕۆکی پرۆژەکە و تەنانەت گومانیشیان، پێشوازیی لە هەوڵەکانی ئاشتیی دەکەن، تا ئەو ئەندازەیەی پەکەکە رایدەگەیێنێت رێگەچارەی ئاشتی و دایەلۆگ بە کراوەیی دەهێڵێتەوە و بە رێگەیەکی گونجاو سەیری دەکات.

ئەحمەد دەنیز بەرپرسی پەیوەندییەکانی کۆما جڤاکێن کوردستان رایدەگەیەنێت "لای ئێمەش خەتی سوور هەیە، دەبێت دەوڵەتی تورکیا، کورد وەك نەتەوە قبووڵ بکات، دەبێت دەوڵەت ئەو شتە لە چوارچێوەی دەستوور جێگیر بکات". پەکەکە یا خۆ دەتەپە ماف خۆیانە داوای گرەنتییەکی وەك دەستوور بکەن، چوونکە هیچ زەمانەتێك نییە تورکیا ئەم هەنگاوە وەك تاکتیکێك بەکارناهێنێت بۆ خاوکردنەوەی ئەو

گرژییەی ئێستا لە ناوەوەی تورکیا لە قوولْپ و جۆشدایە. بەلاّم ئومێدەکە لەوەدایە جیا لەوەی پەرۆشیی لەلای هەردوو پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات و پارتی کرێکاران هەیە بۆ ئاشتیی و دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی دوور لە توندوتیژیی، هەمان پەرۆشیی لەلای کاربەدەستانی دەوڵەتی تورکیا بە روونی هەستی پێدەکرێت.

کێشەیەك هەتا ئێستا لە ئارادا بێت و پرۆژەکە سست و خاو بکاتەوە، ڕێگرە ناوخۆییەکانی تورکیان، لە چەشنی بەربەستی پارتییە ڕاستڕەوەکان و بەشێك لە میدیا تۆرانییە یان ناسیۆنالیستەکان، چوونکە ئەو دوو هێزە یان با بڵێین ئەو دوو جەمسەرە بە فۆرم و میکانیزمی جیاواز کاریگەرییان لەسەر شەقامی تورکیی هەیە، بۆ تەیارکردنیان لە دژی هەر پرۆژەیەك ئاسۆی چارەسەری کێشەی کوردی لە خۆ گرتبێت. بولەنت کێنێش، لە "تودەی زەمان"دا، تیشك دەخاتە سەر ئەم مەترسییە و دەنووسێت: گرنگترین شت لە دەستپێشخەرییە دیموکراتییەکە کە بۆ مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی کوردە، بریتییە لە پێدانی زانیاریی دروست بە رای گشتیی و بەدەستهێنانی پشتگیریی ئەوان بۆ پرۆسەکە.

خۆشبەختانە راپرسییەکان کە تائێستا ئەنجامدراون پاڵپشتییەکی گەورەی خەڵك بۆ پرۆسەکەی حکوومەت پیشان دەدەن. لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی هەوڵەکانی پارتی کۆماریی "جەهەپە" و پارتی میللی "مەهەپە" و میدیاکان کە لە ڕێی گووتارە ناسیۆنالیستیی و شۆڤێنیستییەکانەوە و بە باسکردنی مەترسیی دابەشبوون و جیابوونەوە نەیانهێشتووە

پاڵپشتیی ئەو پڕۆژەیەی حکوومەت زۆر جەماوەریی بێت و بەشێکی کۆمەڵگەیان لە دژی هانداوە.

ئەگەرچی هەردوو پارتی کۆماریی و میللیی هێندە بەهێز نین بتوانن شەقامی تورکیا بە تەواوەتی کۆنترۆڵ بکەن، یان بتوانن پڕۆژەیەکی لەو شێوەیەی ئەردۆگان پێشنیاری کردووە سەر لەبەر هەڵبوەشێننەوە و بۆ دواوەی بگێڕننەوە، بەڵام ئەگەر دەوڵەت بەهێز نەبێت و نەتوانێت شەقام بکات بە پاڵپشتی پڕۆژەکەی، لە هەمان کاتدا خودی پڕۆژەکە بەشێکی بەرچاو لە مافەکانی گەلی کورد لە خۆ نەگرێت، نەك ناتوانێت ئاشتی لەسەر کەمترین جوگرافیا بەرقەرار بکات، بەڵکو دیسان مەوجەیەکی تر لە شەڕ و ئاژاوە و پێکدادانی چەکداریی سەرتاپای وڵاتەکە دەگرێتەوە و پڕۆژەکەش تەبەخور دەکات و وەك تەپوتۆز دەچێت بە ئاسماندا.

# نەخشە ڕێگای ئۆجەلان

هیچ چارەسەرییەك لە ئارادا نییە لە تورکیادا، بە بێ ڕازیبوونی ئۆجەلان و پارتی کرێکارانی کوردستان، چوون ناکرێت لەلایەك دەوڵەت شەڕی گەریلاکان بکات و لەلاکەی تر بانگەشە بۆ چارەسەری کێشەی کورد بکات، لەبەرئەوەی هەردوو کێشەی پارتی کرێکارانی کوردستان و گەلی کورد لە بناغەدا یەك کێشەن و پەیوەندییەکی کۆنکرێتی و ئۆرگانیکیان پێکەوە هەیە، یاخۆ بە دەربڕینێکی تر پەکەکە و خودی عەبدوڵلا ئۆجەلان هەروەك چۆن جەمسەرێکی کێشەکەن، لە ڕاستیدا دەتوانن جەمسەرێکی بەهێزی چارەسەریی و کۆتاییهێنان بن بەو بارە نەخوازراوەی چەند دەیەیەکە لە تورکیادا بەڕێوە دەچێت.

تورکەکان بۆ ئاشتییەکی سەرتاسەریی جگە لە درێژکردنی دەستی دانوستان بۆ دەتەپە، هەڵەیەکی گەوهەریی دەکەن ئۆجەلان و پەکەکە لە بیر بکەن، چوون ئەوەی دەردەکەوێت لە گووتاری سیاسیی دەوڵەتی تورکدا نیەت و ڕێگایەکی تاکلایەنەی دەوڵەتە بۆ چارەی دۆزەکە بە بێ گەڕانەوە بۆ ڕا و پێشنیار و بەهەند وەرگرتنی خاوەنی ڕاستەقینەی کێشەکە کە گەلی کوردستان و پارتییە سیاسییەکانی چەشنی پەکەکە و دەتەپەن.

عەبدوڵلا ئۆجەلان، بەم دواییانە لە ڕێی نامەیەکەوە بۆ سەرۆك وەزیرانی تورکیا، ڕوونیکردۆتەوە بەبێ گەڕانەوە بۆ کورد و گفتوگۆکردن لەگەڵ نوێنەرەکانیدا، هیچ چارەسەرییەك نییە گەلی کورد بتوانێت قبووڵی

بکات، ئۆجەلان وێڕای ئەوەی ئامادەیی خۆی بۆ هەر جۆرە هاوکارییەك نیشان دەدات، لە نامەکەیدا ئەوەشی نوسیووە:

"پێویستە لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەی کە چارەسەریی دەخوڵقێنن دیدار ئەنجام بدرێت، ئەگەر پێکەوە قسە نەکەن پرسەکە چارەسەر نابێت، بە پێچەوانەوە بەردەوام دەبێت، ئەوانە بەهێندەی من شارەزای پرسەکە و چارەسەرییەکەی نین، من ناڵێم هەر دەبێت بێن و لەگەڵ من دیدار ئەنجام بدەن، من لەوان ناپاڕێمەوە، بەڵام ئەگەر ئێوە بڵێن من پرسەکە چارەسەر بکەم و مخاتەبیش خۆم دەستنیشانی دەکەم، ئەوە مایەی پەسەند نییە، کورد ئەوە پەسەند ناکات، من ناڵێم لە قۆناغی رابردوودا لەگەڵ من دیداریان ئەنجام نەداوە، دیدار لەگەڵ من ئەنجامدرا و من پێشتریش باسی ئەوەم کردبوو، بەڵام هیچ هەنگاوێکی جیددی نەنرا، من دیسانەوە دەڵێم ئەوە کارێکی ئاسان نییە، پێویستی بە بوێریی هەیە، رۆژانە مرۆڤ دەمرن، من لێرەوە هەوڵدەدەم رێ بەو مردنانە بگرم، بە هەڵوێستێکی هەرزان ناتوانن پرسەکە چارەسەر بکەن، پرسەکە بە چەمکی کلاسیکیش چارەسەر نابێت".

ئۆجەلان خۆی بەشێك بووە لەو کێشە لە مێژینەی تورکەکان باسی لێوە دەکەن، وەك چۆن هۆکارێکی گرنگیی ئەو سەختییانە بووە لانی کەم لەبیست و پێنجساڵی رابردوو هاتۆتە سەر رێی دەوڵەتی تورکیا، ئەمڕۆ ئۆجەلان هەر ئاوها دەتوانێت یارمەتیدەرێکی گرنگیی چارەسەریی بێت و ئەو نەخشە رێگایەی ئەو پێشنیاری کردووە بۆ چارەی کێشەی کورد لەو بەشەی کوردستاندا، لانیکەم ئەگەر هەموو

مافەکانی کوردیش نەبێت ئەوە کوردەکان دەتوانن پێی رازی بن و وەك سەرکەوتنێکی گەورە چاوی لێبکەن لە خەباتی رزگاریخوازیی خۆیاندا. ناوەڕۆکی نەخشە ڕێگاکەی ئۆجەلانیش، هەروەك "ئیمرە ئۆسلۆ" لە رۆژنامەی "تودەی زەمان"ی تورکیدا روونیکردۆتەوە لەسەر چەند پایە و خاڵێکی بنەڕەتی راوەستاوە و دەکرێت گرنگترینیان بەمشێوەیە لە سەرەوە بۆ خوارەوە ریزبەند بکەین:

*لە پێناو ئاشتەوایی ناو کۆمەڵگا، دەبێت چەند لیژنەیەکی دادوەریی و راستیی پێکبهێندرێت. هەردوولا پێویستە هەڵەی خۆیان بزانن و بە ئاشکرا باسی ئەو شتانە بکەن.

*پێویستە پێناسی کوردیی لە دەستووردا بنووسرێتەوە و بخرێتە نێو سیستمی یاساییەوە.

*پێویستە زمانی کوردیی لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا بخوێندرێت. ئەو کەسانەی دەیانەوێت منداڵەکانیان وەها پەروەردەیەك وەربگرن پێویستە بتوانن بیاننێرن بۆ ئەو جۆرە قوتابخانانە.

*پێویستە ئازادیی رادەربڕین و رێکخراوەیی سنووردار نەکرێت. پێویستە چالاکی سیاسیی سنووردار نەکرێت یان لە لایەن دەوڵەتەوە رێکنەخرێت.

*پێویستە یاساکانی حزب و هەڵبژاردن بۆ ریفۆرم و چاکسازیی دیموکراسی بێت. پێویستە یاساکان گەرەنتی بەشداریی گەلی کورد و هەموو گروپە دیموکراتییەکانی تر لە پرۆسەی بڕیاردانی دیموکراسی بدەن.

*پێویستە ئەو کەسانەی کە لە ماوەی جەنگدا لە گوندەکانیان دەرکراون بە بێ هیچ بەربەستێك بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان.

ئەم پلانەی ئۆجەلان لە سەرەتای پرۆسەکەوە تا کۆتایی دەتوانێت گرەنتی کۆتایی هاتنی ئەو بارگرژییە مێژووییە بێت لە ولاتەکەدا بوونی هەیە. ئەمڕۆکە تەنانەت بەشێك لە ژەنەراڵەکانیش خوازیاری تەواوبوونی ئەو دراما زۆر تراژیدییەن، بەلام بۆچوونی سوپا بۆ مەسەلەکە جودایە و پێیانوایە ناکرێت ئۆجەلان لەم پرۆسەیەدا بەهەند وەربگیرێت، ئەم راستییەش لەسەر زاری سوپاسالاری تورکیا، ژەنرالْ باشبوغ جەختی لەسەر کراوەتەوە، وەختێك بە میدیاکانی راگەیاند "میللەتی تورك و هێزی سەربازی تورك (سەرۆکی رێکخراوە تیرۆریستییەکان) بەهەند وەرناگرن و لێبوردنیشیان بۆ دەرناکەن، تەنانەت لە پرۆسەی کرانەوەی دیموکراسی لە تورکیادا، بابەتی بەهەند وەرگرتنی ئۆجەلان زەحمەتە و تا دوایین ساتیش، شەڕمان لەگەلْ تیرۆردا بەردەوام دەبێت".

بە پێچەوانەشەوە بە گوێرەی هەواڵی رۆژنامەی "تودەی زەمان"ی تورکی بۆچوونی دەولەت و ئەکەپە جیاوازترە و لە بەرامبەر نەخشە رێگاکە نەرمترن، رۆژنامەکە نووسیویێتی "نەخشە رێگای ئۆجەلان تێڕوانینێکی جیاوازی دروستکردووە لەلای پارتی داد و گەشەپێدان، ئەو کۆبوونەوانەی لەم دواییەدا لە نێوان بەرپرسانی دەتەپە و ئەکەپەدا ئەنجامدراون رێگا خۆشکەرێکی باش بوون بۆ بەهەند وەرگرتنی ئەو نەخشە رێگایە".

بە کورتییەکەی ئۆجەلان و نەخشە ڕێگاکەی هێزیان هەیە بەشداربن لە پرۆسەکەدا، بە لانیکەمەوە تورکەکان لەو ڕاستییە بەباشی تێگەیشتوون، هیچ هەنگاوێکی ئاشتیی ناتوانێت لە تورکیادا بچێتە بواری کردارەوە، ئەگەر ئۆجەلان و پەکەکە لایەنێکی هەرە سەرەکیی ئەو ئاشتییە نەبن، بەڵام خۆشبەختانە پەکەکە و ئۆجەلان لەم قۆناغەدا لە هەموو کات سوورتر و ئامادەترن بۆ ڕێگاچارەیەکی ئاشتییانەی کێشەی کورد، درێژکردنەوەی زوو زووی ماوەی ئاگربڕ لەلایەن پەکەکەوە، بە تایبەتی ئەم ئەگەر بڕەی دوایی کە تا کۆتایی مانگی ڕەمەزان درێژەی دەبێت، بەڵگەیەکی سادەی ئەو دەربڕینەی لای سەرەوەی ئێمەن.

# چەکدانانی پەکەکە

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی دەنگۆی هەرجۆرە گفتوگۆ و هەنگاوێك بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا، پرسی دانانی چەك لەلایەن پارتی کرێکارانی کوردستانەوە دەبێتە مانشێتی رۆژنامەکان و سەرباسی زۆرینەی لێدوانە سیاسیی و رۆژنامەوانییەکان چ لە ناوخۆی تورکیا، چ لەلای ئەو ناوەند و دەزگا و دەوڵەتانەی لە دەرەوەی تورکیا، بایەخ بەو دۆزە دەدەن. ئەوەی ئاشکرایە هەڵوێستی فەرمیی پارتی کرێکارانی کوردستان وەهایە: چەك دانانیان پەیوەستە بەو هەنگاوانەی حکوومەتەوە لە بواری رێگەخۆشکردن بۆ مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد دەینێت.

ئەمجارەش سەرکردەکانی پەکەکە هەمان بۆچوونی پێشوویان دووبارە دەکەنەوە و سەلماندنی مافە سیاسیی و نەتەوەییەکانی گەلی کوردیان بە یەکێك لە مەرجەکانی چەکدانانیان داناوە و تا ئەوە روونەدات ئەستەمە چەك دابنێن و هەروا بەچەند بانگەشەیەکی میدیایی لەلایەن سیاسییەکانی تورکەوە واز لە جموجوڵە سەربازییەکان بهێنن، چون راستییەك هەیە ئەوەیە: تا بە ئێستا دەگات پەکەکە تاکە قەڵغانی پاراستنی مافەکانی کوردە لەو بەشەدا.

ئەحمەد دەنیز، بەرپرسی پەیوەندییەکانی کۆما جڤاکێن کوردستان، رایگەیاند "تا ئێستا پرسی کورد لە تورکیادا گرفتێکە و چارە نەکراوە، بۆیە پێویست بەوە ناکات کەس قەناعەت بە پەکەکە بکات تاوەکو چەك دابنێت". لەسەرێکی دیکەشەوە ئەگەر تورکەکان ملکەچ بکەن بۆ ئەو

نەخشـــە ڕێگایـــەی ئۆجـــەلان بەمەبەســـتی دۆزینـــەوەی میکـــانیزمی چارەسـەریی پێشـکەش بە دەوڵـەتی تورکیای کردووە، بێگومان چـەك دانانی پەکەکە دەبێتە کارێکی ئاسایی، چوون کاریزمای ئۆجـەلان بـۆ پەکەکە و زۆرینەی کوردەکانی باکووری کوردسـتان شـتێکی کـەم نییـە، هـەر بڕیارێـك ئۆجـەلان بیـدات، بـە تایبـەت ئەگـەر تـورك ئامـادەیی سەلماندنی مافەکانی کوردی تێدا بێت، بۆ پەکەکە و تەواوی کـوردی باکوور مایەی سەرپێچی نییە، ئەگەر ئەو بڕیارە چەکدانانی پەکەکەش بێت لە ماوەیەکی زۆر کورتدا.

محەمەد عەلی بیراند، ڕۆژنامەنووسی ناوداری تـورك لـە "حورییەت"دا نوسیویێتی (ئۆجەلان گرنگی بەو وتارە دەدات و بڕوا وایە دوای ئەوە چـــەند پێشڤەچـــوونێك ڕوودەدات. ئـــەو "نەخشـــەی ڕێگایـــە"ی لـــە بەندیخانەی ئیمراڵییەوە دەردەچێت ڕەنگە پرۆسەکە خێراتر بکات یان بەپێچەوانەوە هەموو شتێك بشێوێنێت. پەکەکە پێشنیازەکانی ئۆجەلان وەك دەستوور پەیڕەو دەکات و هیچ کەسێك جورئەت ناکات شـتێکی لێ بگۆڕێـت، گـرنگ نییـە چـەندە بـیر و بۆچـوونی جیـاواز لـە نـاو ڕێکخراوەکـەدا هـەبێت. قورسـایی و هاوسـەنگیی خـودی ئۆجـەلان زۆر ئاڵۆزە).

تـابلۆ سیاسـییەکە نیشـانمان دەدات، پەکەکـە ئامـادەی چـەکدانانی مەرجدارە، هەتا تورکیا مافەکانی کورد لـە دەسـتووردا نەچەسـپێنێت و بـە کردارییـ هەڵوێسـتەکانی لەمـەڕ کـورد نـەبینرێت، هـیچ لۆژیکێـك پشتگیریی لە هەنگاوی چەکدانانی پەکەکە ناکات. بۆیە سەرکردەکانی

گەریلا هەمیشە لە لێدوانەکانیاندا پێیانەوە دیارە کە دەیانەوێ چیرۆکی جەنگ لەگەڵ دەوڵەت کۆتایی بێت، سەرکردەکانی پەکەکە زۆرتر لەو ژمارە سیاسییە تورکەی فرمێسکی تیمساحانە بۆ هاوولاتیانی سیڤیل و کوشتار وخوێنرێژیی لە ولاتەکەیاندا دەڕژن، پەرۆشترن بۆ ئاشتی.

بۆیە ئەگەر تورکەکان خوازیارن پەکەکە چەك دابنێت، دەبێت رامیاریی خۆیان لە بەرامبەری بگۆڕن، هەر لە گۆڕینی گووتاری میدیا فەرمییەکانەوە کە پەکەکە بە هێزێکی تیرۆریستی پێناسە دەکات، تا بەشدارپێکردنی پارتی کرێکاران وەك هێزێکی هەماهەنگکار و هاوبەش لە هەر پرۆسەیەکدا کە ئومێدی لێبکرێت ئاشتییەکی راستەقینە لە تورکیادا بهێنێتە دی.

# ڕۆلی دەتەپە لە چارەسەرییدا

پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات "دەتەپە"، بەهێزترین و تاکە پارتیی سیاسیی کوردیی ڕێگەپێدراوە لە تورکیا، ئەگەرچی پارتییەکە نوێیە، بەلاّم لەسەر پاشخانێکی سیاسیی گەورە و ئەزموونێکی دەوڵەمەندی چەندین پارتیی سیاسیی کوردیی قەدەغەکراو دەژی، بۆیە بەشێوەیەکی زۆر ڕاستەوخۆ کاریگەریی هەیە لەسەر پرسی کورد، بردنەوەشی لە ئەنجوومەنی شاراوەنییەکانی شارە کوردییەکاندا بە ڕێژەیەکی بەرچاو، گەواهیی ئەو ڕاستییەی لای سەرەوەیە.

هێنانە سەر شەقامی زیاتر لە یەك ملیۆن هاوولاّتی کورد لە دیاربەکر لە ڕۆژی ئاشتی جیهانیدا "1-9-2009"، لە ژێر ناوی "بەڵێ بۆ ئاشتییەکی شەرافەتمەندانە"، نیشانیدا دەتەپە هێزێکە ناکرێت حیسابی بۆ نەکرێت، بە تایبەت لەو ساتەوەختەدا، پەکەکە هیچ لارییەکی نییە دەتەپە نوێنەرایەتی خواستی کورد بکات. بینینی باراك ئۆباما لەلایەن "ئەحمەد تورك"ی سەرۆکی دەتەپەوە و چەند دانیشتنێکی بالاّی هاوبەشی نێوان ئەکەپە و دەتەپە، ئەوەندەی تر هێز دەدەن بەو پارتییە وەك جەمسەرێکی بەهێز لە پرۆسەکەدا دەربکەوێت.

دەتەپە ئەگەرچی تێبینی و گومانی هەیە، بەلاّم پێشوازیی لەهەر پرۆژەیەك دەکات کەم تا زۆرێك دۆزی نەتەوەیی گەلی کورد چەند فرسەخێك بباتە پێشەوە. سەرۆکی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی "ئەحمەد تورك" لە وەلاّمی لێدوانی وەزیری ناوخۆی تورکیا بەشیر ئاتالاّی ڕایگەیاند، "حکوومەتی تورکیا ماوەی 30 ساڵە سیاسەتی

پاکتاوکردنی پەیڕەو کردووە و ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە لێیان بپرسین ئایا چییان پاکتاو کردووە و ئایا کێشەکانیان یەکلاکردووەتەوە؟".

ئەحمەد تورك مەبەستێتی بە دەوڵەت بڵێت لە ماوەی سی ساڵی رابردوودا سیاسەتی پاکتاوکردن و توندوتیژیی هیچی یەکلا نەکردۆتەوە، کەواتە هەنووکە سەردەمێکی تازەیە کە دەبێت هەردوولا بەیەکەوە و بەهاوبەشی بیر لە رێگەچارە و میکانیزمی ئاشتیخوازانە بکەنەوە، بۆ کارێکی لەم بابەتە پێویستە سەرەتا تورکیا دەستپێشخەریی بکات، چوونکە ستراتیژیی سیاسیی کورد لەو بەشەدا تەبایە لەگەڵ ئاشتی، بەڵکو لە بنەڕەتەوە کورد هەتا میکانیزمی ئاشتیخوازانە هەبێت، نایەوێت دەست بۆ ئامرازی تری وەك توندوتیژیی ببات.

پەرلەمانتاران و سەرکردەکانی دەتەپە، خۆیان بۆ ئەگەری جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیەی ئەردۆگان تەرحی کردووە، ئامادە کردووە و رایدەگەیەنن بە هەموو شێوەیەك ئامادەی هاریکاریی دەوڵەتن بۆ خستنە بواری جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیەوە، لە بەرامبەردا پێیانوایە ئەگەر دەوڵەت خۆی لەمافەکانی کورد بدزێتەوە و پێچا و پێچ بەو پرۆژە پێشنیارکراوە بکات، ئەوە نەك دۆزی کورد بچووك نابێتەوە، بەڵکو زیاتر هانی هەستی جوداخوازیی نەوەکانی گەلی کوردستان دەدات و رەنگە لە ئەنجامدا توندوتیژییەکی لە رادە بەدەر

سەرتاسەری تورکیا بگرێتەوە. ئەم حەقیقەتەش لەسەر زاری "ئایسل تۆگلۆق"ی خانمە پەرلەمانتاری دەتەپەوە جەختی لێکراوەتەوە.

## ئەنجامگیریی

هەلێکی گرنگ بۆ هەردوولا "تورکیا، کورد" هاتۆتە پێشەوە تا سوود لەم دەرفەتە وەربگرن و چارەی کێشەیەکی لە مێژینەی نێوانیان بکەن، ئەم چرکەساتە مێژووییانە بۆ هەردوولا بایەخێکی زۆریان هەیە و ئەگەر ژیرانە مامەڵەی لە تەکدا بکەن، ئەوە ئاوسە بە قۆناغێکی نوێ کە دەتوانین بڵێین لە دایکبوونی مێژوویەکی ترە بۆ تورکیا.
نووسەر و کارناسی بواری دۆزی کورد، "هێنری بارکی" دەنووسێت (ئێستا نیشانەکانی ئەگەری چارەسەرییەك بە دەرکەوتوون. بۆ یەکەمجار لە مێژووی خۆیدا، دەوڵەتی تورکیا باس لەچارەنووسی ئەو کەمینە زۆرەی کوردی خۆی دەکات. لەو دواییە عەبدوڵڵا گول سەرۆکی تورکیا رایگەیاند پرسی کورد "گەورەترین کێشەی وڵاتەکەیەتی"و وتی تورکیا "هەلێکی مێژوویی بۆ رەخساوە تا لە رێگەی گفتوگۆکردن ئەو پرسە چارەسەر بکات". تێبینییەکانی گول منازەرەیەکی نوێی لە میدیا و ئەکادیمیا و سیاسەتی تورکیای لەسەر ئەوەی چۆن ئەو یاخیبوونە 20 ساڵەیەی کورد بە سەرکردایەتی PKK کۆتایی پێبهێنن، بەدوادا هات).
وا بڕوا دەکەم ئەگەر تورکەکان، نەرمیی پتر بنووێنن و لە دەرەوەی کەمالیزم و بازنە تەسك و داخراوەکانی بیری نەتەوەپەرستانەی هەتا

ئێستای دەوڵەتی تورکەوە، لە پرۆسەکە بڕوانن، کوردەکان هەموو کات بۆ ئاشتیی ملیان لە موو باریکترە، چوون جەنگ و توندوتیژیی بۆ کورد جگە لە وێرانبوونی وڵات و لە ناوچوونی بنەماکانی ژیان و کوشتار و بەفیڕۆچوونی خوێنی سەدان هەزار کەس لە رۆڵەکانی گەلەکەی هیچ دەستکەوتێکی تری نەبووە. لە نموونەی دەوڵەتان و ئەزموونەکانی جیهانیشەوە فێربووین، گەلانی ستەملێکراو و ژێردەستە زۆر زیاتر لە نەتەوە سەردەست و چەوسێنەرەکان پەرۆشی ئاشتیی و ڕێگا دیموکراتیی و مەدەنییەکانن.

تێبینی: ئەم وتارە بە سێ بەش لە ژمارەکانی (714– 715– 716) رۆژنامەی (کوردستان راپۆرت) لە رۆژانی 13–15–18\10\2009 بلاۆکراوەتەوە.

# بۆ چارەسەری کێشەی کورد

# دەبێ تورکیا لەگەڵ کێ دانوستان بکات؟

ئەگەرچـی دەوڵـەتی ئەکەپـە "پـارتی داد و گەشـەپێدان"، هەنـدێك ریفۆرمی لا بە لای لە مافەکانی کورددا کردووە لە باکووری کوردستان، بەڵام هێشتا ئەو پێشکەوتنانە نەبوونەتە خاڵی سەرەتا بۆ بە رفەرمیی ناسینی تێکڕای مافەکانی گەلی کورد وەك نەتەوەیەك کە مێژوویەکی دێرینتری هەیە لە تورك لەو جوگرافیایەی ئەمڕۆ پێی دەوترێت تورکیا، لەلایەك دەوڵەت لە تورکیا کەناڵی فەرمیی تەلەفزیۆن بۆ کورد دەکاتەوە و رایدەگەیەنێت ئامادەی ریفۆرمە لە دۆزی کورددا لەو چوارچێوەیەی یاسای دەوڵەت رێی پێدەدات.

لەلایەکی ترەوە جگە لە ساختەکردن لە پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات "دەتەپە" کە پـارتێکی فـەرمیی و یاسـایی کوردییـە، لـە پرۆسـەی هەڵبژاردنەکاندا، لـە چـەند مـانگی رابـردوودا گوشـارێکی هەمەلایەنـە خرایـە سـەر دەتەپـە و ئەندامـەکانی لـە زۆرینـەی شـارەکانی بـاکوور، لەمانـەش بترازێت داواکاریی "ئەحمەد تـورك" بـۆ پێدانی دەسەڵات بە کـورد و بەفـەرمی ناسـینی ئۆتۆنـۆمی بـۆ بـاکووری کوردسـتان بەپێچەوانەی دەستوور و تەنانەت ئەو کرانەوەیەش دەزانن ئەمڕۆ لـەو وڵاتـەدا هەسـتی پێدەکـەین. دۆخـی جیهـان لەگـەڵ هـاتنی ئۆبامـا

دەگۆڕێت، یان لانیکەم بەوشێوەیە نامێنێتەوە لە پێشتردا هەبووە، چوونکە بەرنامەی گۆڕانەکەی ئۆباما رەچاوی زۆری باری رۆژهەلاتی ناوەڕاستی کردووە، بێگومانیش هیچ گۆڕانێك لە رۆژهەلاتی ناویندا نایەتەدی بەبێ ئەوەی گۆڕانیش لە مافەکان و دۆزی گەلی کورددا روویدات.

هاتنی ئەم دواییەی ئۆباما بۆ میسر و پێشکەشکردنی ئەو وتارە مێژووییەی بە خاڵی دابڕان و سەرەتا دادەنرێت لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا، کەم تازۆر کاریگەریی راستەوخۆی دەبێت بۆ بیرکردنەوە لە چارەسەری کێشەی کورد کە بە یەکێك لە کێشە دێرینەکانی ناوچەکە دێتە ژماردن. کۆبوونەوەی ئەحمەد تورك وەك نوێنەرێکی بالای نەتەوەی کورد لەگەڵ ئۆباما و پێشکەشکردنی پلاتفۆرمی چارەسەری کێشەی کورد لە رێی ئۆتۆنۆمییەوە پێیان یەکێك لە سیماکانی ئەو وەرچەرخانەیە ئێمە باسی دەکەین.

تورکیا بیەوێت یان نا لە لێواری قۆناغێکی نوێدایە، دەچێتە ناو سەردەمێکی تازەوە لە رۆژهەلاتی نێویندا کە وەك وتمان زۆرێك لە هاوکێشەکانی هەتا ئێستای ئاوەژوو دەبنەوە، ئەمەش لە لوبنان بە شکستی توندئاژۆ ئیسلامییەکان و خرۆشانە جەماوەرییەکانی ئێرانەوە بە زەقی دیارە. تورکیا ناتوانێت پارچەیەکی دابڕاو بێت لەم تەشکیلە نوێیە و بڕیاری خۆکوژیی نادات بەوەی بە پێچەوانەوەی شەپۆلەکەوە مەلە بکات، تورکیا بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئەم وەرچەرخانە نوێیە و بۆ نزیکبوونەوە لە خەونی ئەندامێتی یەکێتی

ئەورووپا و ماندوبوون لە شەڕێکی درێژخایەنی بێ ئەنجام لەگەڵ کورد سەرەنجام زوو بێت یان درەنگ بڕیاری دانوستان لەگەڵ لایەنی کورد دەدات بەمەبەستی دۆزینەوەی میکانیزمی گونجاو و بە رەچاوکردنی بەرژەوەندیی هەردوولا بۆ کۆتاپێهێنان بەو بارگرژیی و کێشانەی لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیای نوێوە لەنێوان هەردوو نەتەوەدا بوونی هەیە.

ئەم بارودۆخە نوێیەی لە جیهان و ناوچەکەدا هاتۆتە پێشەوە و بڕیاری پەکەکە بۆ چەکدانان و چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە ڕێگەی ئاشتیی، زۆرێک لە ناوەندە سیاسیی و ئەکادیمییەکانی تورکیاشی هێناوەتە سەر کەڵکەڵەی ئەوەی سوود لەم دەرفەتە وەربگیرێت بە قازانجی کۆتایی پێهێنان بە کێشەکە بە ڕێگەی ئاشتیی و دایەلۆگ کە ئێستا لە هەموو کات شانسی زۆرتری هەیە. محەمەد عەلی بیراندی ڕۆژنامەنووسی ناوداری تورک پێش زۆرینەیان کەوت لە ڕاگەیاندنی گرنگیی ئەم دۆخە تازەیە و لەوتارێکیدا لەرۆژنامەی "حوڕییەت" لە ژێر ناوی "با ئەم هەلەش لەدەستنەدەین بۆ چارەسەری دۆزی کورد"، باس لەوە دەکات تورکیا لە پێشتردا چەندان دەرفەت و هەلی زێڕینی لە دەست خۆیداوە بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد.

ئەو دوو نموونە باس دەکات، یەکەمیان ساڵی 1993 کە بەهۆی کۆچی دوایی سەرۆک "تورگۆت ئۆزال"ەوە پڕۆژەی ئاشتەوایی هەڵوەشایەوە، جاری دووەمیش هاوکاتە لەگەڵ دەستگیرکردنی عەبدوڵلا ئۆجەلان سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان لە سەرەتای ساڵی 1999دا.

تورکیا ناچارە بە گرتنەبەری رامیارییی نویٚ، چوونکە ئەگەر ئەوە نەکات زیانی زیاتر دەکات لە هەموو روویەکەوە، ئەم رامیارییە نوێیە دەبیٚ توانای بڕیاردانی هەبێت لە هەمبەر مافی کورد و دوای ئەو هۆسە و هەرایەی نەکەوێت لە هەندیٚ ناوەندی سیاسیی و راگەیاندنی شۆڤێنییەوە دەکرێتە سەر کورد چ وەك نەتەوە و چ وەك مرۆڤ، وەك ئەوەی مەهەپە دەیکات، بەڵکو دەبێت سەرکردە دەوڵەتییەکانی تورك بە دوای باشترین میکانیزمدا بگەڕێن بۆ چارەسەری کێشەکە و بێباکانە لەگەڵ نوێنەرانی راستەقینەی گەلی کورد دانوستان بکەن کە ئەمە بێگومان پەکەکە دەگرێتەوە، چوونکە چاوەڕێی هیچ ئاشتییەك ناکرێت هەتا هەزاران گەریلای کورد بە تیرۆریست لەقەڵەم بدرێن و تاکە رێگا لە بەردەمیان قەلاچۆکردن بێت، هیچ ئاشتییەك نابێتە ئاشتییەکی راستەقینە بەبیٚ ئامادەیی جیددی و کردەیی پەکەکە تیایدا.

ئەحمەد ئاڵتان لە رۆژنامەی "تەرەف" دەنووسێت (ئالەڤ ئەر دەڵیٚ "لەگەڵ کیٚ لە شەڕدای، لەگەڵ ئەودا ئاشتی بکە". ئاپۆ شەڕی دەستپێکرد. ئەمڕۆش ئەو هێزەی هەیە قۆناغی ئاشتەوایی دەستپێبکات. ئاشتی بەبیٚ پەکەکە و ئاپۆ مەحاڵە. تورکەکان چەندە لە پەکەکە و ئاپۆ بێزار بن، تەنانەت ئەگەر نەفرەتیشیان لێبکەن، هیچ لەم راستییە ناگۆڕێت. ئەمڕۆ گەر ئاپۆ لە بازنەی ئاشتی بخرێتە دەرەوە و بوونی پەکەکە لە بەرچاو نەگیریٚ، واقیعەکە هەست پێناکەین. دەزانم بە خوێندنەوەی ئەم نووسینەم، زۆر خوێنەری تورك پەست دەبن، بەڵام

تاکەی دەبێ لە کاردانەوەکان بترسین و راستییەکان لە بەرچاو نەگرین؟ ئەمڕۆکە ئاپۆ، ماندێلای کوردەکانە و قارەمانی نەتەوەییانە).

وەنەبێ ئەم هەڵوێستانە تەنێ چەند رۆژنامەنووسێکی تورک بێت، بە پێچەوانەوە زۆرێك لە کاربەدەستانی سەربازیی و مەدەنی دەوڵەتیش بەو باوەڕ گەیشتوون دەبێ دانوستان لەگەڵ نوێنەرانی سیاسیی کورد بکرێت، لە حاڵەتێکی ئاواشدا دەبێت بیر لە دانوستان لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلان بکرێتەوە، چوونکە ئەو جیا لەوەی رێبەری دەستبەسەرکراوی پارتی کرێکارانی کوردستانە، هاوزەمان کاریزمایەکی نەتەوەییە و بڕیارەکانی لەلایەن زۆرینەی هەرە زۆری خەڵکی باکووری کوردستانەوە گوێ و رێزی لێ دەگیرێت.

محەمەد ئەمین پێنجوێنی کە هاوەڵێکی نێزیکی ئۆجەلان بووە و ئاگادار و شارەزایە لە دۆزی کورد لە تورکیا پێیوایە "زۆر لە دامودەزگا فەرمی و نافەرمییەکانی تورکیا گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی چارەسەری مەسەلەی کورد، دەبێت لە رێگەی پەکەکەوە بکرێت، چوونکە هێز و مێژوویەکیان هەیە". بۆیەکا "جەواد ئۆنەیش"ی سەرۆکی پێشووی دەزگای هەواڵگریی تورکیی "میت" بەم دواییانە لە وتەیەکیدا لەمەڕ چارەسەری کێشەی کورد رایگەیاند "بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە تورکیا چاوەڕوانی وەڵامی ئاپۆ دەکەم".

لە کۆنگرەی سێیەمی دەتەپەشدا داواکرا بڕیاری لێبووردن و ئازادکردنی ئۆجەلان لەلایەن دەوڵەتی تورکەوە بدرێت، ئەمەش زادەی سۆزێکی رووت و قووت نییە، هێندەی بەندە بە پێویستیی

سەرکردەیەك لە وێنەی ئۆجەلان بەمەبەستی بەشدارییکردن لە پرۆسەی نوێی سیاسیی کە واپێشبینی دەکرێت لە ماوەیەکی نێزیکدا لە تورکیا بێتە ئاراوە، چوونکە کەس نەزانێت، سەرکردەکاتی دەتەپە دەزانن رۆڵی ئۆجەلان چەند گرنگ و پڕ بایەخە لە پێشخستنی دۆزی نەتەوەیی گەلی کورد لە باکوور، بۆیە ئەگەرچی ئەحمەد تورك سیمایەکی دیار و کاریگەیش بێت، بەڵام ناتوانێت هەمان ئەو رۆڵە ببینێت کە ئۆجەلان دەتوانێت لەسەر شانۆی رامیاریی ئەو بەشەی کوردستان ئەدای بکات، تەنانەت هیچ ئاشتیی و رێککەوتنێك نییە بێ ئۆجەلان و رۆڵی ئەو سەرکردەیە بتوانێت کەمترین سەرکەوتن بەدەستبهێنێ.

لێرەوە پرسیارێك دێتە پێشەوە: ئایا ئۆجەلان لە زیندانەکەیەوە لە دوورگەی ئیمراڵی دەتوانێت کۆمەکی پرۆسەکە بکات و بگرە ببێتە کۆڵەکەی ئاشتییەکی سەرتاسەریی لە ولاتدا؟ بێگومان وەڵامی راستەقینە ئەوەیە: هەتا تورکەکان نەگەنە بڕیاری ئازادکردنی ئۆجەلان، بیرکردنەوە لە ئاشتیش کارێکی مەحاڵە، چوونکە لەسەر ئەم هەسارەیە هیچ گەلێك نییە بتوانێت لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا دانوستان بکات لە کاتێکدا سەرۆکەکەی لە زیندانی ئەواندا بێت، پێشمەرجی ئاشتیی و نیەت پاکی ئاشتیی لە هەنگاوی ئازادکردنی ئۆجەلانەوە پێدەنێتە سەر ئەرزی واقیع و ئومێدبەخش دەبێت بۆ داهاتووی هەردوو گەلی کورد و تورك. بۆ ئەوەی زۆر درێژەی پێنەدەم و بگەڕێمەوە سەر پرسیارێك کە ناونیشانی وتارەکەمانە: ئایا دەبێ تورکیا لەگەڵ کێ دانوستان بکات

بۆ چارەسەری کورد؟ لە وەڵامدا هیچ ژیرێك نییە بۆ بەرسڤی ئەم پرسیارە نەڵێت، لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلان.

تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە (660) رۆژنامەی (کوردستان راپۆرت) لە رۆژی 2\7\2009 بڵاوبۆتەوە



# ئابووری

## پردی پەیوەندیی نێوان کوردستان و تورکیا

رەنگە چرکەساتی سەردانی سەرۆك وەزیرانی تورکیا "ئەردۆگان" بۆ هەولێری پایتەخت، یەکێك بێت لە ساتەوەختە مێژووییەکانی پەیوەندیی نێوان هەردوولا، هەروەك سەرۆك وەزیرانی تورکیا خۆی لەناو ئەو فڕۆکەیەی گەشتی پێکردبوو بۆ هەرێمی کوردستان بە رۆژنامەنووسە یاوەرەکانی لەوانە "چەنگیز چاندار"ی وتبوو، ئەم پەیوەندییە دوای ئارامگرتن و حەوسەڵەیەکی زۆر بە دەستهاتووە.

بۆیە چاندار لای خۆیەوە ئەو سەردانە وەك رووداوێکی مێژوویی لە قەڵەم دەدات. لە باری واقیعیشەوە کۆتاییهێنان بە دڕدۆنگی نێوان هەردوولا و هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لە پەیوەندیی دیبلۆماتی و بازرگانی، رووداوێکی سادە نییە سەبارەت بە هەر لایەك، هەر خودی سەردانکردنی یەکەم جاری سەرۆکێکی تورکی بۆ کوردستان رووداوێکی ناوازە و شایەنی خوێندنەوە و هەڵوەستە لەسەرکردنە.

ئەوەی ئێمە مەبەستمانە لێرەدا دووبارە قسەکردن نییە لە بارەی بایەخی سەردانەکەی ئەردۆگان بۆ کوردستان، بەڵکو دەمانەوێت باسی ئەوە بکەین چۆن و بە چ میکانیزمێك دەتوانرێت ئەم پەیوەندییە دۆستایەتییەی نێوان تورکیا و هەرێم درێژەی پێبدرێت؟.

له دەسپێكدا دەبێت لەو فاكتە تێبگەین، توركیا دەروازەیەكی گرنگی نێوان رۆژهەلأت و رۆژئاوایە، یان خاڵی بەیەكگەیشتنیانە، هاوكات بۆ ئەمەریكا و كۆی وڵاتانی تری رۆژئاوایی بایەخێكی ئێجگار گەورەی هەیە، چوونكە تاكە دەوڵەتی سكۆلار و دیموكراتی ناوچەكەیە و هاوپەیمانێكی دێرینی رۆژئاواییەكانە بە تایبەت ئەمەریكییەكان.

بە كۆتاییهاتنی رژێمەكەی موبارەك، كێرڤی پەیوەندییەكانیشی لەگەڵ ئیسرائیل زیاتر هەڵدەكشێت. لە رووی ئابوورییەوە، توركیا چیتر لە ریزی دەوڵەتە هەژارەكاندا نییە، ئاستی داهاتی ساڵأنەی تاكەكەس بۆ 10 هەزار دۆلاری ئەمەریكی بەرزبۆتەوە، چینی ناوەند كە لایەنگری لیبرالیزم و كرانەوەیە لە گەشەكردنێكی خێرادایە، لە بواری مافەكانی كوردیشدا رژێمی ئێستا ئەگەر وەك پێویستیش نەبێت كۆمەڵێك هەنگاوی ناوە. كەواتە توركیا سەبارەت بە ناوچەكە و جیهان بە گشتیی و كوردستان بە تایبەتی، بایەخی سیاسیی و ئابووری گرنگی هەیە.

بە بڕوای من، پەیوەندیی ئابووری و بازرگانی لە نێوان هەرێم و توركیادا، یەكێكە لەو میكانیزمە گەورانەی كە دەتوانێت سوودێكی دوو سەرە بگەیەنێت، كوردستان لە بواری پێشخستنی ئابووری و ئاوەدانكردنەوەدا دەتوانیْ سوودی زۆر وەربگرێت، توركیاش لە رێی سەرمایەگوزارییەوە ئەو مافەی دەبێت قازانجێكی ئابووری باش بەدەستبهێنێت، ئەوەش راستەوخۆ كاریگەریی دەبێت لەسەر دۆخی كوردەكانی ناو توركیا، چوونكە دەوڵەت و چینی ناوەڕاستی لایەنگری

بازاڕی ئازاد، هەمیشە ناچارن دەرفەت بۆ ئاشتی بدۆزنەوە، دیارە کێشەی کوردیش یەکێك لەو کێشە گەورانەی تورکیایە کە وا بیری لێکراوەتەوە، بە ئاشتی چارەسەر بکرێت.

مستەفا ئاچار، مامۆستای ئابووری لە زانکۆی کرك کالا پێیوایە "ئێستا لە کاتی چارەسەرکردنی کێشەی کورددان، ئەمەش هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی هەیە". بە وتەی ئەو "ئەمڕۆ لە دونیایەکدا دەژین سنوورەکان وردە وردە کاڵ دەبنەوە و ئابوورییەکان بەیەکەوە دەبەسترێنەوە، تورکیا پردێکە بۆ گواستنەوەی نەوتی عەرەب و غازی ئاسیا بۆ ئەورووپا، بۆ ئەمەش پێویستە ئاسایش هەبێت، بۆ دابینکردنی ئاسایش و ئارامیی، سەرەتا دەبێت کێشەی کورد چارەسەر بکرێ".

بەم پێیە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ناوخۆی تورکیا، بەشێوەیەکی سەرەکیی باکگراوەندێکی ئابووری لە پشتەوەیە. لەوە زیاتریش تەنانەت باشتربوونی پەیوەندییەکانی ئەو وڵاتە لەگەڵ هەرێمی کوردستان، ئەگەر بەشێکی بۆ پەیوەندیی دیبلۆماتی نێوان هەردوولا بگەڕێتەوە، ئەوە بەشی زۆری بۆ ئەو پەیوەندییە بازرگانی و ئابوورییە دەگەڕێتەوە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا لە نێوان هەردوولادا هەبووە.

بەپێی راپۆرتێکی رۆژنامەی "نیویۆرك تایمز" لە کۆتایی ساڵی 2010. زیاتر لە 1200 کۆمپانیا لە هەرێمی کوردستاندا سەرمایەگوزاریی دەکەن، 700 لەوانە کۆمپانیای تورکین. رۆژانەش 1500 کامیۆن

"بارهەڵگر" لە مەرزی ئیبراهیم خەلیلەوە پێداویستییە جۆراوجۆرەکانی بیناسازیی و پۆشاک و خۆراک و مۆبیلیات دەگوازنەوە بۆ هەرێم. لە حاڵی حازریشدا نزیکەی 15 هەزار وەبەرهێن و کرێکاری تورکی لە کوردستاندا کاردەکەن. تەنانەت قەبارەی بازرگانی نێوان هەردوولا لە ساڵی رابردوو 6 ملیارد دۆلاری تێپەڕاند.

جیا لەمەش رۆژانە لە رێی کونسوڵگەری تورکیاوە لە هەولێر 300 فیزا دەدرێت بە هاووڵاتیان بە مەبەستی گەشتکردن بۆ تورکیا. لە بواری کولتووریشەوە جگە لە زانکۆ، 19 قوتابخانەی تورکیا هەن کە ژمارەی خوێندکارەکانی لە 5000 زیاترن، لەسەر ئاستی پەیوەندیی دیبلۆماتیش، هەرێمی کوردستان 40 پرۆتۆکۆلی جیاجیای لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی و ئەنجوومەنی وەزیرانی تورکیا واژۆ کردووە. لە هەموو ئەمانەش گرنگتر هەنگاوی بەستنەوەی غازی کوردستانە لە رێی هێڵی نابۆکۆوە بە ئەورووپاوە، کە بێگوومان ئەو گواستنەوەیەش لە رێگەی تورکیاوە دەبێت. ئەویش هێندەی تر رۆڵی دەبێت لە قووڵکردنەوەی پەیوەندیی دۆستانەی نێوان هەرێم و کۆماری تورکیادا.

بەشێوەیەکی گشتیی ئابووری پردی پەیوەندیی دۆستانەی نێوان کوردستان و تورکیایە، دوا بە دوای ئەو سەردانە مێژووییەی ئەردۆگانیش، وەك موراد ئۆزچەلیك باڵیۆزی تورکیا لە عێراق وتی: پەیوەندیی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان زۆر بەهێز دەبن، پەیوەندییەکانیش دەگەنە ئاستێکی زۆر پێشکەوتوو. کردنەوەی کۆنسوڵخانە و بانکەکانی تورکیا، کردنەوەی هێڵی ئاسمانی تورکیش

ئێرلاین لەلایەن ئەردۆگانەوە باشترین نموونەیە بۆ ئەوەی ئێمە بڵێین پەیوەندیی بەهێزمان هەیە لەگەڵ هەرێمی کوردستان و کار دەکەین بۆئەوەی پەیوەندییەکانمان بەهێزتر ببن.

بێگوومان وەك لە پێشتریشەوە هێمامان بۆ کردووە باشبوونی پەیوەندیی نێوان هەرێم و تورکیا، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی کاریگەریی دەبێت لە پێشکەوتن لە دۆزی کوردانی باکووردا، چوونکە چینی ناوەندی تازە گەشەکردوو کە ئەکەپە نوێنەرایەتی دەکات و متمانەی بۆ چوار ساڵی داهاتووش بەدەستهێناوەتەوە نایەوێت خەونە ئابوورییەکانی خۆی بۆ جەنگێکی خوێناویی تاقیکراوەی فاشیل لە بار ببات، بەڵکو ڕێچکەی بۆ ئەوە گرتۆتە بەر بە ئاشتی "کە مەرجی گەشەی ئابووری و خێراتری چینی بۆرجوازیی تورکیایە" کۆی کێشە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی چارەسەر بکات.

تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە "5517" ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ" لە 28-6-2011 بڵاوکراوەتەوە.

# ئاپارتایدی کولتووریی لە باکووری کوردستان

## ئاکەپە دیوی دووەمی کەمالیزمە

دەوڵـەتی تورکیـا لـە مـاوەی زیـاتر لـە 80 سـاڵ لـە ژێـر رۆشـنایی ئایـدۆلۆجی نەتەوەپەرسـتانەی کەمالیزمـدا، بـە هـەموو میکـانیزم و فۆرمێك، گەلی کوردی چەوساندۆتەوە، ئەم چەوساندنەوەیەش هەموو رەهەندەکانی ژیـانی گرتۆتـەوە و هەوڵـدراوە گـەلێکی دێرینی خـاوەن رابردوویـەکی پرشـنگدار لـە بۆتـەی نەتـەوەی دووەمـدا "تـورك" بتوێنرێتەوە. لەم پێناوەشدا دەوڵەتی تورك هەر لە بیسـتەکانی سەدەی رابردووەوە تا دەگاتە ئەم دواییانەش سڵی لە جینۆساید و کوشت و بڕ، وێرانکردنـی کوردسـتان، نەکردۆتـەوە، چوونکە تاکـە زمـانی ئـەو دەوڵەتـە لەگـەڵ کـورد، تـەنێ ئـاگر و ئاسـن و توندوتیـژیی بـووە. لـەم روانگـەوە کـورد، کـەمالیزمی بـە دوژمنێکـی باوەکوژی خـۆی زانیـوە و کـۆی نەهامەتییـەکانی خۆیشـی خسـتۆتە گـەردنی ئـەو بیرۆکـە رەگەزپەرستییە.

وا دەبینـرا، حکوومـەتی ئاکەپـە، دوژمنێکـی پـەنهانی کـەمالیزم بێـت و رەگوریشەی ئەو ئایدۆلۆجییە عەلمانییە رادیکاڵە لە بنەوە دەربهێنێت، بـەڵام ئـەوەی لـە ئاسـتی پرسـی کـورددا هەسـتی پێدەکـەین، ئەوەیـە ئاکەپەش هەمان دیدی کەمالیزمی هەیە لە هەمبەر ئەو پرسە، ئەوەی

گۆڕاوە و جیاوازە، تەنیا تاکتیك و میکانیزمەکانی مامەڵەکردنە لەگەڵ دۆزی کورددا. من وەك خۆم پێموایە ستراتیجەکە هیچ نەگۆڕاوە، ئەوەی گۆڕاوە ئالیەتی ئیشکردنە. چوونکە ئەگەر پێشان، دەوڵەتی تورکیا وەك پارێزەرێکی راستەوخۆی کەمالیزم، بە ئاگر و ئاسن، بە کۆمەڵکوژیی و خاپوور و وێرانکردنی کوردستان و تەژیکردنی زیندانەکان لە ئازادیخوازانی کورد، نەتەوەی کوردی بندەست و ژێردەستە هێشتبێتەوە، ئێستا ئاکەپە لە رووی کولتووریی و فەرهەنگییەوە ئەم سیاسەتە دەباتە پێشەوە. ئاکەپە دەیەوێت فەرهەنگی نەتەوایەتی گەلی کوردستان لە بۆتەی فەرهەنگ و کولتووری تورکدا بتوێنێتەوە، یاخۆ بیکاتە بەشێك لە فەرهەنگی تورك.

یەکێك لەو رامیارییانەی ئاکەپە، لەو بوارەدا پەیڕەوی دەکات، بریتییە لە بەهێزکردنی مەدی ئاینیی و ئیسلامی لە ناو کوردەکانی باکووردا. ئەگەرچی کورد هەزار و چوار سەد ساڵە زیاترە موسڵمانە و بڕوای بە ئاینی ئیسلام هێناوە، بەڵام ئاکەپە هەوڵی تۆخکردنەوەی هەستی ئاینیی لە ناو کوردەکاندا دەدات، ئەمەش لە پێناوی گۆڕینی دیدی تاکی کورد لە نەتەوەخوازییەوە بۆ کۆسمۆپۆلۆتیزم. "د.یاسین جەیلان" بە وردیی ئەم سیاسەتەی ئاکەپە شی دەکاتەوە، لە رێی ئەو وتارەی لە رۆژنامەی "رادیکاڵ"ی تورکیدا لە ساڵی پار نوسیبووی. ناوبراو پێیوایە ئێستا چەکی نکۆڵیکردن لە ناسنامەی کورد لە کەمالیزمەوە بۆ ئاین گۆڕاوە.

سەرسوڕمانی خۆیشی دەردەبڕێت لەوەی لە کاتێکدا سەدان ساڵە کوردەکان ئاینی ئیسلامیان قبوڵکردووە، کەچی تازە بە تازە دەیانەوێت ئیسلام بکەنە تاکە ئایدیای کوردەکان. یاسین جەیلان پێیوایە ئەمە هەوڵێکی دوژمنکارانەی ئاکەپەیە و ئەوانەشی دەیانەوێت ئەو هەستە ئاینییەی کورد بەهێزتر بکەن، لە بنەماوە گوومان لە موسڵمانبوونی خۆیان هەیە، ئەوانەی دەیانەوێت کورد لە دەمارگیریی نەتەوەیی رزگار بکەن، خۆیان رەگەزپەرست و ناسیۆنالیستن.

بە بڕوای ئێمە ئاکەپە، بە میکانیزمی ئاین و لە رێگەی ئەو کرانەوە کەمەی لە بواری فەرهەنگیدا بە رووی دۆزی کورددا کردوویەتی، پیلانی هەیە کە بەهەمان شێوەی سەد ساڵی رابردوو، کورد وەك پاشکۆی تورك یان وەك تورکی شاخاویی بهێڵێتەوە. من پێموایە ئاکەپە باشتر لە کەمالییەکانی هەنووکە لە سیاسەتی نێودەوڵەتیی و ئەو گۆڕانکارییانە تێگەیشتوون کە سیستمی نوێی جیهانی هێناونی، بۆیە هەوڵدەدەن جەنگی گەرم لەگەڵ کورد بگۆڕن بۆ جەنگی سارد، بۆ جەنگی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی و کولتووریی، بۆ جەنگێك کە تاکێکی کورد لە باکووری کوردستان بەرهەم بهێنن هیچ پەیوەندییەکی بە مێژوو و کولتووری نەتەوایەتی خۆیەوە نەمێنێت، بەڵکو لە باشترین حاڵەتدا موسڵمانێکی بێ خەوش بێت و هەموو موسڵمانێك بە برای خۆی بزانێت، بێ ئەوەی هیچ کەس لەم دونیایە هەبێت ئەو بە برای خۆی بزانێت.

نووسەری تورك "ئیحسان ئەلیاچك" پێیوایە "دەسەلاتی ئاکەپە، ئاین وەك ئەفیون بەکاردەهێنێ، ئەوەش واتای دیزە بەدەرخۆنەکردنی پرسی کورد دەگەیەنێت". لەم روانگەوە من هیچ گەشبین نیم، بەرامبەر ئەو کرانەوە کەمەی لە ئاستی پرسی کورددا هەیە لە باکووری کوردستان، چوونکە دەوڵەتی تورك بە دەست کەمالیزم یان ئیسلامیزمی وەك ئاکەپەوە بێت، هەوڵی چڕ و تێر و تەسەل دەدەن بۆ ئەوەی گەلی کورد لە بندەستیدا بهێڵنەوە.

خولاسەی کەلام ئەوەیە، ئەوەی ئێستا لە باکووری کوردستان دەگوزەرێت، نە کرانەوەیە بە رووی مافەکانی کورد، نە پێدانی مافە فەرهەنگییەکانە، بەڵکو فۆرمێکی ترسناکی ئاپارتایدی کولتوورییە، مۆدیلێکی زۆر مەترسیداری سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی گەلی کوردە. ئەمەش هەموومان دەباتەوە سەر ئەو کەڵکەڵەیەی، ئاکەپە، ئەگەرچی دوژمنایەتی زۆری هەیە لەگەڵ دیدگای کەمالیزم، کەچی لە پرسی کورددا هاوڕایە لەگەڵی. بەم بۆنەوە و بەوپەڕی قەناعەتەوە دەڵێم لە بەرامبەر پرسی نەتەوەیی کورددا ئاکەپە دیوی دووەمی کەمالیزمە.

تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە "533" رۆژنامەی "میدیا" لە رۆژی 29-5-2012 بلاْوکراوەتەوە.

# پرسی تیرۆر لە نێوان پەکەکە و تورکیادا

به پلەی یەکەم و سەرەکیترین پاساوی دەوڵەتی کەمالیستی تورکیا بۆ سەرکوتکردنی جووڵانەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان لە باکوور و دژایەتیکردنی پارتی کرێکارانی کوردستان بەهانەی تیرۆریستبوون و بەرپاکردنی توندوتیژییە لە وڵاتی تورکیا. ئەسڵی هاوکێشەکە لێرەوە دەست پێناکات چەند دەستە و یەکەیەکی گەریلا یان ئەندامانی P.K.K پەلاماری بنکە سەربازیی و ستراتیژییەکانی دەوڵەتی تورکیا دەدەن. ئەمە قۆناغێکی لە دواترە و دەشێ ئێمە وردتر بە دوای رەگوریشەی پیادەکردنی ئەو توندوتیژییانەدا بچین، ئاخۆ کێ بەرپرس و گوناهباری یەکەمە؟.

بێگومان زەبر و زەنگی گەلی کوردستان لەوێندەرێ لە خۆیدا کردار نییە، بەڵکو پەرچەکردارە. بە واتایەکی تر کاردانەوەیەکە لە ژێر پاڵەپەستۆیەکی زۆر بەهێز و کاریگەری توندوتیژیی. ئەوە دەوڵەتی کەمالیستی تورکیایە لە ماوەی 82 ساڵی رابردوو لەسەر ئاستی دەوڵەتی تیرۆری بەڕێوە بردووە نەك گەلی کورد. ئەوە دەوڵەتی تورکیایە ماوەی هەشتا ساڵی تەواوە زمانی کوردیی وەك تریاك و حەشیشە یاساغ کردووە. ئەوە دەوڵەتی تورکیایە خاوەنی تیۆری زمانی خۆر و هەزار و یەك تیۆری تری رەگەزپەرستی و تورکپەرستییە. ئەوە ژاندرمە و سوپای تورکیایە گوندەکانی کوردستان وێران و کاول دەکات. ئەوە

دەوڵەتی تورکیایە هەموو مافێکی مرۆیی و سەرەتایی لە ئینسانی کورد سەندۆتەوە و دیلی تۆرانیزمی کردووە.

ئەوە دەوڵەتی تورکیایە شێخی پیران و پۆل پۆل شۆرشگێرانی کورد لە سێدارە دەدات و شۆرشی ئاگریداخ و دێرسیم بە زەبری تیرۆر و سووتاندن دەپوکێنێتەوە. ئەوە دەوڵەتی تورکیایە شەمزینان تێکەڵ بە ئاگر و خوێن و فرمێسك دەکات. ئەوە دەوڵەتی تورکیایە نەخشەی دوور و درێژی لە بەردەستە بۆ لەنێوبردن و ژینۆسایدی تێکڕای گەلی کورد. ئەوە دەوڵەتی تورکیایە دەیەوێ بە تازەترین چەکی ناتۆوە لەشکرکێشی بکاتە قووڵایی پارچەیەکی رزگارکراوی کوردستانەوە.

ئەوە دەوڵەتی تورکیایە خاکی کوردستانی داگیرکردووە و گەلەکەی لە ژێر سایەی ستەم و زۆردا راگرتووە، ئاخر هیچ کات کورد خوازیاری پێکەوەبوون نەبووە لەگەڵ تورکدا لە سنووری دەوڵەتێکدا، بەڵکو کورد لە کاتی داڕووخانی تەواوەتی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریای عوسمانلییەوە (پیاوە نەخۆشەکە) چاوەڕێی رزگاربوون و دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی دەکرد و دەیویست بە هەر نرخێك بووە لە ژێر چنگی داگیرکەرانی فارس و تورك بێتە دەرێ.

(سێر ئەرنۆڵد ویلسن) ئەفسەری بەریتانی لە بیستەکانی سەدەی رابردوو لە بەغداد، باسی بارودۆخی کوردەکانی ئەوسا دەکات و دەڵێت (کوردەکان نە دەیانەوێ لە ژێر دەسەلاتی تورکدا بمێننەوە، نە دەشیانەوێ بخرێنە ژێر دەسەلاتی عێراقەوە). ئاشکرایە کورد داوای دەوڵەت و قەوارەی سەربەخۆی کردووە و ویستوویەتی لە بارودۆخی

گـۆڕاوی دوای بڕانـەوەی جـەنگی یەکـەمی جیهـانی کـەڵك وەربگـرێ و هـەنگاو بـە ئاقـاری دەوڵـەتی نەتەوەییـدا بنـێ، بـەڵام بارودۆخەکـە بـە قـازانجی کـورد نەچـۆیە پێشـەوە و بەرژەوەنـدیی زلهێزەکـانی بـراوەی جـەنگی یەکـەمی جیهـانی وای خواسـت کـورد دابـەش بکرێـت بەسـەر چەند وڵاتێکی دەوروبەریدا، بەمەش قۆناغی نەهامەتییەکانی کـورد کە تا ئەمڕۆش بەردەوامە دەستیپێکرد.

لینین له کتێبی (حرکة شعوب الوطنية التحرريه) دەنووسێ (هەر گەلێك دوور لە بڕیار و خواستی خۆی، خرایه سەر خاك و گەلێکی دیکە، ئەوە گەلێکی دەست بەسەردا گیراوه). کوردیش دوور لـه خواست و بڕیاری خـۆی بـه خـەڵك و خاکـەوه بەسـەر چـوار دەوڵـەتی کۆنەپەرسـتی ناوچەکەدا دابەشکرا کە هەر چواریان هەڵگری دیدی نەتەوەپەرستیی و توندوڕەویی مەزهەبین.

دەوڵـەتی تورکیـا یـەکێك لـه دڕەنـدەترین ئـەو دەوڵەتانـه بـوو کـوردی بەسـەردا دابەشـکرا، هـەروەك ئاماژەم بـۆکرد کارنامـە و بیلبیۆگرافیـای تاوانەکانی دەوڵەتی تورك ئاشکرا و روونه و لەژماردن نایەن. سەرەڕای جینایەتەکانیشی دەوڵەتی تورکیا دەیەوێ بە میکانیزمی پڕوپاگەنده و چەواشـەکردنی رای گشـتی جیهـانی هێزێکـی خـەباتکاری کـوردی وەك پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان بـه تیرۆریسـت لـه قەڵـەم بـدات و بیکاتـه بیـانووی سـەرکوتکردنی زیـاتری هاووڵاتیـانی کـورد و تێکشـکاندنی بزاڤی نیشتمانی گەلی کورد.

ئەمڕۆ لە هەر کاتێکی تر زیاتر تورکیا مکوڕە لەسەر ئەو ئەجێندەیە و تەنانەت سەروەریی بەشێکی رزگارکراوی کوردستان پێشێل دەکات و بە ویستی خۆی لەشکرکێشی دەکات. راستە P.K.K لە ماوەی سالآنی رابردوودا بە هێزی عەسکەریی و چالاکی شۆڕشگێڕانە وەلآمی کردەوەکانی ژاندرمە و دەولەتی ژەنەراڵەکانی داوەتەوە، بەلآم ئەو رێگەیە کورد و P.K.K هەڵیاننەبژاردووە بەڵکو بە زۆر بەسەریاندا سەپێنراوە.

پەکەکە هەموو کات ئامادەبووە دیالۆگ لەگەڵ دەولەتی تورکیا بکات بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی کورد، بەلآم بە تەنگەوە هاتن هیچ کات لەلای لایەنی بەرامبەر نەبووە، بۆیە بە ناچاریی مەوجەکانی توندوتیژیی جارێکی تر دەستپێکردۆتەوە. من توندوتیژیی P.K.K ناودەنێم زەبر و زەنگی ناچاریی. نووسەری خەڵکی گواتیمالا (ئانخل ئاستۆریاس) دەنووسێ (بە لای منەوە توندوتیژیی چەکێکە وەك هەموو چەکێکی تر، دەبێت لە کاتی لە بار و گونجاودا بەکاربیهێنی).

ئاخر ناکرێ تۆ بە دیار سەرکوتکردنی گەلی کوردەوە دابنیشیت و خۆت بە ئۆپۆزیسیۆن بزانیت، بۆیە ناچار کاردانەوەت دەبێ، بێگومانیش تاکە رێگا هەر زەبروزەنگی شۆڕشگێڕانەیە، چوونکە دەولەتی تورکیا هەموو دەرگاکانی بە یەکگەیشتن و لێکحاڵیبوونی داخستووە. کەواتە پێویستە لە کاتی لەبار و موناسیبدا توندوتیژیی وەك چەکێك رۆڵ بگێرێت. هەندێکجار گوێمان لەوە دەبێت دەولەتی تورکیا ئەو فۆرم و تاکتیکانەی گەریلا بەکاریدەهێنێت لە جەنگ و رووبەڕووبونەوە

سەربازییەکاندا بە تیرۆر و جەنگی فریودەرانە لە قەڵەم دەدات، لە کاتێکدا ژەنراڵەکان لە هەموو کەس باشتر دەزانن جەنگ هونەرە و یاسا و پرنسیپ و فێڵ و فریووودانی تایبەت بە خۆی هەیە و هەرئەوانەش زامنی سەرکەوتنی جەنگ دەکەن.

لەم بارەوە رای دکتۆر (ناجی تکریتی) بە نموونە وەردەگرین کە دەڵێ (هەر لە کۆنەوە گوتراوە، جەنگ فریودانی بەرامبەرە، گورز وەشاندنی یەکەم کاریگەریی دەبێت لە تێکشکاندنی هەیبەتی دوژمن). تاکتیك و فریودانەکانی گەریلا ناچێتە قاڵبی تیرۆرەوە بە قەدەر ئەوەی لە سنووری هونەرەکانی جەنگ و هێرشکردندایە. خۆ ناکرێ تۆ رێوشوێنی سەربازیی و فۆرمی هێرشکردن و رووبەڕووبوونەوەت بۆ دوژمنەکەت ئاشکرا بکەیت، ئەمە لە هیچ لۆژیکێکی سەربازیی و سیاسیدا جێگەی نابێتەوە!!. ئەگەر دەوڵەتی تورکیا ئەوە بەدەستدرێژیی بۆ سەر دەوڵەتەکەی دەزانێ، رێگای لە بەردەمە بۆ دەربازبوون، تاکە رێگاش سەلماندنی مافی گەلی کوردە لەسەر خاکی کوردستان.

باوەڕم وایە نابێت پەرچەکرداری P.K.K بە دەستدرێژیی و سنووربەزێنی لە قەڵەم بدرێت، چون (مەسعود محەمەد) وتەنی (کورد لە حاڵ و بارێکدا نەبووە دەستدرێژیی لێبوەشێتەوە، ئەوەی تێلای کوردی بەرکەوتبێت خۆی هاتۆتە بەر تێلاکەی) .ئاخر ئەوە کورد و P.K.K نییە خاکی تورك و مافی تورکی زەوت کردبێت، بەڵکو ئەوە تورکە وڵاتی کوردانی داگیرکردووە، ئەوە کورد و گەریلا نییە تیۆری

زمانی خۆری کردبێتە دروشم، بەڵکو ئەوە دەوڵەتی تورکە، ئەوە کورد و P.K.K نییە شەش سەدە بێت وڵاتی تورك پارچە پارچە بکەن و گوندەکانیان خاپوور بکەن و هاووڵاتیانیان ئاوارەی تاراوگە بکەن، بەڵکو ئەوە پێچەوانەکەیەتی.

کاتێك تورك و دەوڵەتەکەیان بەر تیڵای کورد دەکەون ئۆباڵەکەی لە ئەستۆی خۆیانە، چوونکە ئەوان سەرچاوەی نائارامیی و کارەسات و جەنگ و هەموو ئەو رەهەندە خراپانەن بە هۆی چەوساندنەوەی کوردەوە سەرچاوەیان گرتووە. لاموایە بالۆرەی بە تیرۆریست لە قەڵەمدانی P.K.K و تەڤگەری رزگاریخوازی کورد تەنیا دەتوانێ سەرانی تورك و هاوپەیمانەکانیان رازی بکات و هەموو ئەوانیتری دەرەوەیان چاك لەوە گەیشتوون P.K.K نوێنەری دۆزی رەوای گەلێکە.

کورد دەیەوێ لەسەر خاکی خۆی دەسەڵات وەدەست بگرێت و کۆتایی بە داگیرکاریی بهێنێ، بۆ ئەو مەبەستەش رێگای سیاسەت و جەنگ هەر کامیانی بەسەردا سەپا بووبێ گرتوویەتییە بەر، هەرچەندە زۆربەی جار سیاسەت ئاوێزانی توندوتیژیی و جەنگ بووە، میلز دەڵێ (هەموو سیاسەتێك جۆرێکە لە کێشمەکێش لە پێناو دەسەڵاتدا، توندوتیژییش دوا پلەی دەسەڵاتە). سیاسەتی کوردییش کێشمەکێشی کردووە بۆ بەرقەرارکردنی دەسەڵاتی نەتەوەیی و کۆتاییهێنان بەعەهدی داگیرکەرانی کوردستان، جا با ئەم سیاسەتە گەیشتبێتە دوا پلەکەشی کە توندوتیژییە.

ماوەتەوە بڵێم تورکیا ناتوانێت بە تیرۆریست لە قەڵەمدانی P.K.K کێشەی کورد کۆتایی پێبهێنێت و داگیرکارییەکانی ناگاتە دوا قۆناغ و وێستگە، لەبەرئەوە وەهمێکی ترسناکە وا بیربکاتەوە بە کۆتایی هێنان بە P.K.K (کە کارێکی ئەستەمە) لەگەڵیدا کۆتایی بە دۆزی گەلێك دێ. دەوڵەتی تورکیا تاکە یەك رێگای لە پێشە ئەویش سەلماندن و چەسپاندنی گشت مافەکانی نەتەوەی کوردە، لەم رێگەیەوە ئاشتی و هێمنی یەکجاریی لە تورکیا مسۆگەر دەکرێت. ئەگەر دەوڵەتی تورکیا خوازیاری ئاشتی و بەرقەراربوونی ئاسایشە پێویستە لە سەرەتای هەنگاودا بە ئەندازەیەك مافی کورد بە رەسمی بناسێ تەنانەت رێگر نەبێت لەبەردەم دەوڵەتی کوردیدا، ئاخر ناپلیۆن، وتەنی (تەنیا بە گوتنی ئاسایش و ئاشتی، هێمنی بەرقەرار نابێت).

تێبینی: ئەم وتارە لە رۆژنامەی (رۆژی ولات) لە ساڵی 2006 بلاوبووەتەوە.